# له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

٢٠١٨




| ناسنامەی کتێب |
|---|
| ناوی کتێب: لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: دیکۆمێنتاری |
| تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – چاپی یەکەم – تیراژ: ١٠٠٠ دانە |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان– هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤١٨ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە. |
| شوێنی نووسین: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ڕێکەوتی نووسین و ئامادەکردنی: ( ٢٠١٤/٨/٣ تاکو ٢٠١٤/١٢/١ ) |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

# پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ١٠ |
| بەشی یەکەم: له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان | ١٢ |
| ئەوانەی دەمردن دەمان خستنه ژێر تاشه بەردەکان | ١٣ |
| جەنازەی ئامۆزاکانم لەسەر شەقامەکان بێ خاوەن کەوتن | ١٣ |
| بۆنی لاشەکان دەهات | ١٣ |
| بەهۆی بێ ئاوی و برسیەتیەوە توانا و هێزمان نەمابوو | ١٤ |
| لاشەکانیان بەسەریەکدا دەکەوتن | ١٤ |
| منداڵە بچوکەکان بە دوای دایکیان ڕایان دەکرد و دەگریان | ١٤ |
| لاشەکانیان بوو بە خۆراکی سەگەکانی سەر شەقام | ١٤ |
| ئاژەڵەکانیش بەر فیشەکەکان کەوتن | ١٥ |
| هەندێك ڕۆژ هیچمان نەبوو بیخۆین | ١٥ |
| شوبراکەم کەم ئەندام بوو دەستگیرکرا | ١٥ |
| دەرگایان لە سەر خۆیان داخستووە | ١٥ |
| لە روخ شەقامەکان چەندین لاشەی لێبوو | ١٦ |
| دەنگی تەقە لە دوورەوە هات و ئیتر نەگەڕانەوە | ١٦ |
| ئەو ڕۆژە جەژنی ئێمە بوو | ١٦ |
| ئاوارە بووین لە وڵاتەوە بۆ وڵات | ١٦ |
| هەواڵی مردنی کوڕەکەیان پێ گەیشت | ١٧ |
| بەرەو چیا ڕامان کرد | ١٧ |
| دایکم و خوشکم و براکانم | ١٧ |
| لاشە لە سەر لاشە کەوتووە | ١٨ |
| کچێکی شێت لاشەکەی بە مردوویی لە چیاکە کەوتبوو | ١٨ |
| دایك و باوکم لە ماڵەوە بەجێهێشتن | ١٨ |
| شنگالیان وێران کرد | ١٨ |
| لە پێش چاوم باوك و براکانم ڕەمی کران | ١٨ |
| لە چاوەڕوانی هاوسەرەکەمدام | ١٩ |
| دوای لە دایك بوونی منداڵەکە ڕێگامان گرتەبەر | ١٩ |
| هەر نەهاتن | ٢٠ |
| کوا دایك و باوکمان | ٢٠ |

| | |
|---|---|
| پێڵاو و جل و بەرگیشمان نەبوو | ٢٠ |
| دوو جووتە پێڵاوی زیادەی بە توندی لە باوەش گرتبوو | ٢٠ |
| هیچمان نەبوو | ٢١ |
| سێویك و لەتێکی نانی وشك | ٢١ |
| گەمە کردن بە ئاو و خۆڵ | ٢١ |
| لەم چیایە ڕۆژانە چەندین جار دەمردین | ٢١ |
| مرۆڤ بەم شێوە دڕندەیە مرۆڤ بکوژێت | ٢١ |
| ئاوم خواردەوە | ٢٢ |
| من فرمێسکی چاوەکانم دایە منداڵەکانم | ٢٢ |
| رادێتەری ئۆتۆمبێلمان شکاند و ئاوەکەمان دایە منداڵەکان | ٢٢ |
| قەمیسەکەی بە توندی گوشی و ئاوی ئارەقەکەی دا بە من | ٢٢ |
| هاوارە ... ئەوان ئاینی ئێزیدییان لە ناو برد | ٢٣ |
| (هەڵەبجە)ی دووەمە | ٢٣ |
| سەر و قاچی منداڵەکانیشیان بڕی | ٢٤ |
| چیایەکی بێ سێبەر | ٢٤ |
| بیری هاورێکانم دەکەم | ٢٤ |
| کڕین و فرۆشتنی کچان | ٢٤ |
| هەر ماڵێك ئالایەکی سپی هەڵبدەن | ٢٥ |
| منداڵم بینی لاشەیان لەت لەت کرابوون | ٢٥ |
| دوای موسلمانبوونیان بێ بەزەییانە دەیان کوژن | ٢٥ |
| داعش بازرگارنی بە ئافرەت دەکەن | ٢٥ |
| یەك و دوو و سێ کەس نەبوون | ٢٦ |
| بە جەستە زیندوون بەڵام دڵ و دەرونیان شکاوە | ٢٦ |
| کچێکی سپی پێست و بالا بەرز | ٢٧ |
| کۆخەی مناڵە بچوکەکە و تەنگەنەفەسی منداڵەکەی تر بە درێژایی ڕێگا | ٢٧ |
| کوڕ و هاوسەر و حەوت کەس لە پیاوانی خانەوادەکەم | ٢٨ |
| شاها و گەڕان بە دوای ئاو دا | ٢٨ |
| چارەنووسی خوێندنم | ٢٨ |
| بە نهێنی دەچوینە گوندێکی نزیك | ٢٩ |
| کراسەکەم دڕاند و کردمە پێڵاو بۆ منداڵەکان | ٢٩ |
| کە هاتە دونیا شیر و جل و بەرگی نیە | ٢٩ |

| | |
|---|---|
| تەمەنی کەمتر لە(٢٤)کاتژمێر بوو | ٣٠ |
| زۆر لاشەم لە سەر شەقامەکان بینی | ٣٠ |
| خێزان و منداڵەکانم | ٣٠ |
| لەبەر ئێمەی ئێزیدی دەگرێم | ٣٠ |
| ئێمە هیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکەین | ٣١ |
| ئاڵاکەیان گۆڕی | ٣١ |
| نیازم وایە ناوی بکەمە(حزنا) | ٣١ |
| باپیرە ١٠٠ ساڵانەکەی | ٣١ |
| خۆزگە لە پایسکل سوار دەبوومەوە | ٣٢ |
| ئەفلام کارتۆنی "تۆم و جیری" | ٣٢ |
| نازانم کوا ؟ | ٣٢ |
| منداڵانی دونیا لە خۆشترین پاڕکن | ٣٢ |
| منداڵانی جیهان بە هانامان وەرن | ٣٣ |
| ساڵی ئاینده لە کوێ دەخوێنم | ٣٣ |
| من دەمەوێ یاری بکەم بەڵام شوێنمان نیە | ٣٣ |
| کوا دایکمان؟! | ٣٣ |
| هاوار خوشك و براکانم | ٣٣ |
| بوکەکەم بە سێ کچەوە دەستگیر کراوە | ٣٣ |
| هاوسەرەکەم و هەرسێ منداڵەکانم | ٣٤ |
| ئێمەیان بردووەتە سوریا | ٣٤ |
| ئێمە برایەتی عەرەبمان ناوێ | ٣٤ |
| خەڵکی بارزانیش سەردەمانێك وەك ئێمە ئاوارە و دەربەدەربوونە | ٣٤ |
| ئەوە رەفتاری برا موسڵمانەکان نیە | ٣٥ |
| مردن لە شنگال باشترە لە خۆشی ژیانی ئەوروپا | ٣٥ |
| ئێمە هەر دەگەڕێینەوە | ٣٥ |
| تەرمەکانیان فڕێدەدەن | ٣٦ |
| ئەڵماسەکەم (هاوارە حەقە خودێ) | ٣٦ |
| منداڵە مردووەکەی سەر چیای شنگال | ٣٧ |
| هەمان شێوەی منداڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە | ٣٧ |
| لە ڕێی خوا کەسێك یارمەتیم بدات | ٣٨ |
| ئافرەتێکم بینی منداڵەکەی فرێدا | ٣٨ |

| | |
|---|---|
| مردنێکی وامان پێ باشتره | ٣٨ |
| پێنج سیسی ئاو، به (٣٠٠) دۆلار نەدەکردرا | ٣٩ |
| ئەی منداڵەکان گوناحیان چیه؟ | ٣٩ |
| کۆمەڵێك دز و جەردەن له ژێر پەردەی ئیسلام ئەم کارانه دەکەن | ٣٩ |
| شیرمان نەبوو | ٣٩ |
| منداڵەکەی لەم چیایه به جێ هێشت | ٤٠ |
| هەندێك گەنم | ٤٠ |
| هەواڵی کوڕەکەم نازانم | ٤٠ |
| دۆخی ئاوارەکانی شنگال له سەر چیا و دوای دابەزینیان | ٤٠ |
| هەموو ئەو پیاوانەمان به کوژراوی بینی | ٤١ |
| بەو پیرییه به هۆی ترسی ئەو دڕندانه ڕێگای چیامان گرته بەر | ٤١ |
| ناوی دەکەینه (ڕەڤۆک) واتا هەڵاتوو | ٤١ |
| پیاوی مردوو، له ناو گۆمی ئاو فڕێ درابوون | ٤٢ |
| دوای مردنی منداڵەکەی خۆی له چیا فڕێ داوەته خوارەوه | ٤٢ |
| با فڕۆکه بێت و ئەو شوێنه بۆردومان بکات | ٤٢ |
| جەستەمان له بەر ئەم تیشکی خۆره سووتاوه | ٤٢ |
| خۆشیمان بۆ بگەڕێتەوه | ٤٢ |
| ڕاکەن داعش هات | ٤٣ |
| داعش نەبوون دز بوون | ٤٣ |
| رەنا بیری دایکم دەکەم | ٤٤ |
| له ئاودەستی ماڵەوەدا خۆمان شاردبووەوه | ٤٤ |
| سەرچاوه و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم | ٤٥ |
| بەشی دووەم: تراژیدیای ئێزیدییەکان له سەدەی بیست و یەکەمدا | ٤٦ |
| تراژیدیای (١) منداڵه مردووەکه | ٤٧ |
| تراژیدیای (٢) شایەتحاڵێك چیرۆکی "دۆزەخی شنگال" دەگێڕێتەوه | ٤٨ |
| تراژیدیای (٣) کۆچۆ گوندێکی جینۆسایدکراو | ٤٩ |
| تراژیدیای (٤) ئافرەتێکی شایەتحاڵی گوندی کۆچۆ چیرۆکی رزگار بوونی دەگێڕێتەوه | ٥٦ |
| تراژیدیای (٥) خەمی دایکم ئەوه بوو منداڵەکانی له برسا نەمرن بەڵام خۆی له تینوویەتیا مرد | ٥٧ |
| تراژیدیای (٦) ئازاد کردنەوەی دەوروبەری زوممار | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| تراژیدیای (٧) پیرەمێردە ٩٣ ساڵیەکە چۆن لە نێوان ١٦ بەساڵاچوو ڕزگاری بوو | ٦٠ |
| تراژیدیای (٨) چیرۆکی ئەو دایکەی منداڵە تینووەکەی لە چۆڵەوانیدا جێهێشت | ٦٢ |
| تراژیدیای (٩) لە دەستی داعش ڕزگاری بوو و پێنج منداڵی بە دنیا هێنا | ٦٣ |
| تراژیدیای (١٠) جینۆسایدی بنەماڵەی (کزا)ی گوندی شکعو | ٦٤ |
| تراژیدیای (١١) کاتێك نۆرەیان هات، دەچن لە سەر دۆشەکەکە دەخەون | ٦٦ |
| تراژیدیای (١٢) کچێکی فرۆشراو: وا دەزانێ من دایکی ئەوم، بەڵام دایکی لە زیندانی داعشەکاندایە؟ | ٦٧ |
| تراژیدیای (١٣) کچەکەم بوکی سێ مانگی بوو گوڵلە باران کرا | ٦٨ |
| تراژیدیای (١٤) خێزانە ئاوارەکانی شنگال چاوەڕێی هەواڵێکی کەسوکاریانن | ٦٩ |
| تراژیدیای (١٥)بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات"مەسەلەی نامووس و شەرەف زۆر گرانە" | ٧٠ |
| تراژیدیای (١٦) جیرانە عەرەبەکانمان خیانەتیان لە ئێمە کرد | ٧٢ |
| تراژیدیای (١٧) هاوار... هاوار...تاوسی مەلەك | ٧٣ |
| تراژیدیای (١٨) جاسم دەیەوێت خانەوادەکەی ببینێتەوە | ٧٥ |
| تراژیدیای (١٩) ئاوارە ئێزیدیەکان و زیانە ئابورییەکان | ٧٦ |
| تراژیدیای (٢٠)چیرۆکی دوو منداڵی ئاوارەی کورد کە لە فەرەنسا چارەسەر دەکرێن | ٧٧ |
| تراژیدیای (٢١) سەدان کەس بە بێ خێزان | ٧٨ |
| تراژیدیای (٢٢) ئاوارە جوتیار و ئاژەڵدارەکانی شنگال باسی زیانەکانیان دەکەن | ٨٤ |
| تراژیدیای (٢٣) چیرۆکی سەربڕینی یوسف ئیبراهیم ختاری | ٨٧ |
| تراژیدیای (٢٤) دوای شاڵاوی جینۆسایدی ئێزدییەکان | ٨٨ |
| تراژیدیای (٢٥) چادرگای خانکێ لێوان لێو لە ئازار و ژان | ٩١ |
| تراژیدیای (٢٦) بە پێنج ملیۆن دینار ئازاد کران | ٩٤ |
| تراژیدیای (٢٧) ناوە ناوە بە دەستماڵەکەی فرمێسکی چاوەکانی دەسریەوە | ٩٦ |
| تراژیدیای (٢٨) لە سەر لافیتەکە نوسرابوو ئێمە ئێزیدین و پێویستیمان بە هاوکاری هەیە | ٩٧ |
| تراژیدیای (٢٩) دایکم زۆر بەتەمەن بوو لەوێ بەجێمان هێشت | ٩٨ |
| تراژیدیای (٣٠) دوای ڕزگاربوونیان وەك شێتیان لێ هاتووە | ٩٩ |

| | |
|---|---|
| تراژیدیای (٣١) شنگالییەکان دوای چوار مانگ گەڕانەوە بۆ ئۆتۆمبێلە جێماوەکانیان | ١٠٠ |
| تراژیدیای (٣٢) لە سەر شەقامی گشتی لاشەی کچ و کوڕێکم بینی | ١٠٢ |
| تراژیدیای (٣٣) باوکم گوللە باران کرا | ١٠٣ |
| تراژیدیای (٣٤) هەر کوردانی ئێزیدی و بەکۆیلەکردنی کیژۆڵەکانیان | ١٠٤ |
| تراژیدیای (٣٥)، (ئەی شێخی هۆزەکە، لە خودا ناترسن بەم کەش و هەوا گەرمە ئەم خێزانانە ئەبەنە سەر چیا خێزانەکان بگەڕێننەوە ماڵەکانیان پارێزراو ئەبن) | ١٠٩ |
| تراژیدیای (٣٦) منداڵە ئێزیدیەکان، لەبەرکردی قورئان یان زیندانی کردنیان لە توالێت! | ١١٢ |
| تراژیدیای (٣٧) تەنها بە ٤٠٠ هەزار دینار دوو کچی ئێزیدی کری | ١١٥ |
| تراژیدیای (٣٨) کچانی ئێزیدی و زامەکانی دوای بە کۆیلەکردن | ١١٦ |
| تراژیدیای (٣٩) گوندی سۆلاغ و جینۆسایدکردنی خانەوادەیەك | ١١٩ |
| تراژیدیای (٤٠)هەرسێ کچەکەم، خۆیان ل شاخێکدا فرێدایە خوارەوە | ١٢٢ |
| تراژیدیای (٤١)کاتێك سەرتان دەبڕن، ئێمە وێنەتان دەگرین | ١٢٣ |
| تراژیدیای (٤٢) بابا شێخ: کە چوومە لای مەسعود بارزانی ریشی گرتمو گریا بۆ حاڵی ئێزیدییەکان | ١٢٤ |
| تراژیدیای (٤٣) ئێزیدیەکان: وڵاتمان لێکرا بە دۆزەخ | ١٢٦ |
| تراژیدیای (٤٤) ژێر پرد و شوێنی حەوانەوە | ١٢٨ |
| تراژیدیای (٤٥) دوو منداڵەکە لە نازی دایك و باوکیان دابڕاون | ١٢٩ |
| تراژیدیای (٤٦) چوار مانگ مانەوە لە ژێر دەستی داعش دەکات | ١٣٠ |
| تراژیدیای (٤٧) ئێزدییەکی رزگاربوو: داعش سێ نەوەی بردم و یەکێکیان خۆی کوشت | ١٣١ |
| تراژیدیای (٤٨) ئێزیدییە رزگاربووەکان چۆن چیرۆکی ڕۆژانی ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش دەگێرنەوە؟ | ١٣٢ |
| ترازیدیای (٤٩) مهدی تەمەن ٩ ساڵان و بەسەرهاتەکانی چیای شنگال | ١٣٥ |
| تراژیدیای (٥٠) کوردی ئێزیدی و کریستیانەکان سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شنگال و دەوروبەری بە گەڕانەوەی خاك و کەرامەت دادەنێن | ١٣٧ |
| سەرچاوەکانی بەشی دووەم | ١٤٠ |
| ترازیدیای جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە چاوی وێنەکاندا | ١٤٢ |
| نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان | ١٥٩ |

## پێشەكی

لە سەر پردی فیشخابوور لە چاوەڕوانی ئاوارەكاندا بووین، بۆ ئەوەی لە زاری ئەوانەوە لە ڕەنگ و روخساریان تراژیدیای شنگال و چیاكەی ببینین و ببیستین، ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوكێی چەكدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆكی پڕ لە تراژیدییان لە مێشكدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك كە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە كوردانەدا هاتووە.
ئێزیدییەكان ئەو كەمینەیەن كە هەمیشە لە هەڕەشەدان هەم لەبەر كوردبوونیان هەم لەبەر ئایینەكەیان، ئێزیدییەكان لە دوای ئاوارەبوونیان هەریەكەو چەندین چیرۆكێكی دڵ تەزێنی هەیە، كە ویژدان و روح و دڵی مرۆڤایەتی دەهەژێنن.
ئاوارەكان بە بەردەوامی دەهاتن دەستە بە دەستە زۆربەی ئافرەتەكان منداڵیان بە باوەشەوە گرتبوو، هەندێكیشیان پێ خواس بوون، منداڵەكان و تەنانەت گەورەكانیش ڕەنگ و روخسار و تاڵەموی پرچیان هەمان ڕەنگی تۆزی ڕێگا دوور و درێژەكەی گرتبوو، وەك ئەوە وابوون لە گۆڕێكی بەكۆمەڵەوە هاتبنە دەرەوە.
ئاوارەكان ژمارەیەكی زۆریان منداڵ بوون، هەر خانەوادەیەك چەند منداڵیان لەگەڵ بوو، هەندێك لە منداڵەكان لەگەڵ داپیرەیان و هەندێكیش لەگەڵ باوك و كەسوكاریان، پێدەچێت ئەوانە ئەو منداڵانە بووبن كە دایكیان رفێندرابێت لە لایەن چەكدارانی داعشەوە یاخۆد دایكیان لە چیای شنگال گیانیان لەدەستدابووبێت، ئەگەر سەرژمێرییەكی ڕاست و دروستی هەموو ئاوارەكان بكرێت دڵنیام لەوەی ٥٠%ی ئاوارەكان منداڵن.
دیمەنەكانی ئەو خەڵكە ئاوارەیە كۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ی گەلی كوردی بە بیر هێنامەوە كاتێك ئێمەش سەدان كیلۆمەترمان بە پێ بڕی بێ ئاو و نان

و خـۆراك، سـەرەڕای بەردەوامـی بۆردومـانی فڕۆكەكـان بەرەو سنورەكانی ئێران ڕێگامان گرتەبەر لە ترسی مردنێكی ڕاستەقینە وەك هەمان ئاوارە ئێزیدیەكانی چیای شنگال، بەڵام ئەوكات چەرخی بیستەم بوو ساڵ ١٩٩١ بوو، ئێستاش چەرخی بیست و یەكەمە و ساڵ ٢٠١٤ یە.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

ئەم كتێبە لە سێ مانگی یەكەمی هاتنی تیرۆرستانی داعش و داگیركردنی شنگال و دەوروبەری تۆماركراوە، بەڵام چاپی ئەم كتێبە دواكەوت.
ڕووداوەكان و باسەكان هی ئەو سەردەمەن واتا لە ( ٢٠١٤/٨/٣ تاكۆ ٢٠١٤/١٢/١ ) لە ئێستادا كە شنگال رزگاركراوە بێگومان هەندێك گۆڕانكاری تر ڕوویداوە.

# بەشی یەکەم
# لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان

# له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان

**ئەوانەی دەمردن دەمان خستنە ژێر تاشە بەردەکان**

ئاوارەیەکی ئێزیدی بە ناوی "خەلەف قاسم"وتی:"لە چیای شنگالەوە دێم و ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە، تیرۆرستان بەناو گەڕەکەکەمان کەوتن و هەندێکیان دەستگیر کران و هەندێکیان کوژران و ئێمەش هەندێك هەڵاتین بەرەو چیای شنگال، هەرکەسێ بەلایەکدا بەرەو چیا هەنگاوی دەنا، لە هەندێك شوێن ئەوان دەستیان بەسەر خانەوادەکان گرتبوو کەسیان ڕزگاریان نەبوو، بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ ئێمە لە چیاکان بووین بە ژیانێکی کۆلەمەرگی و ئەمڕۆ گەیشتینە ناوچە ئارامەکانی کوردستان، دوو ڕۆژە بە ڕێگاوەین تاکو گەیشتینە سەر سنوری باشووری کوردستان.

زۆر کەس گیراون و زۆر کەس کوژراون و زۆر کەس لە برسان مردوون، ئەوانەی دەمردن دەمانخستنە ژێر تاشە بەردەکان، چونکە نەمان دەتوانی ژێر خاکیان بکەین".

**جەنازەی ئامۆزاکانم لەسەر شەقامەکان بێ خاوەن کەوتن**

"سعید گورگو حسێن" ئاوارەیەکی تری ئێزیدییە و هەر کە لە پردەکە پەڕییەوە وتی:"من خەڵکی شنگالم لە چیای شنگالەوە دێم نازانم بۆ کوێ بڕۆم، ئەوە نزیکەی(١٠) ڕۆژە بەس ئێواران کەرتێکی بچوکی نانمان دەخوارد، ئاو نەبوو ئەگەر هەبوایەش زۆر دوور بوو نەمان دەتوانی بیهێنین چونکە هێزمان نەمابوو، لە خوارەوەی چیاکە چەکدارانی تیرۆرستی داعشی لێ بوو نەماندەتوانی بچین خۆراك و ئاو بهێنین.

ئامۆزاکانم کوژران و مامم دەستگیرکراو چارەنووسی نادیارە، جەنازەی ئامۆزاکانم لەسەر شەقامەکان بێ خاوەن کەوتن بە چاوی خۆم بینیم کە ڕەمیان کردن، بەڵام لەبەر ماڵ و منداڵەکان نەمتوانی بەهانایان بچم".

**بۆنی لاشەکان دەهات**

"حەیدر شەمو" وتی:"دوای چەند ڕۆژ مانەوەمان بە بێ هەموو شت، پاشان ڕێگایەك لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە کرایەوە، چووینە ڕۆژئاوای کوردستان - سوریا، ئینجا بۆ باشووری کوردستان هاتین، زیاتر لە (١٠) ڕۆژ لە چیای شنگال ماینەوە، بۆنی لاشەکان بە بەردەوامی لەم چیایە دەهات".

**بە هۆی بێ ئاوی و برسیەتیەوە توانا و هێزمان نەمابوو**

ئەو بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی و وتی:" بە هۆی بێ ئاوی و برسیەتیەوە توانا و هێزمان نەمابوو، هەرچەندە فڕۆکەکان خۆراکیان فڕێدەدایە خوارەوە بەڵام ئێمە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار کەس بووین بە بەر ئێمە نەدەکەوت، ئەستەم بوو بەدەستهێنانی ئەم خۆراکە".

بە حەسرەتەوە "حەیدەر" دوا قسەی ئەمە بوو:"مامێکم ون بووە و چارەنووسی دیار نیە و نازانین چی بەسەر هاتووە".

**لاشەکانیان بەسەریەکدا دەکەوتن**

"خالد خدر مشکو" ئاوارەیەکی تر ماندوو و شەکەت لە چیای شنگالەوە دەهات و چەندین کیلۆمەتر ڕێگای بڕیبوو بە پێ بۆ ئەوەی بگاتە ناوچە ئارامەکانی کوردستان، "خالد" وتی:"زیاتر لە (٨٠) کەس لە بنەماڵەی ئێمە کۆمەڵکوژ کران لە ناوچەی (قنێ) زۆرترینیان لە خانەوادەی ماڵی (ئەبوبەکر) بوون، لاشەکانیان بەسەریەکدا کەوتن من لە دوورەوە بە چاوەکانم ئەم تاوانەم بینی بە چەکی ڕەشاش و بیکەیسی گوڵلەباران کران"

**منداڵە بچوکەکان بە دوای دایکیان ڕایان دەکرد و دەگریان**

"خالد خدر مشکو" بەردەوام بوو لە گێڕانەوە و وتی:" ماڵی ئەلیاس مەحمود کە نزیکەی (٥٠) کەس دەبوون پیاوەکان کوژران و کچ و بوک و ئافرەتەکانیان ڕفێندران، منداڵەکانیان کە بچوك بوون، بە دوای دایکیان ڕایان دەکرد و دەگریان، بەڵام زۆر بێ ویژدانانە منداڵەکانیان کوشتن و فڕێیان دەدان و دووریان دەخستنەوە و نەیان دەهێشتن بە دوای دایکیان ڕاکەن، دایکەکانیان ڕفێندران بەرەو شوێنێکی نادیار".

دواتر وتی:" من بە چاوی خۆم ئەم هەموو شتانەم بینی، من لە دوورەوە لە پشت بەردێکی گەورە بە دزیەوە سەیرم دەکرد، بەڵام منیان بینی چەکدارەکان هەر ئەوەندە ئاگام لێ بوو چەند گوڵلەیەك بەرەو ڕووم هاتن و بە بەردەکە کەوتن، من دڵنیام لەوەی خەڵکی عەرەبی دەوروبەری شنگال ڕێنیشاندەر و هاوکارییان بوون و لە گەڵیان بوون".

**لاشەکانیان بوو بە خۆراکی سەگەکانی سەر شەقام**

"گوزێ مراد" ئافرەتێك کە تەپ و تۆزی ڕێگاکە سەرتاپای ڕەنگی گۆڕی بوو، ئەو منداڵانەی لە گەڵی بوون بە هۆی تۆزی ڕێگاکە تاڵەمووی پرچیان

ڕەنگی تۆزەکەیان گرتبوو، ئەو بە حەسرەت و گریانەوە وتی:"بەڵایەك بەسەر سەرمان هات بە درێژایی تەمەنم ئەوەم نەبینیوە و تاوانی وا گەورەشم نەبیستووە، پیاوەکانیان کوشتن و لەوێ بە جێ هێڵران و لاشەکانیان بوو بە خۆراکی سەگەکانی سەر شەقام، ئافرەت و کچە هەرزەکار و شۆخ و شەنگەکانیان بۆ خۆیان دەبرد".

## ئاژەڵەکانیش بەر فیشەکەکان کەوتن

لە درێژەی قسەکانیدا "گوزێ مراد"ی هەست ناسك وتی:"سەرەڕای لە دەستدانی مرۆڤەکان، مەڕ و ماڵات و هەرچی هەمان بوو لە نێو بران و بە بێ خاوەن ماون، ئاژەڵەکانیش بەر فیشەکەکان کەوتن و بێ خواردن و خواردنەوە بە جێ مان و کەس نەما چاودێرییان بکات... ".

## هەندێك ڕۆژ هیچمان نەبوو بیخۆین

ئەو ئافرەتە ئاوارە ئێزیدیە وتی:" ئێمە بەرەو چیاکان ڕۆیشتین تا (١٠) ڕۆژی مانەوەمان لە چیا خواردن و خواردنەوەمان زۆر زۆر بە ئەستەم دەست دەکەوت و هەندێك ڕۆژیش هەر هیچمان نەبوو بیخۆین، ئەمە جگە لە نەبوونی پێداویستی خەوتن و سەرمای شەوی چیا و گەرمای ڕۆژی ئەم چیایە، چەندین کاتژمێر بە ڕێگاوە هاتین تاکو گەیشتینەوە ناوچە ئارامەکانی باشووری کوردستان".

## شوبراکەم کەم ئەندام بوو دەستگیرکرا

"گوزێ مراد" جار جار لە قسەکردن دەوەستا و دواتر بەردەوام دەبوو وتی:"برای هاوسەرەکەم (شوبراکەم) دەستگیر کرا دەستێکی پێوە نەبوو کەم ئەندام بوو، ئەو چەکدارە بێ بەزەییانە ئەویشیان برد".

## دەرگایان لە سەر خۆیان داخستووە

"گوزێ مراد" لە درێژەی گێڕانەوەی مەینەتیەکانی وتی:"دایك و باوکم لە ماڵەوە بە جێ ماون دەرگایان لە سەر خۆیان داخستووە ناتوانن لە ماڵەوە دەرکەون، ئاگاداریان نیم و نازانم ئەوانیش چارەنووسیان چییە و چییان بەسەر هاتووە".

**لە روخ شەقامەکان چەندین لاشەی لێبوو**

دوای ماوەیەك وەستان لە قسەکردن بە هۆی گریانەوە ئەو دوا وتەی ئەوە بوو کە چەندین جار دووبارەی کردەوە و وتی:"لە روخ شەقامەکان چەندین لاشەی لێبوو.!!".

**دەنگی تەقە لە دوورەوە هات و ئیتر نەگەڕانەوە**

"دەخیل سیدو"کاتێك لە پردەکە پەڕییەوە وتی:"ڕەوش و بارودۆخمان زۆر خراپ بوو، ئەو خۆراك و ئاوەی بە فڕۆکەکان دەهێنرا، نەدەگەیشتە دەستمان، ئێمە هەندێك نان و ئاومان لە گەڵ خۆمان بردبوو، بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژە بەم کەم خواردنە ژیانی خۆمان گوزەراند، چوار کەس کە لە لای ئێمە بوون لە چیاکە بە نهێنی چوونە گوندی خانەسور و ژیانیان خستە مەترسیەوە بۆ ئەوەی ئازۆقە بهێنن بۆ منداڵ و ئافرەتەکان، بەڵام کاتێك دەنگی تەقە لە دوورەوە هات و ئیتر ئەوانیش نەگەڕانەوە ئەوکات زانیمان کە هەرچواریان گوڵلەباران کراون".

**ئەو ڕۆژە جەژنی ئێمە بوو**

"صالح رشید سلو" ئاوارەیەکی تر کە لە چیای شنگالەوە دەهات وتی:"ئەو ڕۆژەی کە تیرۆرستان هاتن، جەژنی ئێمە بوو جەژنی چلە، بەڵام ئەوان جەژنیان لێکردین بە دۆزەخی مەرگ".

لە ژێر هەر دار و لە هەر ئەشکەوتێك لە سەر هەر بەردێکی چیای شنگال داستانێکی پڕ لە تراژیدیای ئاوارەکانی شنگال و دیمەنی جەرگ هەژێن هەن، ئیتر چیای شنگال دەبێتە پەناگەیەك بۆ دەرهێنەرانی بوارەکانی مافی مرۆڤ.

**ئاوارە بووین لە وڵاتەوە بۆ وڵات**

پیاوێکی بە تەمەنی ئێزیدی وتی:"ئێمە لە وڵاتی خۆمان دەربەدەر و ئاوارە بووین لە وڵاتەوە بۆ وڵات، بە بێ هۆکار دەمان کوژن و هیچ گوناحمان نیە، من بەو تەمەنەوە نزیکەی (٥٠ تا ٦٠) کیلۆمەترم بە پێ بڕیوە چوومەتە ڕۆژئاوای کوردستان پاشان بۆ باشووری کوردستان، ئێمە ڕۆژانە مردن لە خودا دەخوازین، مردن باشترە بۆ ئێمە".

**هەواڵی مردنی کوڕەکەیان پێ گەیشت**
دەنگ و قیژە و هاواری خانەوادەیەك لە سەر سنوور و پردی فیشخابوور دەهات ئەوان ڕزگاریان ببوو خۆیان گەیاندبووە ناوچە ئارامەکانی کوردستان، بەڵام هەواڵی مردنی کوڕەکەیان پێ گەیشت گریان و هاوار و ئێش و ئازارەکانیان زیاتر بوون، لە بن دارێك هەموو خانەوادەکە بە یەکەوە کۆ ببوونەوە بۆ کوڕەکەیان دەگریان، دایکی وتی:"کوڕەکەم (٤٠) ساڵان بوو ئەو نەخۆش بوو عیلاج و چارەسەری نەمابوو، گیانی لە دەستدا لە چیای شنگال"، بەڵام ئەو دایکە هاواری بۆ خودا دەکرد و دەیوت:"خودایە ئامانەتەکەی بردەوە، بەڵام نزا دەکەم تۆڵەمان لەم دوژمنانە بکەیتەوە... ".

**بەرەو چیا ڕامان کرد**
مندالێك وتی:"بارودۆخمان زۆر خراپ بوو دەنگی تەقە دەهات و هەر یەکەمان لە لایەك بەرەو چیا ڕامان کرد، زۆر زۆر ترسام و برسی و تینیم بوو".
پردی فیشخابوور دەکەوێتە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژئاوا، لە سنووری باشووری کوردستان لە دوای پردەکە ئاو و خۆراك و پێداویستیەکانی تر هەیە خەڵکی باشوور و ڕێکخراوەکان و دام و دەزاگا حکومیەکان لە پێشوازی خەڵکەکەدان و هاوکارییان پێشکەش دەکەن.

**دایکم و خوشکم و براکانم**
گەنجێکی تەمەن(٣٥) ساڵان لە سەر پردی فیشخابوور چاوەڕوانی کەس و کاری دەکرد، هەر کەسێك لەو پردە دەپەڕییەوە لە سۆراغی کەس و کاری دەپرسی ئەو گەنجە وتی:"هەموو خانەوادەکەم دەستگیر کران دایك و برا و خوشکەکانم، ئێمە لە ماڵەوە بووین سەرەتا هاتن وتیان هیچتان لێناکەین و لە ماڵی خۆتان بن، بەڵام من هاتم باوکم هێنا بۆ چیا، ڕۆژی دواتر ئەوانیش کاتژمێر(٦:٣٠)ی ئێوارە هاتبوون ماڵ و کەس و کارم کە ژمارەیان زیاتر لە (٦٢) کەس بوو هەموویان دەستگیر کردن، تکایە هاوکاریمان بکەن و ڕزگاریان بکەن بۆ ئەوەی خانەوادەکەم بگەڕێتەوە، باوکیشم لە چیای شنگالە، تەنیا من و باوکم ڕزگارمان بوو.
نازانم چی بکەم هیچ دەسەڵاتم نیە" دەستی بە گریان کرد و دووبارە وتی"دایکم و خوشکم و براکانم و مام و ئامۆزاکانم هەموویان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر کران... "

**لاشه له سەر لاشه کەوتووه**

"چەندین کاتژمێره به پێیان دێین تاکو گەیشتینه ئەم پرده سەدان لاشه ئێستا له بناری چیای شنگالن سەدان لاشەی تریش له چیای شنگالن سەدان کچ و ژنیان له ئێمه بردووه، له سیبا شێخ خدر و تەل عزێر و ئۆردوگای تل قەسەب و تل بنات و ناوچه ئێزیدی نشینەکانی تر لاشه لەسەر لاشه کەوتووه، هەرگیز جینۆساید وامان به سەر نەهاتووه". ئەمه قسەی پیاوێکی ئاواره بوو که به دەم ڕێگاوه له سەر پردی فیشخابوور ئەمەی وت و ئەڕۆیشت.

**کچێکی شێت لاشەکەی به مردوویی له چیاکه کەوتبوو**

گەنجێك له سەر پردەکه وتی:"پیرەمێردەکانمان و منداڵەکانمان زۆربەیان مردن له برسیەتی و له تینوویەتی و له گەرما. خواردنمان نەبوو، ئاو نەبوو هەیه دوو تا سێ ڕۆژ پارویەك نانی دەست نەدەکەوت، کچێکی کەم ئەندام و کەم ئەقڵ که توانای ڕۆیشتنی نەمابوو لاشەکەی به مردووی له چیاکه کەوتبوو ئەم دیمەنەم هەرگیز له یاد ناچێ... هەرگیز چونکه ئەم کچه شێته گوناحی چییه؟
ئایا ئەمه له چ دین و بیر و باوەڕێکدا ڕەوایه، کچێکی شێت له چیای شنگال له برسان بمرێت و لاشەی به مردوویی لەو چیایه بمینێ".

**دایك و باوکم له ماڵەوه بەجێهێشتن**

ئافرەتێك که دەستی منداڵەکەی گرتبوو به گریانەوه وتی:"ئێمه غەریب و هەژار بووین منداڵەکانمان برسی بوون، دایك و باوکم له ماڵەوه به جێهێشتن و ڕامان کرد بەرەو چیا... ".

**شنگالیان وێران کرد**

هاوڵاتیەکی تەمەن(٦٥) ساڵان جل و بەرگ و ڕەنگ و ڕیشی سپی بەڵام ئەم ڕەنگه سپیه ڕەنگی خۆڵ و تۆزی ڕێگاکەی گرتبوو، وتی:"ئەوان ماڵی ئێمەیان خراپ کرد شنگالیان وێران کرد، کوشتن و ڕفاندن و سەربڕین ... لای ئەوان وەك ئاو خواردنەوه وابوو".

**له پێش چاوم باوك و براکانم ڕەمی کران**

گەنجێك به سەر و سیمایەکی ماندوو و شەکەت وتی:"من بینیم که هاتن و هەموویان کۆکرانەوه دواتر کچ و ئافرەتەکانیان جودا کرد، هاوسەرەکەم و

چەندین ئافرەتی تر کە هەر هەموویان کەس و کارم بوون ئەوان هەموویان لە ئۆتۆمبێلی گەورە بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفێندران، من لە دوورەوە پیاوەکانیشم بینی کە باوکم و براکانم و مامم و چەندین کەسی تر بوون، هەموویان ڕەمی کران من بە چاوی خۆم بینیم هیچ دەسەڵاتم نەبوو ئەگەر منیش بۆ لایان بڕۆشتمایە منیشیان دەکوشت، کەسانی وا دڕندەم هەرگیز نەبینیوە، من خۆم حەشاردا لە شوێنێك نزیك لە تەرمەکان تا شەوم بەسەردا هات، بە شەو دوای ئەوەی دڵنیا بووم کەس لەوێ نەماوە چەکدارەکانیش ڕۆیشتوون من چووم بۆ سەر لاشەکان هەموویان بە سەر یەکەوە کەوتبوون، هەر یەکە و چەندین گوڵلەیان بەرکەوتبوو... ".

**لە چاوەڕوانی هاوسەرەکەمدام**

ئەم ئاوارە ئێزیدیە بەردەوام بوو لە قسەکردن و وتی:"من بە تەنیا ماومەتەوە ئافرەتەکانیش هەموویان لە ئۆتۆمبێلی گەورە بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفێندران، دواتر پەیوەندیم پێوەیان کرد لە تەلەعفەر بوون، هاوسەرەکەم وتی نزیکەی(١٥٠٠ تا ٢٠٠٠) کەس دەبین...بەڵام ئێستا پەیوەندیشیان بۆ ناچێ، نازانم چی بکەم و ئەوان چیان بە سەر هاتووە، لە مردنی باوك و براکانم بێ ئومێد بووم چونکە لاشەکانیانم بینی بەڵام لە چاوەڕوانی هاوسەرەکەمدام... ".

**دوای لە دایك بوونی منداڵەکە ڕێگامان گرتەبەر**

چیای شنگال تراژیدیایەکی پڕ لە ئێش و ئازار و مەینەتی بۆ خەڵکی شنگال تۆمار کرد، ئیتر ئەم چیایە تەنیا لە گۆرانی و شیعری شاعیراندا وەك چیایەکی پڕ لە سەروەری و خۆڕاگری نەما بەڵکو لێرە بە دوادا ئەم چیایە سەدان داستانی جیا جیای پڕ لە مەینەتی بۆ خەڵکەکە بە جێ هێشت.

ترس و برسیەتی چەندین منداڵی کردە قوربانی، دایك هەبوو منداڵەکەی بە جێ هێشت، بە پێچەوانەشەوە، زۆر منداڵیش ون ببوون لە خانەوادەکانیان دابڕان، هەندێك لە ئافرەتەکانیش لەم چیایە منداڵیان بوو.

"خانێ" ئەو ئافرەتەیە لە چیای شنگال منداڵی بوو، خانێ بەرەو پردی فیشخابوور دەهات، سەرەڕای ئێش و ئازارەکانی منداڵەکەی لە ئامێز گرتبوو بە روخسارێکی شەکەت و بێزارەوە ڕێگاکەی گرتبووە بەر، خانێ وتی:"لە چیای شنگال دوێنێ ئەم منداڵەم بوو دوای لە دایك بوونی منداڵەکە ڕێگامان گرتە بەر و بە بەردەوامی بە پێیان دەهاتین تاکو ئەمڕۆ گەیشتینە ئێرە".

**هەر نەهاتن**

"جەمیل"ی تەمەن (٣٨) ساڵان لە سەر پردەکە وەستا بوو ئەو سەیری هەر کەسێکی دەکرد، جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو، چاوەڕێی (١٨) کەس لە خانەوادەکەی بوو، دوای ئاوارە بوونی خەڵکەکە بۆ چیای شنگال ئەو ماوەی (٨) ڕۆژ بوو چاوەڕێی کەسوکاری بوو... بەڵام لە چیا نەبوون لە سەر پردەکەش نەبوون و نەهاتن.

وتی:"باوکە تەمەن (٧٠) ساڵانەکەم و خوشك و دوو براژنم و هەموو کەس و کارم لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر کران نازانم چیان بە سەر هاتووە هەر لە چیا چاوەڕێیان بووم کە ئازاد بکرێن و بێن، بەڵام هەر نەهاتن لەم پردەش بە هەمان شێوە... ". ئەو یەکسەر دەستی بە گریان کرد و نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدات.

**کوا دایك و باوکمان**

بە هەزاران منداڵ بە پێخواسی و بە برسیەتی لەم پردە دەپەڕینەوە، هەندێکیان بێ دایك و باوك، دوو منداڵ کە پەڕینەوە تەمەنیان لە دەوروبەری (٩ و ١٠) ساڵان بوون نەیاندەزانی چی بووە و چی ڕوویداوە تەنیا ئۆمێدیان دیتنەوەی دایك و باوکیان بوو، هەردوو منداڵەکە بە یەکەوە وتیان:"کوا دایك و باوکمان... ".

**پێڵاو و جل و بەرگیشمان نەبوو**

منداڵێکی تر" ئێمە هیچمان نەبوو ئاو و خواردن و خۆراك و شوێن هیچمان نەبوو تەنیا گریان، پێڵاو و جل و بەرگیشمان نەبوو... ".

**دوو جووتە پێڵاوی زیادەی بە توندی لە باوەش گرتبوو**

بە سەدان منداڵ بێ جل و بەرگ و پێڵاو بوون ئەوان لەو چیایە پێڵاو و جل و بەرگەکانیان دڕا بوون، کاتێك گەیشتنە سەر سنوور و لە کەمپەکان نیشتەجێ بوون هەندێك لە منداڵەکان لە ترسی دووبارە پێخواس بوونیان چەند جووتە پێڵاو و جل و بەرگیان لە لابوو.

منداڵێك پاڵ کەوتبوو دوو جووتە پێڵاوی زیادەی بە توندی لە باوەش گرتبوو...

**هیچمان نەبوو**
کچێکی تەمەن (٩) نۆ ساڵان لە سەر پردەکە، دەم و ڕەنگ و روخساری وشك ببوون، وا دیار بوو کە ئەم روخسارە هەرگیز ئەم پلە گەرمایەی نەبینیوە، وتی:"ئەوە دوو ڕۆژە ئاوم نەخواردووەتەوە، هاوڕێکانمان کوژران ئێمە ترساین زۆر ترساین و هیچمان نەبوو، خۆراك و ئاو و پێخەف هیچ نەبوون".

**سێوێك و لەتێکی نانی وشك**
منداڵێکی دەم و چاو ڕەش هەڵگەڕاو لە باوەشی دایکی بە کۆڵەوە دەگریا ئەو پاروە نانێکی لە دەستێك دابوو دەستەکەی تری سێوێك، لە روخسار و گریانەکەی ئەوەت بۆ ڕوون دەبووەوە کە ئەو گریانەکەی بە هۆی ئەم خواردنەیە، چونکە نزیکەی (١٠) دە ڕۆژ بوو ئەمەی نەبینی کە هەردوو دەستەکانی خواردنی تیابێ، سێوێك و لەتێکی نان.

**گەمە کردن بە ئاو و خۆڵ**
بە هۆی ئەو مەینەتیانەی بە دەست نەبوونی ئاوەوە بینیویانە چەند منداڵێك گەیشتنە سەر پردی فیشخابوور ئەوان دەستیان کرد بە گەمە کردن بە ئاو و خۆڵ، یەکێك لە منداڵەکان وتی:" چەندین ڕۆژە ئەوەندە ئاومان نەبینیوە و هیچیشمان نەبوو یاری پێبکەین... ".

**لەم چیایە ڕۆژانە چەندین جار دەمردین**
ئافرەتێکی تری ئێزیدی ئاوارەی چیای شنگال لە کاتی گەڕانەوە وتی:"خۆزگە ئێمەش بمردواین، چونکە لەم چیایە ڕۆژانە چەندین جار دەمردین لاشەی کەسوکارمان لە سەر شەقامەکانی شنگال کەوتبوون تەنانەت نەمانتوانی لاشەیان بهێنین و بیان نێژین... ".

**مرۆڤ بەم شێوە دڕندەیە مرۆڤ بکوژێت**
پیرەمێردێکی ئێزیدی بە ساڵاچووی ڕیش سپی و جل و بەرگ سپی لە سەر پشتی (گوێ درێژێك) لە چیای شنگال شۆڕ دەبووە خوارەوە و وتی:"بەتەمەنی خۆم ئەوەم نەبینیوە و هەستم پێ نەکردووە کە مرۆڤ بەم شێوە دڕندەیە مرۆڤ بکوژێت و سەریان ببڕێت و ئاوارەیان بکات و دەست بە سەر ژن و ماڵ و منداڵیاندا بگرێت... "، ئەو بە گریانەوە وتی ناتوانم قسە بکەم.

خەڵکەکە لە چیاکە بەرەو ڕێگای ژیان دەهاتن، ئەمە سەرەڕای گەرمی ڕێگا و هیلاکـی و دووری ئەم ڕێگـایە بەڵام ئەوان ئومێـدێکیان بە ژیـان بـوو، بـۆیە هەموو باجێکی ژیانیان دا.
خەڵکـی کەم ئەنـدام و پیـر و پەکـکەوتە و منـداڵ بە روخسـارێکی مانـدوو و شەکەتەوە لە چیاکە بەرەو پردی ژیان دەهاتن، هەبوو دوو سێ بوتڵ ئـاوی پـێ بوو چونکە لە چیا چەند ڕۆژێك یەك دڵۆپە ئـاوی دەست نەکەوتبوو، هەبـوو دەهات دایکی خۆی لە پشتی کردووە، هەبوو منداڵێکی لە باوەشـە و بە هیلاکـی و بە چاوی پڕ لە گریـانەوە دەهـاتن روخسـاری هەر یەکەیـان داستانێکی پڕ لە ئێش و ژانی پڕ لە تراژیدیای پێوە دیار بوو.
کوردە ئێزیدییە ڕزگاربووەکان کاتێك دەگەیشتنە ئەم پردە ئەوان وایـان هەست دەکــرد کە ئیتــر تەواو برســیەتی و هیلاکـــی و مانـــدوویەتی، بەڵام ئەوان هەرخەمی کەس و کاریان بوو.
ئەوان بە حەســرەتەوە ســەیری ئــاوی رووبارەکەیــان دەکــرد، لای ئەوان خواردنەوەی گڵاسێك ئاو دووبارە پێدانەوەی ژیان بوو.

**ئاوم خواردەوە**
منداڵێکی ئاوارە دوای گەیشتنی بۆ سـەر پردەکە بە گرنـژینەوە وتـی:"من (٤) گڵاس ئاوم خواردەوە".

**من فرمێسکی چاوەکانم دایە منداڵەکانم**
باوکێکی ئاوارەی چیای شنگال، وتـی:" منداڵەکان توانـای خۆڕاگریـان نەبوو، تینییان بوو، بۆیە من فرمێسکی چاوەکانم دایە منداڵەکانم، چونکە ئاو نەبوو".

**رادێتەری ئۆتۆمبێلمان شکاند و ئاوەکەمان دایە منداڵەکان**
ئەوەی سەرەوە قسەی بـاوکێکی تـری ئـاوارەیە کاتێك لە چیـای شـنگال ڕێگـای دوور و درێــژی ڕۆژئاوایــان گــرتەبەر تــاکو بــگەنە نــاوچە ئارامەکــانی کوردستان.

**قەمیسەکەی بە توندی گوشی و ئاوی ئارەقەکەی دا بە من**
"دوای گەڕانی چەند کاتژمێرێك بە دوای ئاودا بـاوکم گەڕایەوە لامـان و هیچ ئاوی دەست نەکەوتبوو بەڵام گیانی تەڕ ببو بە هۆی گەرما و ئارەقە کردنەوە، قەمیسەکەی بە توندی گوشی و ئاوی ئارەقەکەی دا بە من".

منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵانە کە چەند ڕۆژێك بوو ئاویان دەست نەکەوتبوو ئەمەی وت.

**هاوارە ... ئەوان ئاینی ئێزیدییان لە ناو برد**

دایکێکی ئێزیدی کە تەمەنی بە سەروی(٨٠) ساڵان بوو وتی:"٧٣ جار فەرمانی کوشتن و بڕین و قەتلوعام و لەناوبردنمان بۆ دەرچووە، بە هەزاران قوربانیمان داوە، ئەم جارەشیان زۆر بە دڕندانەتر هاوارە ... هاوارە خۆزگە بەخوا دەخوازم ئێمەیان بە یەکجاری لەناوبردبووایە نەك ئافرەت و کچەکانمان ببەن و دەست درێژی بکەنە سەریان، نەك پیاوەکانمان"، ئەمانەی هەمووی بە هاوارو گریانەوە دەوت دیسان بە گریان و هاوارەوە وتی:"١٥ کەس لە کەس و کارم رفێندران، هاوار ئەی هاوار....هاوارە ئەوان ئاینی ئێزیدییان لە ناو برد شوێنە پیرۆزەکانیان لە نێو برد و کچەکانمان و ناموسمان ناشرین کران هاوارە ئەی هاوارە خودایە".
تەنها چەند کیلۆمەترێك لە چیای شنگال دوورکەوتبوونەوە بە شەوی تاریك منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتە ڕێگەیان گرتبووەبەر، کوردە ئێزیدییەکان تەنها بە رۆح دەیان ویست لە چیای مەرگ رزگاریان بێت و بەرەو کەناری پردی ژیان و ئارامی دەهاتن ئەوان بە نیوەشەو ڕێگەیان گرتەبەر لە چیایەکی تاریك بە ترس و لەرزەوە دەهاتن، چونکە تازە ڕێگاکە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆیان کرابووەوە بە درێژایی ڕێگاکە پێشمەرگەکان ئەرکی پاراستن و بەرگری کردن و چاودێری کردنی هاوڵاتیانی ئاوارەی ئێزیدی ڕێگاکەیان گرتبووە ئەستۆ، تا سنووری ڕۆژئاوا لە سنووری ڕۆژئاوا هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژئاوا هاوکار و ڕێنیشاندەریان بوون بۆ ئەوەی بەرەو باشووری کوردستان بگەڕێنەوە.

**(هەڵەبجە)ی دووەمە**

نەهامەتیەکانی کوردە ئێزیدیەکان لە چیای شنگال ئەوەندە دژوار بوو پیاوەکان نەیاندەتوانی خۆیان لە بەرامبەری ڕابگرن جا چ بۆ ئافرەت و منداڵەکان منداڵی ساوا و ئافرەتی دووگیان و ئافرەتی بەساڵاچوو درێژایی ئەم ڕێگایەیان دەگرتەبەر...
پیاوێك لە ناوەڕاستی ڕێگا کە توانای ڕۆیشتنی نەمابوو لەسەر شەقامەکە پاڵ کەوتبوو، هەر دەیویست پشوویەکی زۆر کورت بدات و دواتر بەردەوام بێتەوە لە ڕێگاکە وتی:"ئێمە هاتوینە باشووری چیای شنگال پێشمەرگەکان

ڕێگایان بۆ کردبووینەوە، پەیامی من بۆ هەموو مرۆڤێك لە هەر کوێیەکی جیهان کە دڵ و ویژدانیان هەبێ پێیان دەڵێم ئەمەی لە چیای شنگال ڕویدا (هەڵەبجە)ی دووەمە".

**سەر و قاچی منداڵەکانیشیان بڕی**

ژنێك کە منداڵێکی لە باوەش بوو وتی:"ئیتر هیچ ئومێدمان بە ژیان نەماوە. ئەوان ویژدانیان نەبوو تەنانەت سەر و قاچی منداڵەکانیشیان بڕی...!!! ".

**چیایەکی بێ سێبەر**

پیاوێکی تر بە دەم ڕێگاوە وتی:"ئەمە(١٥) کاتژمێرە ئێمە بە ڕێگادایین خواردن و خواردنەوەمان نیە و بە بەردەوامی بە پێیان دەچین بۆ ئەوەی بگەینە سەر سنوور، بۆ ماوەی (٥) ڕۆژیش لەسەر چیای شنگال بووین، چیایەکی بێ سێبەر و کەم دار و بێ ئاو و نان و خۆراك بوو...!!!".

منداڵەکانیش لەم شەوەدا وەك گەورەکان دەڕۆیشتن بەڵام ئارامی و خۆشبەختی لە روخساریان بەدی نەدەکرا، ئەوان ترسابوون لەم ڕێگایەش هەر دەترسان، بەڵام لەگەڵ هەڵاتنی خۆرێکی نوێ و گەیشتنیان بە سنووری باشووری کوردستان پردی فیشخابوور، خەندە لەسەر لێوانیان دیاربوو ئەوان ئیتر خەوتن و ڕەنگە یەکەم جاریان بێت بەم قوڵییە بخەون لە دوای هاتنی داعش بۆ ناوچەکەیان ئەوان دوای (٨) ڕۆژ گەیشتنەوەی خاکی کوردستان، یادگارییەکانی ئەم ڕۆژانەی چیا تاڵترین یادگارییان دەبێت لە لاپەڕەکانی ژیانی ئایندەیاندا.

**بیری هاورێکانم دەکەم**

"هندۆمارو" کچێکی تەمەن (٧) ساڵان لە چاو و روخساریدا ترس و برسیەتی و هەژاری و بێکەسی غەریبی دەبینرا، ئەو بە تووڕەییەوە وتی:" بیری هاورێکانم دەکەم؛ حسن و فلاح و ناسر و فایزا و ئیفلین و ئیناس"، کە بە پەنجەی دەستی دەی ژماردن بە گریانەوە ناوی ئەم هاورێیانەی دەهێنا.

**کڕین و فرۆشتنی کچان**

"حنیفە حاجی" ئافرەتێکی جل و بەرگ سپی و تاڵە مووەکانیش هەر سپی بوون وتی:"ئێستا تەنیا هەواڵی کڕین و فرۆشتنی کچان و دەست درێژی کردنە سەر کچەکانی ئێزیدی دەبیسترێ، دەترسم وەك ئەنفالکراوەکان کوڕ و

کچ و بوکەکانم جارێکی تر لە دەرگای ماڵەوە نەدەن و ئیتر نەگەڕێنەوە، چونکە ئێستا لە دەستی چەکدارانی داعش دان".

**هەر ماڵێك ئاڵایەکی سپی هەڵبدەن**

"سالم حاجی" ئاوارەیەکی ئێزیدیە وتی:"چەکدارانی داعش هاتن و وتیان هیچ لە ئێوە ناکەین تەنیا هەر ماڵێك ئاڵایەکی سپی هەڵبدەن، دواتر هاتن وتیان ئەبێ ئاینتان بگۆڕن، پاشان بەیانی زوو لە گوندەکەمان ڕامان کرد بەرەو چیای شنگال".

**منداڵم بینی لاشەیان لەت لەت کرابوون**

"سەعات (٦) ئێوارە بە ماڵ و خێزانەوە بەرەو چیای شنگال رۆیشتین من بە چاوی خۆم منداڵم بینی لاشەیان لەت لەت کرابوو سەریان بڕی بوو، چونکە ئێمە درەنگتر هەڵاتین شایەتی هەموو ئەوانە بووم، چەندین سەیارە لەسەر ڕێگادا کەوتبوون..."

**دوای موسلمانبوونیان بێ بەزەییانە دەیان کوژن**

ئێزیدییەکان، موسلمانەکان و مەسیحیەکان بە برای خۆیان دەزانن و دەڵێن ئەوەی داعش دەیکا کاری ئیسلام نیە، سەرەرای ئەوەی کە ژمارەیەك لە ئێزیدییەکان بە زۆری و ناچاری دەکرێنە موسلمان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، بەڵام دوای موسلمانبوونیان بێ بەزەییانە دەیان کوژن.

ئاوارە ئێزیدیەکە وتی:"پەیوەندیم بە کەسێکی گوندەکەمانەوە کرد کە لە گوند چەند خێزانێك گیریان خواردووە و ناتوانن بەرەو چیا سەربکەون چونکە چەکداران دەستیان بە سەر گونددا گرتووە، ئەو کەسە وتی سەرەرای ئەوەی هەندێك لە ئێزیدیەکان بوونەتە موسلمان و شەهادەیان هێناوە، بەڵام هەر کوژراون".

**داعش بازرگارنی بە ئافرەت دەکەن**

پیرە پیاوێکی بەتەمەنی ئێزیدی دەڵێت:"ئەوە (73) ەمین فەرمانە بە سەر ئێمەی کوردی ئێزیدیدا دێت ئەمەیان جیاوازترە لە ئەوانی تر ئەمجارەیان لە هەموو ئەوانی تر درندانەترە، داعش بازرگارنی بە ئافرەت دەکات و لە بازارەکان هەراجیان دەکات، کچەکانمان لە کاتژمێرێکدا لە (٥) کەسی مارە دەکرێن".

**یەك و دوو و سێ كەس نەبوون**

"هەژار عزیز" ئاوارەیەكی چیای شنگال گەنجێكی كوردی ئێزیدی دەڵێت:"ئافرەتێكم بینی دەیقیژاند و هاواری دەكرد و دەگریا هیچ كاممان خۆمان بەرامبەر بە قسەكانی پێرانەگیرا دیمەنێكی جەرگ هەژێن بوو"، ئەو وتی: ئەگەر پیاوێك لەم چیایە هەبێت دەبێ بمكوژن !! چووینە لای وتمان خوشكە چیتە بۆ بتكوژین؟ بە گریان و دڵێكی مردووەوە وتی:"چەكدارانی داعش دەستدرێژی سێكسیان كردە سەرم، یەك و دوو سێ كەس نەبوون هەرجارە و كەسێك دەهات زیاتر لە (١٠) كەس دەستدرێژی سێكسیان كردووەتە سەرم.

خۆزگە ئەو ئافرەتەم دەبینیەوە نازانم چی لێهات، ماوە یان خۆی كوشتووە یاخۆد كوژراوە...".

هەموو خەڵكی داوای ژیان دەكەن و بە دوای سەرچاوەی ژیان دەگەرێن كەچی ئەم ئافرەتە داوای مردن دەكات.

ئەو ئاوارەیە بەردەوام بوو لە قسەكانی و وتی:" داعش چەندین جار هەوڵیان داوە مەرقەدی شەرفەدین بتەقێنن بەڵام پیاوانی شنگال رێگریان كرد لەگەڵ هێزەكانی پێشمەرگە ئەم مەرقەدەیان پاراست كە لە بناری چیای شنگالە".

"هەژار عزیز" وتی:"كاتێك ئێمە لە چیای شنگال زانیمان رێگایەك كراوەتەوە و پارێزراوە لە لایەن هێزەكانی پێشمەرگەوە ئێمەش بە ئومێدی ژیانەوە رێگامان گرتەبەر لە رۆژئاواوە هاتین بەرەو باشوور، كوردانی رۆژئاوا زۆر هاوكارییان كردین، پاشان گەیشتینە سحێلا و سەر پردی فیشخابوور ئێمە هەستمان كرد لە مردن رزگارمان بووە، دووبارە لە دایك بووینەوە".

**بە جەستە زیندوون بەڵام دڵ و دەرونیان شكاوە**

"هەژار عزیز"ی ئاوارە وتی:" سێ رۆژی یەكەم خواردنمان وەك پێویست دەست نەكەوت خەڵكەكەش ئەوەندە زۆر بوون بەشی هەموومانی نەدەكرد فرۆكەكانیش بە هۆی تەقەی چەكدارانی داعش، هەر لە دوورەوە هەندێك جار خواردنیان فرێ دەدایە خوارەوە نەیدەتوانی بوەستێ، چیاكە نزیكەی (٧٠) كم دەبێت زۆر لە خەڵكەكە لە یەكتر جودا ببوون و زۆر لە خەڵكی شنگال ئێستا بە جەستە زیندوون بەڵام دڵ و دەرونیان شكاوە، ئەوان بێ ئومێد بوونە لە ژیان لە هەمووشت چونكە خۆشەویست و كەس و كاریان لەدەست داوە...".

**کچێکی سپی پێست و باڵا بەرز**
خوشـکێکی لە تەنیشـتەوە راوەسـتابوو بە گریـانەوە وتی:"باوکمـان بە بەر تەقیـنەوەی تیرۆرسـتان کەوتـووە، دایـك و برایەکـی بچـوك و ئـێمە (١١) خوشکین"، بەردەوام بوو، وتی:"زیاتر لە هەشت ڕۆژە بە قەدەر چۆلەکەیەك نانی نەخواردووە".
کچێکی سپی پێست و باڵا بەرز لە دەوروبەری (٢٠ تا ٢٢) ساڵان دەبوو چاو و پرچـی قـاوەیی بـوو بەڵام لەبەر تـۆزی ڕێگـا ڕەنـگ و روخسـار و پرچـی ڕەنگی خۆڵیان گرتبوو، ئەو نەیدەتوانی قسە بکات ئەو هەر چەند چرکەیەک جارێك دەنگی(نزگرە)ی دەهات هەموو گیانی دەلەرزی و سەری بەرز و نزم دەکردەوە وەك ئەوە وابوو کاتێك مریشکێك سەردەبڕی چەند چرکەیەك دوای سـەربڕینی خـۆی بەرز و نـزم دەکـات تـا رۆحـی دەردەچێت، هەمـان دیمەنـی هێنایە پێش چاوم، ئەو کچە هەر چەند چرکەیەك جارێ ئەمەی بەسەر دەهات، ئەو خواردن و خواردنەوە و قسەکردنیشی بە ئەستەم بوو، ئەم کچە دووچاری حـاڵەتێکی لەناکـاوی دەروونـی ببـوو شـۆك گرتبـووی، ئەو تـاوانە و دەرئەنجامەکانی و کوشتن و سەربڕینی مرۆڤ و رفاندنی کچان و لەدەستدانی باوکی و تراژیدیای چرکە بە چرکەی چیای شنگال ئەمانە هەمووی ترس و تۆقین و دڵەراوکێی لەلای ئەم کچە دروست کردووە.
دیمەنێکـی جەرگ بڕبـوو، ئەم کـچە گەنـجە هەمـوو هیـوا و ئومێـدەکانی لە چرکەساتێکی ترس و تۆقیندا بوون بە نەخۆشیەکی دەرونی دەگمەن ...

**کۆخەی مناڵە بچوکەکە و تەنگەنەفەسی منداڵەکەی تر بە درێژایی ڕێگا**
کوڕە ساوایەکی لە باوەش بوو کوڕێکی ترلە لای ڕاستەوە وەستابوو ڕەنـگ و روخساری هەمان ڕەنگی تۆزی زەوییەکەی گرتبوو، کۆخەی مناڵە بچوکەکە و پشـوکورتی و تەنگەنەفەسـی منـداڵەکەی تـر لە نێـو ڕێگـایە سـەخت و دژوارەکەی سنووری ڕۆژئـاوا بەرەو باشـوور ڕێگایـان گرتبووە بەر، ئەوان زیـاتر لە (٦٠) کم ئەم ڕێگایەیـان بڕی بوو، لە چاوی منداڵەکان برسیەتی و تینویەتی و ماندووبون و ترس دڵەڕاوکێ بە زەقی دەبینرا.
دایکە ئاوارەکە وتی:"ئەو کۆخە و پشووتەنگییە لەبەر ئەم تۆز و گەرەدلولەی ئەم ڕێگایەیە، منداڵەکانم خەریکە ئەخنکێن هەم لەبەر تۆز و غوبـاری ڕێگا و هەم لە تینوویەتیا".
دایکەکەشیان پرچ و سەر و سیمای ڕەنگی تۆز و خاکەکەی گرتبوو دیسان وتی:"زیـاتر لە (٥) ڕۆژ لە چیـای شـنگال هیلاکـی و برسیەتی و تـرس، ئەمە

جــگە لە دووری ئەم ڕێگــایە کە چەنــد ڕۆژێــکە بە ڕێگــاوەین، پیرەمێــرد و پیرێژن و پەککەوتەکانمان لەوێ بەجێماون چەند کەسمان لە چیا لە برسان و لە تینویەتیدا مـردوون، دەسـتدرێژی لە کچەکـان کـرا و پیاوەکـان کۆمەڵکـوژ کران".

**کوڕ و هاوسەر و حەوت کەس لە پیاوانی خانەوادەکەم**

"ئەتێ مراد" ئافرەتێکی ئێزیدی بە حەسرەتەوە وتی:"کوڕ و هاوسەر و حەوت کەس لە پیـاوانی خـانەوادەکەم چارەنوسیان دیـار نـیە نـازانم کـوژراون یـاخۆد بەرەو وڵاتێکی تر براون".

پـێش ئەوەی چەکـدارانی تیرۆرسـتانی داعـش شـنگال داگیـر بـکەن ئەمـانە خانەوادەیەکی بەختەوەر بوون، بەڵام دواتر بوون بە خانەوادەیەکی پەرتەوازە نازانێ هاوسـەر و کـوڕ و کەس و کـاری مـردون یـاخۆد زیندون نـاتوانێ ئیتر بیـــان بینێـــتەوە نـــاتوانێ پەیوەندیشـــیان پێـــوە بکـــات، ئەم ئـــافرەتە ئـــاوارە وتـی:"باوکیشـم نەخۆشـە و لە مـاڵەوە بەجێمـان هێشـتووە نـازانم ئێسـتا مـردووە یاخۆد دەستگیر کراوە یاخۆد کۆمەڵکوژ کراوە...".

"ئەتێ" وتی:" قاچەکانمان هەمووی بریندار بوونە و ئازارێکی زۆرمان بینیوە بە هۆی ڕاکردنی بەردەوام بە پێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر".

**شاها و گەڕان بە دوای ئاو دا**

"شـاها"، هەشـت ڕۆژ لە چیـای شـنگال ژیـانی بەسـەر بـرد ئەم منداڵە تەمەن (١٠) ساڵانە لە چیای شنگال بە بەردەوامی بەدوای ئاودا دەگەڕا ڕێگای چەند سـەعاتێکی دەگـرتەبەر بـۆ ئەوەی ئـاو بـۆ خوشـك و براکـانی پەیـدا بکـات، "شاها"لە یەکێك لە کەمپەکان بە هەمان شێوە لە ڕیزی ئـاو دەوەستا بۆ ئەوەی دەبەیەکی ئاو بۆ ماڵەوەی لە بن خێمەیەکی کەمپەکە بگوازێتەوە.

کاتێ خواردنی نانی نیوەڕۆیە،"شاها"پێویست بوو بچێت خواردنیش وەرگرێ، بەڵام چونکە بە هۆی ئەوەی لە ریزبەنـدی ئـاوی کەمـپەکە تـا مـاوەیەکی زۆر وەســتابوو، تـــا ئـــاوی دەســـتکەوت ئیتـــر خـــواردنیش لە کەمـــپەکە تەواو ببوو،"شاها"و خانەوادەکەی ئەو نیوەڕۆیە بێ خواردن بوون.

**چارەنووسی خوێندنم**

"شـاها" لە پـۆلی چـوارەم لە یەکێـك لە قوتابخانەکـانی شـنگال لە گونـدی(تەل قەسەب) دەیخوێند و هەر چوار ساڵ دەرچووی یەکەم بوو قوتابیەکی زیرەك و

چالاك بوو،"شاها"وتی:"من له قوتابخانه یەكێك له قوتابیه هەره زیرەكەكان بووم، بەڵام ئێستا و ئەم ساڵ نازانم چارەنووسی خوێندنم چۆن دەبێ".

**به نهێنی دەچوینه گوندێكی نزیك**

باوكی"شاها"دەڵێت:"ئەوەی ئێمه توانیمان بیكەین تەنیا توانیمان رۆحی شاها وەك كچێكی زیندو رزگاری بكەین له دەست چەكدارانی تیرۆرستی داعش، ئێمه له چیای شنگال به شەو (٥) كەس به نهێنی دەچوینه گوندێكی نزیك له چیای شنگال بۆ ئەوەی خواردن بۆ منداڵەكانمان بهێنین، دوو كەس پاسەوانیان دەكرد و ئێمەش دەچووینه ماڵه نزیكەكان بۆ خۆراك و بۆ ئاو، بەڵام ئێمه مەترسیدارترین شوێن و ڕێگامان دەگرتەبەر چەند جارێكیان گوللەیان هاویشته ئێمه بەڵام توانیمان خۆمان رزگار بكەین و خۆراكیش بەدەست بهێنین".

**كراسەكەم دڕاند و كردمه پێڵاو بۆ منداڵەكان**

باوكی"شاها"وتی: منداڵەكان پێڵاویان دڕابوو من قۆڵی كراسەكەم لێ كردنەوه و كردمه پێی منداڵەكانم بۆ ئەوەی زیاتر پێیان ئازار و بریندار نەبن و توانای رۆیشتنیان هەبێت، بەڵام بەشی نەكرد دواتر لایەكی كراسەكەم لێ كردەوه و كردمه پێڵاو بۆ منداڵەكەی ترم".

"شاها" و هەزاران منداڵی تری هاوتەمەنی له سەر چیای شنگال بۆ ئەوەی خوشك و براكانیان له برسان نەمرن به دوای خۆراك و ئاودا دەگەڕان.

**كه هاته دونیا شیر و جل و بەرگی نیه**

"زەیتون" دایكی (٥) منداڵه و منداڵێكی تری لەناو سك دایه كه تەمەنی هەشت مانگ و بیست ڕۆژ بوو، "زەیتون" توانای سەردانی كردنی پزیشكی نەبوو و ئەو دەترسا لەوەی كه دوای لەدایك بوونی ئەو منداڵه نەتوانێ شیر و و جل و بەرگ و دایبی بۆ بكڕێ، ئەو خەمی هەره گەورەی ئەوه بوو سەرەرای ئاوارەبوون و دەربەدەری.

"زەیتون"ی دوو گیان وتی:"ئەمه چەند مانگه نەچومەته دكتۆر من لێره هیچم نیه نازانم چۆن و كەی منداڵەكەم دێته دونیا، بەڵام كه هاته دونیا هیچی نیه جل و بەرگ و شیر و پێداویستیەكانی تری منداڵ".

ئەو ژنانەی دووگیانن پێویستیان به چاودێری بەردەوامی پزیشك هەیه بەڵام ئافرەته ئێزیدییه ئاوارەكان نەیانتوانی و ناتوانن چاودێری خۆیان بكەن، جا چ نەخاسمه هی منداڵەكەیان.

**تەمەنی کەمتر لە(٢٤)کاتژمێر بوو**
"یاسین" تەمەنی(١٥)ڕۆژ بوو لە کاتی ئاوارەبوونی تەمەنی کەمتر لە(٢٤)کاتژمێر بوو، هەرچەند ئەو منداڵە نازانێ چەکدارانی تیرۆرستی داعش چین و کێن و ئاوارەبوون چ واتایەکی هەیە، بەڵام ناچارە باجی هێرشەکانی ئەم چەکدارانە بدات و ژیانی تاڵی ئاوارەبوون بکێشێت.

**زۆر لاشەم لە سەر شەقامەکان بینی**
مێردمنداڵێکی تەمەن (١٣) ساڵان کە بە نهێنی چوبووە شنگال دەڵێت:"زۆر منداڵ گیانیان لە دەستدابوو، لە شنگال زۆر لاشەم لەسەر شەقامەکان بینی زۆر ترسناك بوون، دەنگی سەگەکان بە بەردەوامی دەهات، سەیارە و کەل و پەل لەسەر شەقامەکان لە ڕۆخ جادەوە بەجێ مابوون، من کاتێك چەکدارێکی داعشم بینی خۆم لە پشت دیوار و حەوشەی ماڵەکان دەشاردەوە، چەند چەکدارێك منیان بینی وتیان بڕۆنە ماڵەوە و کەس دەرنەکەوێت مەهێنە دەرەوە".

**خێزان و منداڵەکانم**
پیاوێکی هاوسەر دەستگیرکراو وتی:"من لە شنگال بووم خێزان و منداڵەکانم چوبوونە ماڵی باوکی و ماڵیان لە ئێمە دوور بوو، من پەیوەندیم پێوە کردن وتم ئێوەش وەرن با بڕۆین بۆ سەر چیا، ئەوان وتیان ئێوە بڕۆن ئێمەش دێین و ئەوانیش هاتن و ڕێگایان گرتە بەر لە گەڵ باوك و براکانی، ڕێگاکانمان جیاواز بوون، هەر یەکەمان ڕێگایەکمان گرتە بەر، بەڵام ئەوان لەسەر شەقام کەوتبوونە دەست چەکدارانی داعش و دەستگیر کران و هیچ لە چارەنوسیان نازانم مردن یان ماون هیچ نازانم و ئاگاداریان نیم".

**لەبەر ئێمەی ئێزیدی دەگریم**
کۆمەڵێك ئافرەت و منداڵ بوون چەند ئافرەتێکیش لەم لاوە بە کوڵەوە دەگریان، ئافرەتێك کە منداڵێکی لە باوەش بوو بە گریانەوە وتی:"من لەبەر ئێمەی ئێزیدی دەگریم ئێمە بێکەس و هەژار و بێ دەسەڵات بووین، منداڵەکان بە هۆی تینویەتی مردن و نەمان دەتوانی گۆڕیان بۆ لێبدەین، لە بن بەرد و تاشەبەرد و شوێنی تر شاردومانەتەوە".

## ئێمە هیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکەین

ئەوئافرەتە ئاوارەیە لەبەر گریانی بەردەوامی جار جار لە قسە کردنی دەوەستا، دەنگی گریانی تا دەهات زیاتر دەبوو، دواجار دەستی بە قسە کردن کرد و وتی:"داعش هاتن سەرەتا وتیان هیچتان لێ ناکەین بەس دەمانەوێ شیعەکان دەستگیر بکەین، ڕۆیشتن و پاش چەند کاتژمێرێك دووبارە هاتنەوە وتیان کوا چەکدارتان هەیە؟ دواتر وتیان ئەبێ موسڵمان بن و ئێمە هیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکەین، ماوەیەکیان بۆ دیاری کردین و وتیان لە کاتی دیاری کراو دەگەڕێینەوە ئەوکات ئەبێ هەمووتان موسڵمان بووبن، هەرکە ڕۆیشتن ئێمە ڕامان کرد بەرەو چیای شنگال".

## ئاڵاکەیان گۆڕی

پیاوێکی ئاوارە وتی:"کە هاتنە ناو گوند یەکەم جار وتیان ئەم ئاڵایە دابەزێنن کە هی کوردستان بوو وتیان لە جێگای ئەم ئاڵایە ئەبێ ئاڵای ڕەشی دەوڵەتی ئیسلام دابنرێت و ئاڵاکەیان گۆڕی، بەڵام هەر کە چونە لای ڕۆژهەڵاتی گوند ئێمە ڕامان کرد بەرەو چیا و زانیمان چ جۆرە دڕندەیەکن و خۆمان ڕزگار کرد".

## نیازم وایە ناوی بکەمە(حزنا)

ئافرەتێکی ئاوارە لە یەکێك لە کەمپەکان وتی:"من بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە چیا بووم دواتر ئەو منداڵەم لە دایك بوو، کەس نەبوو نە پەرستارێك نە مامانێك بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوە بە بێ ئاو بە بێ خۆراك ئەم منداڵەم پەیدا بوو نیازم وایە ناوی بکەمە(حزنا) چونکە زۆر خەم و خەفەت و ئێش و ئازارمان بینی و زۆر لە کەس و کارمان دەستگیر کران لە لایەن چەکدارانی داعشەوە و زۆریش کۆمەڵکوژ کران".

## باپیرە ۱۰۰ ساڵانەکەی

حسێن ئەو گەنجەیە کە باپیرە (۱۰۰) ساڵانەکەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە پشتی خۆی کردبوو گوێ بە ماندو بوون و برسیەتی نەدەدا.

حسێن وتی:"من بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باپیرم لە پشتم کردوە و بردمە ئەشکەوتێك و هەنجیری وشکم لە دارەکان بۆی پەیدا دەکرد و دەمدایە بۆ ئەوەی بیخوات چونکی هیچیترمان نەبوو پێی بدەین".

**خۆزگە لە پایسکل سوار دەبوومەوە**

کچێکی تەمەت (٧) ساڵان بە گریانەوە وتی:"ئێمە بە شەو هەڵاتین بەرەو چیاکە زۆر ترساین و زۆر ناخۆش بوو، هیچمان نەبوو بیخۆین تینیمان بوو"، هەر بە گریانەوە ئەمانەی دەوت و جار جار لە قسەکردن دەوەستا، دیسان وتی:" خۆزگە دەچوومە لای هاورێکانم دەچوومە لای خوشك و براکانم دەچوومە لای گوندەکەی خۆم، خۆزگە لە پایسکل سوار دەبوومەوە من دەمەوێت دیسان وەك ڕۆژانی پێشو بگەڕێمەوە و یاری بکەینەوە. خۆزگە ئێستا لە ماڵی خۆمان دەبووین...".

**ئەفلام کارتۆنی "تۆم و جیری"**

کچە تەمەن(٧) ساڵانەکە هەر بە گریانەوە وتی:"خۆزگە من و دایك و باوك و برا و خوشکەکانم پێکەوە نانمان لە ماڵەکەماندا بخواردبوایەوە و قسەمان بەیەکەوە بکردایە، ئێمە کارەبامان هەبوو لە پێش تەلەفزیۆن دادەنیشتین و سەیری ئەفلام کارتۆنی تۆم و جیریمان دەکرد حەز دەکەم بیبینمەوە، چەند ئەفلام کارتۆنی ترم دەبینی، بە گریانەوە ڕووی وەرگێڕا".

**نازانم کوا ؟**

پیاوێکی تەمەن (٤٠) ساڵ دەگریا و دەی گوت:"دایکم لە ناو ئاپۆرای خەڵکەکە ون بووە لە یەکێك لە دۆڵەکانی ئەم چیایە نازانم کوا؟! نەیتوانی چیتر باس لە تراژیدیای چیای شنگال و دایك و ونبوون و گەڕان بە دوای دایکیدا بکات".

**منداڵانی دونیا لە خۆشترین پاڕکن**

منداڵەکان قوربانی سەرەکی ململانێ و شەڕن بە تایبەت لەو پرۆسە جینۆسایدانەی بەرامبەر بە کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان دەکرێ، لە ڕووداوەکانی شنگال و دەوروبەری سەدان منداڵ گیانیان لەدەستدا، ئەوانەی ماون لەگەڵ خانەوادەکەیان ئاوارە و دەربەدەر بوون، ترس و برسیەتی و هیلاکی لەسەر روخساری هەر منداڵێکی ئاوارەی ئێزیدی بەدی دەکرا.
منداڵێکی ئاوارە وتی:"ئێستا منداڵانی دونیا لە خۆشترین پاڕکن و لە خۆشترین یاریگا و شوێنی یاری گەمە دەکەن ئێمەش لێرە و بێ ماڵ و شوێن چارەنوسمان دیار نیە".

**منداڵانی جیهان بە هانامان وەرن**

کچێکی تەمەن (٨)ساڵان وتی:"منداڵانی جیهان بە هانامان وەرن، ئێمە هەموو شتێکمان لە دەستدا خۆشگوزەرانی و خانەوادە و یاری و خوێندن و سەردان و گەشت و سەیران هیچمان نەما".

**ساڵی ئایندە لە کوێ دەخوێنم**

سەرەرای ئەو بارودۆخە پڕ لە مەینەتی و ئازارەی بەسەر منداڵە ئێزیدییەکاندا هاتووە، هەندێکیان باس لە تاوان و هەندێکشیان باس لە ئایندەیان دەکەن، منداڵێك وتی:"من قوتابیم نازانم ساڵی ئایندە لە کوێ دەخوێنم، حەزم لەخوێندن بوو".

**"من دەمەوێ یاری بکەم بەڵام شوێنمان نیە"**

ئەمەی سەرەوە قسەی منداڵێکی تەمەن (٧) ساڵان بوو لە یەکێك لە کەمپەکان.

**کوا دایکمان؟!**

بەساڵاچوویەکی ئافرەت لەسەر زەوییەکە راکشابوو بەم گەرمایە بەتانیەکی لەسەر بوو، ئەو دەگریا و دەی وت: من هێزم نیە و توانای ڕۆیشتنم نیە، چوار منداڵی تریش لە تەنیشتیەوە ئەوانیش هەر دەگریان ڕوومەت و لایەکی لاشەیان بە هۆی گەرمای تیشکی خۆرەوە سوتابوو، ئەوان دەگریان و قسەیان دەکرد، بەڵام لەبەر گریانەکەیان قسەکردنیان ڕوون نەبوو کە چی دەڵێن، بەس ئەو قسانەیان تێگەیشتین کە دەیان گوت "دایکا من کانێ، کوا دایکمان...کوا دایکم..کوا دایکمان؟"، ئەوان لەسەر زەوییە وشك و رووت و گەرمەکەی سەر چیای شنگال بێ خاوەن کەوتبوون هەرچەند بە پەڕۆیەکی سپی برینەکەی سەریان داپۆشرابوو، چارەسەری سەرەتاییان بۆ کرابوو، بەڵام ئەوان ناخ و دەروون و ژیانیان وێران و روخێندرابوو.

**هاوار خوشك و براکانم**

منداڵێك کە تەمەنی نزیکەی(٥) ساڵ دەبوو، باری دەروونی تێک چووبوو، هەر دەی وت:"هاوار ...هاوار خوشك و براکانم، باوکم، دایکم،.... هاوار... ".

**"بوکەکەم بە سێ کچەوە دەستگیر کراوە"**

ئەمەی سەرەوە قسەی ئافرەتێکی بەساڵاچووی ئاوارەی ئێزیدیە بە گریانەوە تەنیا ئەوەی گوت.

**هاوسەرەکەم و هەرسێ منداڵەکانم**
پیاوێکی ئاوارە وتی:"هاوسەرەکەم و هەرسێ منداڵەکانم کە تەمەنی یەکێکیان سێ ساڵانە و ئەویتریان دوو ساڵان و بچوکەکەیان دوو مانگ تەمەنیەتی، لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر کراون نازانم چارەنوسیان بەرەو کوێ دەچێت، نازانم کوڕە بچوکەکەم ماوە یاخۆد سەریان بڕیوە". بۆ ماوەیەك لە قسەکردن وەستا و فرمێسك لە چاوانی دەهاتنە خوار و بە تووڕەیی و حەسرەتەوە ئەمجارەیان وتی:"ئەوانە دڕندەن، نەزانن، بێ ئاینن، بێ ویژدانن، بێ شەرەفن و بێ ناموسن و بێ غیرەتن، ئەوان زەرەیەك کەرامەت و ویژدانیان نیە، ئەو کەسانەی بیروباوەڕیان بەهێزە تەنیا ئاینەکەی خۆیان دەوێ و زۆر لە کەس ناکەن ئایین و باوەڕیان بگۆڕن و مرۆڤەکان سەر نابڕن و ئافرەتەکان نادزن، بەڵام ئەمانە دڕندەن و بە خوێنی مرۆڤ دەژین".

**ئێمەیان بردووەتە سوریا**
ئاوارەیەکی ئێزیدی وتی:"ئامۆزایەکم کە پزیشکی ددان بوو لە لایەن چەکدارەکانی داعش رفێنراوە، پەیوەندیم بە باوکی کوڕەکە کرد وتی: پەیوەندیم بە کوڕەکەمەوە کرد، کوڕەکەم وتی: ئێمەیان بردووەتە سوریا و ئێمە زیاتر لە (١٠٠) کەسین، بەڵام چەند ڕۆژێکە لێی بێخەبەرم و تەلەفۆنەکەشی داخراوە".

**ئێمە برایەتی عەرەبمان ناوێ**
ئەو ئاوارە ئێزیدییە بەردەوم بوو لە گێڕانەوەی وتی:"ئێمە برایەتی عەرەبمان ناوێ دەمانەوێ گوندەکانی دەوروبەرمان کە عەرەبن هەموویان لاببرێن و نەمێنن چونکە ئەوان خیانەتیان لە مرۆڤایەتی و ئاین و ویژدان و هاوسێیەتی کرد، ئەو گوندانەشی لە کۆندا هی ئێزیدییەکان بوون بەڵام سیاسەتە یەك لە دوا یەکەکانی حکومەتی عێراق و ئەم ناوچەیان بە عەرەب پڕ کردووەتەوە و زەویەکانیان بە عەرەب بەخشی.
ئەو عەرەبانە هاوکاری چەکدارە داعشەکان دەکەن و ڕێنیشاندەری ئەوانن، ئەوان ئێمەیان تاڵان کرد و ئافرەت و کچەکانیان فرۆشتین".

**خەڵکی بارزانیش سەردەمانێك وەك ئێمە ئاوارە و دەربەدەربوونە**
ئەو هاوڵاتیە ئێزیدیە ئاوارەی دەڤەری بارزان بوو، لە درێژەی قسەکانیدا وتی:" هەر زوو ڕامان کرد و شنگالمان بەجێ هێشت چونکە شارەزای

درندەیی چەکدارانی داعش بووین، بۆیە ڕوومان کردە ناوچەی بارزان، من زۆر سوپاس گوزاری برا موسڵمانەکان و خەڵکی دەڤەری بارزانم کە هاوکاری بەردەوامیان دەکەن، ئێمە هاتووینەتە ناوچەیەکی دوور لە شوێنی ڕەسەنمان و دوور لە ئاوارەکانی تری ئێزیدی، زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەکانی تر خزم و کەس و کارمان لە چیای شنگال گیریان خواردبوو ئەوان خۆراك و ئاویان نەبوو کەسانی زۆر ڕۆژانە دەمردن بە تایبەت منداڵان و پیر و پەککەوتە، ئێوەی خەڵکی بارزانیش سەردەمانێك وەك ئێمە ئاوارە و دەربەدەر بوونە ئێوە حاڵ و بارودۆخی ئێمە دەزانن".

## ئەوە ڕەفتاری برا موسڵمانەکان نیە

بەردەوام بوو لە گێڕانەوە و وتی:"ئێمە زوو خۆمان ڕزگار کرد چونکە پێش ئێمە چەکدارانی داعش چوونە چەند گوندێکی تر، ئێمە هەواڵمان پێگەیشت بەڵام چەندین کەس و کارم و خزم و دۆست و خەڵکی شنگال ئاوارەی چیای شنگال بوون، ئەوان ئۆتۆمبێل و ماڵ و هەموو شتەکانیان تەقاندەوە، ئافرەت و کچە جوان و ڕێك و پێکەکانیان بردین.

هەموو خەڵکی عەرەب و گوندەکانی دەوروبەر هاوکاری ئەم تیرۆرستانەیان دەکرد، ئەوان وتیان ئێزیدی و دینی ئێزیدی لە ناو دەبەین. ئەوە فەرمانی (٧٣)ێ یە بەسەر ئێمەی ئێزیدی و ئاینەکەمان دێت، بە ملیۆنان ئێزیدی لە ناو براون، ئەوانە موسڵمان نین چونکە چەند ساڵێکە لەگەڵ موسڵمانەکان تێکەڵین ئەوە ڕەفتاری برا موسڵمانەکان نیە و ئەوان لە وڵاتانی جۆراو جۆرەوە هاتوون بە ناوی ئیسلامەوە وادەکەن، تەنانەت مزگەوتی موسڵمانان و مەرقەد و شوێنە پیرۆزەکانی ئێمەیان سوتاند و لە ناو برد و تەقاندنەوە".

## مردن لە شنگال باشترە لە خۆشی ژیانی ئەوروپا

"یوسف بەری" ئاوارەیەکی شنگال لە یەکێك لە کەمپەکان وتی:"من دەمەوێت هەرچی زووە بگەڕێینەوە شنگال بۆ من مردن لە شنگال باشترە لە خۆشی ژیانی ئەوروپا، لە شنگال لە دایك بوومە و شوێنی منە، من زمان و پیرۆزییەکان و ئاین و کلتوری خۆم دەوێ هیچیتر نا".

## ئێمە هەر دەگەڕێینەوە

"سەیدو خەلەف" ئاوارەیەکی تری ئێزیدی وتی: چەندین گەنج و کەسوکارمان ئێستا لە دامێنی چیای شنگالن و مەرقەدی شەرفەدین دەپارێزن، تا ئێمە زیندو

بین دەست بەرداری شوێن و وارگەی خۆمان نابین، با تیرۆرستان و عەرەبە هاوکارەکانیان دڵیان بەوە خۆش نەبێ ئێمە هەر دەگەڕێینەوە، ئێمە تا زیندوین ئەم تاوانە لە یاد ناکەین منداڵەکانیشمان ئەم دڕندەیە لە بیر ناکەن".

**تەرمەکانیان فڕێدەدەن**

"سەباح خەیری" کاتێک لە چیای شنگال گیری خواردبوو، وتی "منداڵان دەمرن و کەسوکاریان تەرمەکانیان فڕێدەدەن و ناتوانن بیانبنێژن، چونکە هیچ ئامرازێکیان بەدەستەوە نییە و هیچ فریاگوزارییەکیش نە گەیشتووەتە ئەوان".

**ئەڵماسەکەم (هاوارە حەقە خودێ)**

چەند منداڵ و میر منداڵ و ئافرەتێك بوون ئەوان هەموویان دەگریان، قیژە و هاواریان ئەو چیایەی دەهەژاند دایکەکە دەستی بەرز کردبوو بەرەو ئاسمان بە گریانێکی بە کۆڵەوە نزای ئەکرد و هاواری دەکرد،"ئەوان هەموو شتێکیان لێ بردین هەرچی هەبوو، ژیان، ناموس، پیاو، ماڵ و موڵك و زێڕ و خشڵ...!! " منداڵەکانیش کە ژمارەیان زیاتر لە (١٠) منداڵ دەبوو لە دەوروبەری دایکە گەورەیان هەر دەگریان، دیسان هاواری دەکرد"حەقە خودێ، حەقە خودێ ئەڵماسەکەم، ئەمانە هەمووی وەك خوشك و برای ئەڵماسن، حەقە خودێ حەقە" خودێ ئەو هەر شینە و ماتەمی بە نزاوە دەکرد.

"ئەڵماسەکەم نەیتوانی بەسەرکەوێت ئەوان بردیان بە جێمان هێشت، هاوارە خودایە، ئەڵماسەکەم".

ئەم دیمەنە زۆر جەرگ هەژێن بوو، هەر کەسێ ئەم دیمەن و گرتە ڤیدیۆیە ببینێ بێگومان ناتوانێ خۆی رابگرێ بەرامبەر گریان و هاواری دایکی ئەڵماس، ئەو بە درێژایی ئەو ماوەی لە چیا بوون هەر گریاوە و ناڵین و شینی بۆ کچەکەی ئەڵماس دەگێڕا، ئەو ئاگای لە برسیەتی و تینوویەتی و گەرمای ئەم چیایە نەبوو لە بەر گریان و فرمێسك باراندن، ئەو بۆ کچە شۆخ و شەنگەکەی دەگریا کە نەیتوانی بوو رزگاری بکات و کەوتبووە دەست چەکدارانی داعش، ئەو منداڵانەی لە گەڵ دایکی ئەڵماس بوون ئەوانیش دایکیان لەم چیایە لە برسان و لە تینوویەتیان گیانی لە دەست دابوو، دایکی ئەڵماس بۆ کامیان دەگریا ئایا بۆ کچەکەی ئەڵماس یان بۆ بوکەکەی دایکی منداڵەکان یان بۆ نەوەکانی؟!!.

## منداڵە مردووەکەی سەر چیای شنگال

لە سەر چیای شنگال بەیانیان خەڵکەکە هەندێک جار بە قیژە و هاواری منداڵەکان بە خەبەر دەهاتن کە بۆ شیر و ئاو و خواردن و خۆراك دەگریان و هەندیک جاریش قیژە و هاواری دایکەکانیان کە ڕۆڵەکانیان لەدەستدەدا، سەرەڕای ئەمەش زۆربەی کاتی شەویش بەخەبەر بوون لە ترسی تیرورستان و نەبوونی پێداویستی خەوتن.
بە سەدان منداڵ لەم چیایە گیانیان لە دەستدا، هەندێکیان دەخرانە ژێر تاشە بەردێك و هەندێکیان لە سەر زەویەکە بە جێ دەهێڵان لاشە بێ رۆحەکان دەبوونە خۆراکی باڵندەکانی سەر چیا، هەشبوون بە هەر جۆرێک بێت منداڵەکەی ژێرخاك دەکرد، ئەو دیمەنەی کە بینیم منداڵێك کە تەمەنی هەر (٦) مانگێك دەبوو دایکەکەی بە دەسماڵە سوورەکەی منداڵەکەی داپۆشیبوو، دواتر بە دەست و بە دار گۆڕێکی بچوکیان بۆ لێدا و منداڵەکەیان خستە ناو گۆڕەکە و هەمدیسان بە دەست و بە نینۆکەکانیان خۆڵیان خستەوە سەر منداڵەکە و ئیتر ئەم دایکە دڵ و دەروونی تا رادەیەك ئاسودەتر بوو لەوانی تر، چونکە ئەو توانی گۆڕێك بۆ منداڵە مردووەکەی لێبدا و لەوێ بینێژێت.

## هەمان شێوەی منداڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە

منداڵەکە بۆ شیر دەگریا، دەستی بۆ قوتووە شیرەکە دەبرد، بەڵام دایکی نەیدەتوانی شیرەکەی پێ بدات چونکە تەنیا بەشی یەکجار شیری لە قوتووەکەیدا مابوو، ئەویش بۆ خوشکە (٤) مانگیەکەی بوو، هەرچەند دایکەکە دەیویست کچە(٣) ساڵانەکەی بە جانتا و قوتووی بێ خۆراك رازی بکات بەڵام بێ سوود بوو، دواتر ناچار بوو بە گریانەوە بە کچەکەی وت "هیچ شیر نیە و چیت پێ بدەم"، ئەم جارەیان دایك و هەردوو منداڵەکان دەستیان بە گریان کرد، دیمەنی کیمیابارانی هەڵەبجەم هاتەوە یاد چونکە منداڵ بە بێ هێز کەوتبوون، هەندێك لە منداڵەکان روخسار و لاشەیان لە بەر تیشکی خۆر سوتابوو، لەم لاشەوە منداڵان دەگریان بۆ خۆراك و ئاو، منداڵێکی تر کە هێزی تێدا نەمابوو وشك هەڵگەرابوو لە سەر زەویەکە کەوتبوو هەمان شێوەی منداڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەڵام ئەوان شەهید بوون و رۆح لە لاشەیان نەمابوو، بەڵام ئەمانە رۆح لە لاشەیان مابوو ڕەنگ و روخساریان و هێز و توانایان نەمابوو.

**لە ڕێی خوا کەسێك یارمەتیم بدات**

پیاوێکی ئاوارەی ئێزیدی وتی:"من شایەتی ئەوە بووم و بینیم ئافرەتێکی بە تەمەن لە پشت بەردێك بەجێ مابوو، هاواری دەکرد لە ڕێی خوا کەسێك یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی بتوانم بەرەو سەرەوەی چیاکە بڕۆم، من هێزم نەماوە، دەستێکی کەل و پەل و جل و بەرگی تیابوو، دەستەکەی تر ئاو، لە سەر ڕێگاکە کەوتبوو چەند دەقەیەکی نەبرد دڵی لە کار وەستا، من لە ڕێگاکە بردمە دەرەوە چەند بەردێکم لە تەنیشتی دانا و بە جێم هێشت، تەنیا توانیم لە ڕێگاکە بیبمەدەر و هیچی تر".

**ئافرەتێکم بینی منداڵەکەی فڕێدا**

ئافرەتێکی ئاوارەی ئێزیدی، کوڕێکی تەمەن (١٠) ساڵان لە تەنیشتەوە بوو، وتی:"ئەمە ناوی سالمە و بە تەنیا ماوە، خانەوادەکەی بە ئۆتۆمبێلەوە لە ڕێگادا کەوتبوونە دەست داعش، برازامە، نزیکەی(١٠) ڕۆژ بە تەنیا لە چیا مابوو.
ئاو نەبوو بدەم بە منداڵەکان، سەری بوتڵی ئاومان دەدا بە منداڵەکان کە هەر (٥) سیسی ئاوی دەگرت".
"سالم"ی تەمەن (١٠) ساڵانی بێ کەسوکاری وتی:"من (١٠) ڕۆژ لە چیا بووم بێ دایك و باوك و کەسوکار، من ئافرەتێکم بینی منداڵەکەی فڕێدا وتی ئاو نیە بیدەمێ، ئەوان چەندین جار سەری بوتڵە ئاوەکەیان بەرز کردەوە و وتیان ڕۆژانە هەر دەمانتوانی هەریەکە و ئەوەندە ئاو بخۆینەوە و زیاتر نا، چونکە ئەگەر زیاترمان بخواردایە، ژیانی کەسێکی ترمان دەکەوتە مەترسیەوە لە تینوویەتیان دەمرد".

**مردنێکی وامان پێ باشترە**

دوای ئەوەی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیان لە لایەن داعشەوە دەستگیر کرابوون، دواتر هەوڵی کۆمەڵکوژیان پێ گەیشت، ئەو دوو کچەی کە پێشوتر لە لایەن خانەوادەکەیەوە، ڕەوانەی چیا کرابوون بۆ ئەوەی کچەکانیان نەبەن، بەڵام تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیان کوشباران کران و ئەم دوو کچەش لە چیا بە حەسرەتی ماڵە باوانیان و بە بێ کەسی و ترسیان لە دەستدرێژی چەکدارانی داعش خۆیان لە شاخەکەدا فڕێ دایە خوارەوە و گیانیان لە دەست دا، بە چاوی خۆم بینیم هەر دەیان گوت: بۆ ئەوەی ئێمەش بە ڕەزیلی نەکوژرێین و نەکەوینە دەست چەکدارانی داعش، مردنێکی وامان پێ باشترە، نەك کوشتن و ئەتك بردن و دەست درێژی کردنە سەر ناموسمان...

**پێنج سیسی ئاو، بە (٣٠٠) دۆلار نەدەکردرا**
"یەکێك زیاتر لە (٣٠٠) دۆلاری دا بە کەسێك بەس بۆ ئەوەی سەری بوتڵێك ئاوی پێ بدات کە پێنج سیسیە، بەڵام پێی نەدا، پارە و موڵك و ئۆتۆمبێل لەم شوێنە هیچ ئەرزشی نەبوو، گوێ درێژێك لەم چیایە بە ئۆتۆمبێلێکی (٢٠١٤) نەدەگۆڕایەوە، لەم چیایە هیچ شتێك وەك پارە بێ بەها نەبوو، جەمەك خواردن سەدان دۆلاری دەهێنا"، ئەمە قسەی پیاوێکی ئاوارەی ئێزیدیە.

**ئەی منداڵەکان گوناحیان چیە؟**
کچی (١٥) ساڵان و (١٦) ساڵان بە (٥٠) هەزار دینار دەفرۆشرێن، کام دین ئەمەی قبوڵە، کام مێژوو، کام ئایین کام سەردەم ئەوەی کردووە؟!.
ئەگەر کافرێك لە سەر ڕووی زەوی هەبێت چەکدارانی داعشن، کەسی تر نا، هەمووتان دەبیستن کە بازرگانی بە کچەکانمان دەکرێت، من پیاوم با بمکوژن، ئەی منداڵەکان گوناحیان چیە؟.
بۆنی مەرگ لە هەموو گوندەکانی شنگال دێت، منداڵ و پەککەوتە و نەخۆش و کەم ئەندام هەموویان دەکوشتن.
ئەوانەی لە سەر ئاڵاکەیان دەنووسن"الله اکبر"هەر لە ژێر ئەم ئاڵایەش هەزاران خەڵکیان کوشت و سەر بڕی، ئەوان کوا ئیسلامن؟!، ئەوانە ئیسلامن کە ئێستا لەم کەمپەدا هاوکاریمان دەکەن و شوێنیان بۆ دابینکردین و خواردن و خواردنەوەمان بۆ دەهێنن و ئێمەیان رزگار کرد".

**کۆمەڵێك دز و جەردەن لە ژێر پەردەی ئیسلام ئەم کارانە دەکەن**
"بەخوا، بە تاوس مەلەك، بە قورئانی پێغەمبەری ئیسلام، سوێند دەخۆم ئەوانە ئیسلام نین، چونکە من چەندین ساڵە لە گەڵ ئیسلام دەژیم و هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکەم، ئیسلامی ڕاست ئەم کار و کردەوانە ناکات، ئەوانە نە ئاینیان هەیە نە خاکیان هەیە، نە نیشتیمان و نە نەتەوە هیچیان نیە، کۆمەڵێك دز و جەردەن لە ژێر پەردەی ئیسلام ئەم کارانە دەکەن". ئەمەی سەرەوە قسەی پیاوێکی ئێزیدیە.

**شیرمان نەبوو**
دایکی دووگیان و زارۆکی تازە لە دایك بوو لە چیای شنگال دووچاری مەرگ دەبوونەوە، دایکێکی ئاوارە دەڵێت:"شیرمان نەبوو، خواردن و خواردنەوە و خۆراکیشمان نەبوو، بۆ ئەوەی بیدەینە منداڵەکانمان، منداڵەکانمان لە سەر تاشە بەردەکان دەخەوتن"، ئەم چیایە چیرۆکی جۆرا و جۆری لە پاڵەوانیەتی

منـداڵەکان دروسـت کـرد، هەنـدێك لە چیرۆکەکـان پـڕاو پـڕن لە تراژیـدیا و هەندێکیشیان پڕن لە قارەمانیەتی و خۆڕاگری.

**منداڵەکەی لەم چیایە بە جێ هێشت**

دایکێك منداڵی خۆی فڕێدا بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی رزگـار بکـات ئـافرەتێکی ئاوارە وتی:"خوشکەکەم منداڵەکەی لەم چیایە بە جێ هێشت، هەرگیز لە یادی ناکەم" ئەمەی بە گریانەوە گوت:"حەسرەتی منداڵەکانمان پارویەك نان بوو بە سەری بوتڵی ئاو، ئاومان داوەتە منداڵەکان".

**هەندێك گەنم**

ئەو دایکە بەردەوام بـوو لە گێـڕانەوە و وتـی:"کاتێـك هەنـدێك گەنمـمـان دەسـت دەکەوت هەسـتمان دەکـرد تـازە ژیـان دەسـتی پێکـردووە، چـونکە بە بەرد ورد وردمـان دەکـرد و دەمـان دا بە منـداڵەکان"، لەم چیـایە سـەدان منداڵ گیانیـان لە دەستدا بێ ئەوەی خانەوادەکانیان مەراسیمی ماتەمینیشیان بۆ بکەن.

**هەواڵی کوڕەکەم نازانم**

یەکێکـی دیـکە لە پەنـابەرە کـوردە ئێزیـدییەکانی شـنگال بە نـاوی "خالیـدە عەبدوڵڵا"، باسی لە ڕفاندنی کەسەکان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە کرد و وتی:"خێزانــی خــاڵم و دایکــم و منــداڵەکان کەوتــنە دەسـتی داعـش، هـیچ هەواڵێکیانمـان نییە کە چییـان لـێ هاتووە، ئێمە بۆ ڕزگـار کردنـی گیانمـان تـا سنووری تورکیا ڕێمـان کـرد، نـازانین چەنـد کیلۆمەترمـان بڕی، کـوڕەکەم لە عێـراق مـایەوە، هـیچ هەواڵێکـی نـازانم. دەمـانەوێ بە یەکەوە بـژین، نـامەوێ جارێکی دیکە بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم".

**دۆخی ئاوارەکانی شنگال لە سەر چیا و دوای دابەزینیان**

دۆخــی کــوردە ئێزیــدییەکانی شــنگال تــاوانێکی مرۆیــی گەورە بــوو، بـۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێنـایە دەنـگ، لە لایەن داعشـەوە ژمارەیەکیان کە کچ بوون ئەوانیان برد، ئەوەی پیاو بوون کۆمەڵکوژیان کردن و ئەوانەی توانییان خۆیان ڕزگار بکەن، بەشێکی زۆریان چوونە سەر چیای شنگال. لە سـەر ئەو چیایە بەشێکیان لە تینوویەتی و برسێتیدا، گیانیان لە دەست دا.

**هەموو ئەو پیاوانەمان بە کوژراوی بینی**

"ئەلیاس شنگالی" پیاوێکی بە تەمەنی ئاوارە بوو، ئەو لە بن سێبەرێک بەتانیەکی لە جیاتی خێوەت هەڵدابوو و منداڵەکانی لە بن ئەو سێبەرە بۆ کاتێکی نادیار حەواندبووەوە.

"ئەلیاس" باس لەوە دەکات کە بە چاوی خۆی بینی؛"داعش هاتن گوندی شێخ خدریان گرت و پیاوەکانیان دەبرد، ئێمە ڕامان کرد، دواتر هەموو ئەو پیاوانەمان بە کوژراوی بینی کوشتبوویانن، خەڵک بەرەو چیای شنگال بەسەر کەوتن و(٧) ڕۆژ لە سەر چیا بێ نان ماینەوە، هەرچەندە هەندێک ئاو هەبوو، بەڵام ئاوەکە بۆ خواردن نەدەشیا و بە ناچاری ئەو ماوەیە بەسەرمان برد".

ئەلیاس(٦)منداڵی هەیە و ئاماژە بەوە دەکات، منداڵەکانیان نزیک ببوونەوە لە مردن، ئەوە بوو دواتر ڕێگایان بۆمان کردەوە و ئێستاش (١٠) ڕۆژە لێرەین و کەسێک نەهاتووە شتێکمان بۆ بکات و لێرەش ئاوی پیس دەخۆینەوە".

**بەو پیرییە بە هۆی ترسی ئەو دڕندانە ڕێگای چیامان گرتە بەر**

پیرێژنێک لەولاتر لە ژێر سێبەری چادرێک دانیشتبوو و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیار بوو، ئەو ئافرەتە وتی:"ئەوەی ئێمە بینیمان کەس نەیبینێت".

ئەو بە چاوی خۆی بینیویەتی کە چەندین ئافرەتیان بردووە و چەندین کەسیان سەر بڕیوە، ئەوەش دەڵێت:" بەو پیرییە بە هۆی ترسی ئەو دڕندانە ڕێگای چیامان گرتە بەر و چەندین منداڵ لە سەر چیا مردن و تەرمەکەیان لەبەر بەردێک دادەنا یا هەندێک خۆڵیان بەسەردا دەدا و بە جێیان دەهێشت".

هەروەها دەڵێت:" دواتر هێزێکی پێشمەرگە هاتن ڕێگایان بۆمان کردەوە و بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆیشتین و دواتر گەڕاینەوە سنووری هەرێمی کوردستان، ئێستا لەم چۆڵاییە کەوتووین بێ ئەوەی کەسێک ئاورێکمان لێ بداتەوە و خواردنێکمان بۆ بێنێت".

**ناوی دەکەینە (ڕەڤۆک) واتا هەڵاتوو**

"خاتوون" ئافرەتێکی شنگالە و لە سەر چیا منداڵی بووە، خاتوونیش دەڵێت: "حەوت ڕۆژ لە سەر چیا ماینەوە بێ خواردن، کاتی لە دایکبوونی منداڵەکەشم زۆر بێتاقەت بووم نە نان و نە ئاو، هیچ نەبوو بە کۆرپەکەمی بدەم و(٧)ڕۆژ بەو شێوەیە بەسەرمان برد"، "خاتوون" منداڵەکەی کوڕە و دەڵێت:"ناوی دەکەینە (ڕەڤۆک) واتا هەڵاتوو"، ڕۆژی دواتر بوکەکەیشی بە هەمان شێوە کوڕێکی دەبێت.

**پیاوی مردوو، لە ناو گۆمی ئاو فڕێ درابوون**
لەولاتر گەنجێک لێمان نزیک بووەوە، "سلێمان" خەڵکی کۆمەڵگەی گۆهبەلی شنگالە، ئەو بە چاوی خۆی چەندین پیاوی مردووی بینیوە لە ناو گۆمی ئاو فڕێ درابوون و کەسیش نەیدەگوت ئەوە کێیە و کێ نییە، چونکە هەر کەسە و بە حاڵی خۆی خەریک بوو، ئەو گەنجە نایشارێتەوە کە عەرەبەکانی سنووری شنگالیش شانبەشانی داعش بە دڕندەترین شێوە خەڵکی شنگالیان دەکوشت.

**دوای مردنی منداڵەکەی خۆی لە چیا فڕێ داوەتە خوارەوە**
ئەو گەنجە لە سەر زاری براکەی دەگێڕێتەوە؛"کە ژنێک دوای ئەوەی منداڵەکەی بە هۆی تینوویەتی دەمرێت، دواتر خۆی لە چیا فڕێ داوەتە خوارەوە و نەیتوانی خۆی لە بەر ئەو تراژیدیایە بگرێت".

**با فڕۆکە بێت و ئەو شوێنە بۆردومان بکات**
ئەو گەنجە باس لە ڕووداوێکی تریش دەکات کە کاتێک داعش کۆمەڵێک کچی شنگالیان برد، یەکێک لەو کچانە هەلێکی دۆزییەوە و تەلەفۆنی بۆ "قاسمی شەشۆ" کرد و پێی گوت:" ئێمە لە فلانە شوێنین با فڕۆکە بێت و ئەو شوێنە بۆردومان بکات، چونکە ئێمە تەواو ڕزگارمان نابێت با داعشەکانیش لە گەڵماندا بمرن".

**جەستەمان لە بەر ئەم تیشکی خۆرە سووتاوە**
"وێنسا عەلی" وتی:"ئێمە تەنیا توانیمان خۆمان و منداڵەکان رزگار بکەین، ماڵ و موڵك و میرات و ماندوو بوونی چەندین ساڵەمان لە چرکە ساتێکدا لە دەستدا، تەنانەت پارەو نانێکمان لە گەڵ خۆمان نەهێنا ئێمە هەموو جەستەمان لە بەر ئەم تیشکی خۆرە سووتاوە دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ناوچەکەمان و لەوێ بە ئاسوودەیی بژێینەوە".

**خۆشیمان بۆ بگەڕێتەوە**
"هاجەر" ئافرەتێکی ئێزیدی ئاوارە وتی:"ئێمە لە بەر کچ و بوکەکانمان هەڵاتووین بۆ ئەم پەرستگایە داوا لە خودا دەکەم خۆشیمان بۆ بگەڕێتەوە".

**ڕاکەن داعش هات**
کوڕە گەنجێکی ئێزیدی لە سەر پردی فیشخابوور وتی:"ئێمە فەرمانبەر بووین لە نەخۆشخانە بووین، هەر ئەوەمان زانی خەڵکەکە ڕایان کردووە، وتیان ڕاکەن داعش هات، ئێمەش لە گەڵ چەند هاوڕێیەکم یەکسەر ڕامان کرد، بەڵام ئەوان ئێمەیان لە دوورەوە گوللەباران کرد، من و چەند هاوڕێیەك خۆمان خستە پشت بەردێکەوە و چەند هاوڕێیەکی ترم دەستگیر کران و هاوڕێیەکی ترمان هەر لەو شوێنە چەند کوللەیەکی بەرکەوت و گیانی لە دەستدا".

**داعش نەبوون دز بوون**
"رشید ئاشور" پیاوێکی ئێزیدی وتی:"ئێمە لە ناوچەی خانەسور لە باکووری چیای شنگال بووین، خەڵکی گوندەکانی پێش ئێمە ڕایان دەکرد و وتیان تیرۆرستان هاتن، ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان هەبوو زوو ڕایان کرد و گەیشتنە دهۆك، بەڵام ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان نەبوو یاخۆد فریای هەڵاتن نەکەوتن هەندێکیان لە ڕێگاکان کەوتنە دەست داعش هەندێکیشیان بەرەو چیا ڕایان کرد، هەندێکیش لە ماڵەکان مانەوە، ئێمە ماینەوە لە گەرەکەکەمان نزیکەی (١٠٠) کەس دەبووین، ئەوان هاتن بەڵام داعش نەبوون دز بوون، عەرەبە هاوسێکانمان بە ئۆتۆمبێلی پیکابەوە هاتن و کەل و پەل و شتومەکی ماڵەکانیان دزی، من بە چاوی خۆم بینیم چەکداریش بوون.
ئێمە دڕندەیی ئەوانمان بینی و زۆر توندڕەو بوون، بۆیە کاتێك شەومان بە سەردا هات ئێمەش بڕیارماندا ڕێگای چیا بگرینە بەر، کە هەر (١٥) کیلۆمەتر لە چیا دوور بووین، ڕێگامان گرتەبەر بە درەنگانی شەو، ئێمە چونکە شارەزای چیاکە بووین زانیمان کانییە ئاوەکانی ئەم چیایە لە کوێن چووین بۆ سەر کانییەك، بەڵام تەنیا ئاومان دەست کەوت، خواردن و خۆراك و شتومەکی نوستنمان نەبوو، ئیمە بە نهێنی چوینە گوند بۆ ئەوەی شتومەك و پێداویستی بهێنین، کە گەڕاینەوە چەکدارەکان دەست درێژی گوللەیان کردین و گوللە باران کراین، بەڵام ئێمە هەم دوور بووین و هەم دار و بەردی چیاکە و بەرزی و نزمیەکەی ڕێگر بوون لەوەی گوللەمان بەرکەوێت و رزگارمان بوو".
چەکدارنی داعش هیچ لە مانای پێکەوە ژیان و ئابرو و کەرامەتی مرۆڤایەتی نازانن.

**ڕەنا بیری دایکم دەکەم**

ئــاوارەبوونی کــوردانی ئێزیــدی بــۆ چیــای شــنگال دەیــان چیرۆکــی پــڕ لە تراژیدیای لە دوای خۆی بە جێ هێشت "ڕەنا حجی" یەکێک لەو منداڵانەی لە دایکـی جودا بـووە و دەیەوێـت دایکـی ببینێـتەوە،" ڕەنـا"ی تەمەن (٩) سـاڵان دەڵێت:"ئێمە خەڵکـی تەل بەنـاتین کاتێـک چەکدارانی داعش هێرشـیان کـردە سـەر شـنگال ئـێمە بە پـێ ڕامـان کـرد بەرەو چیـای شـنگال لە ڕێگـادا داعش گەلێـک کەسـیان دەسـتگیر کـرد دایـک و بـرا بچـوکەکەم وەک ئـێمە توانـای ڕۆیشتنیان نەبوو ئەوان لە بناری چیا لە لایەن چەکدارانی داعشـەوە دەستگیر کران من و براکم و باوکیشم رزگارمان بوو"، "ڕەنا" بە چاوی پڕ لە ئەسرین و هەنسـکی گریـانەوە وتـی:"من دەمەوێت ڕۆژێـک لە ڕۆژان دایکم ببینمەوە زۆر بیری دەکەم بیری برا بچوکە خوێن شیرینەکەم دەکەم".

**لە ئاودەستی ماڵەوەدا خۆمان شاردبووەوە**

ژنێــک کە شــایەتحاڵی تــاوانی کوشــتنی هاولاتیــان بــووە، دەڵێت:"کاتێــک چەکـدارانی داعـش هـاتنە نێـو گونـدەکە، دانیشـتوانەکەی چۆڵیـان کـرد و لە دەروازەی گوندەکەوە هەڵدەهاتن، من و کوڕەکەشم کە لە ترسان لە ئاودەستی مــاڵەوەدا خۆمــان شــاردبووەوە، بینیمــان کە چەکــدارێک بە چەکــی بــی کەی ســییەوە لە دەروازەی گوندەکــە دانیشــتووە و هەر کەســێک دەیەوێ لەوێــوە هەڵبێت، گوللە بارانی دەکرد".

**سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم**

بۆ ئامادەکرنی ئەم راپۆرتە سوودم لە چەندین سەرچاوە و کەناڵی جۆربەجۆر وەرگرتووە، زۆربەی هەرە زۆری کەناڵەکانی راگەیاندن بە تایبەت کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردی و گرتە ڤیدیۆکان و سایت و ماڵپەرەکان، هەروەها ئێمەش بە شێوەیەکی مەیدانی لەگەڵ چەندین کەس چاوپێکەوتنمان ئەنجامداوە ئەمە جگە لە سەر سنووری بێشخابوور و لە چاوەڕوانی هاتنی ئاوارەکاندا و بردنی کۆمەک و هاوکاری بۆ ئەوانەی لە چیای شنگال ڕێگایەکی دوور و درێژیان بڕیبوو، سەرەڕای ململانی زۆریان لە چیای شنگال بەرامبەر بە نەبوونی خواردن و خۆراک و شوێنی حەوانەوە.

# بەشی دووەم
# تراژیدیای ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا

## تراژیدیای (١)
## منداڵە مردووەکە

دایکێکی ئێزیدی لە سەر چیای شنگال کوڕە نۆبەرەکەی کە تەمەنی دوو مانگ بوو لە برسان و لە گەرمان گیانی لەدەست دەدات و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بە مردوویی بە باوەشیەوە دەبێت.
لە نێو ئاوارەکانی شنگاڵدا کە لە ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری کوردستان دەگەڕانەوە، دایکێک منداڵێکی مردووی بە باوەشەوە بوو.
دایکی منداڵەکە وتی:"دوای ئەوەی لە ترسی تیرۆریستانی داعش ڕوومان کردە چیای شنگال، تاکە کوڕە دوومانگانەکەم بە هۆی برسیەتی و گەرما و بێ سەرپەنایی گیانی لەدەست داوە، دواتریش بە یارمەتی هێزی پێشمەرگە لە چیاکە دابەزین و بەرەو ڕۆژئاوا رۆیشتین، تەرمی منداڵکەم جێ نەهێشت و لەگەڵ خۆمدا بردم و ئێستاش لە گەڕانەوەدا دەمەوێ لە خاکی خۆماندا بینێژم..!!!

## تراژیدیای (٢)
## شایەتحاڵێك چیرۆكی "دۆزەخی شنگال" دەگێڕێتەوە

لە دیمەنێكدا كە زۆر جیاواز نییە لەو دیمەنانەی لە فیلمە سینەماییە مێژووییەكاندا دەیانبینین، هەزاران كەس لە دەستی چەكدارانی داعش هەڵدێن و لە پردێكی سەر رووبارێكی باشووری كوردستان ەوە دەچنە ئەوبەری رووبارەكە.
ئەو ئاوارانە لە "دۆزەخی مەرگ" كە لەسەر دەستی رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە "داعش" دانراوە، لە چیای شنگال بە گەشتێكی دوورودرێژ هەڵدێن و تەنیا برێك جلوبەرگیان پێیە و هەندێكیان بە پێخواسی بەو ناوچە تەپوتۆزاوییەدا هاتوون.
جەمال جامیر، خوێندكاری زانكۆ كە تەمەنی ٢٣ ساڵە بۆ "CNN" جەختی لەوە كردەوە كە دوای ئەوەی چەكدارانی داعش دەستیان بەسەر شنگالدا گرت، ئەندامانی خێزانەكەی بەر لە هەفتەیەك بەرەو چیای شنگال هەڵهاتوون لەبەر ئەوەی ئەو چەكدارانە كوشتنی بەكۆمەڵیان دژی كەمینەكان ئەنجام دەدا بە ئێزیدییەكانیشەوە.
جامیر دیوێكی تری ئەو نەهامەتییە دەگێڕێتەوە كە كەمینەكانی ئەو ناوچەیە تیایدا دەژین، وتی: "لەگەڵ هاتنە ناوەوەی چەكدارانی داعش بۆ شارۆچكەكە، ژمارەیەكی زۆر دانیشتووی عەرەب چوونە پاڵیان و لە كوشتنی دراوسێ ئێزیدییەكانیان هاوكار بوون".
جەمال جامیر وتیشی: "عەرەبەكان چوونە پاڵ چەكدارانی داعش، لە ڕاستیدا ئەوان دەمانكوژن".
لە وەڵامی پرسیارێكی "CNN"دا لە بارەی ئەوەی ئایا ئەو كەسانە دەناسن، ئەو گەنجە ئێزیدییە وتی:"بەڵێ... ئەوانە دراوسێكانمان بوون".
خێزانی جامیر یەكێكە لەو هەزاران خێزانە ئێزیدییانەی پەنایان بۆ چیاكە بردووە و لە بارودۆخێكی زۆر قورسدا ژیان دەگوزەرێنن و چاوەڕوانی ئەو یارمەتییانەن كە پێكهاتوون لە خۆراك و ئاو و لە لایەن ژمارەیەك فڕۆكەوە جار جار بۆیان دەبرێت، هەرچەندە بەشیشیان ناكات.
لە گەشتی هەڵهاتنیان لە "دۆزەخی شنگال" كە نزیكەی ١٥ سەعاتی خایاندووە، خێزانی جامیر ماوەیەكی دوور و درێژیان بە پێ بڕیوە تا گەیشتوونەتە سنووری سوریا و لەوێش ژمارەیەكی زۆر خێزانی ئێزیدییان بینیوە كە لە پردی فیشخابوورەوە گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی كوردستان.
جامیر ئاماژەی بەوەدا كە لە كاتی هەڵهاتنەكەیاندا دوو برای بچووكی لەدەست داوە، بە هۆی ئەوەی نەیانتوانیوە ڕێگاكە ببڕن، وتیشی: "دەبوایە چیمان بكردایە؟... بڕی پێویست ئاو نەبووە و بارودۆخەكە زۆر خراپ بووە... هەردووكیان مردن.

## تراژیدیای (٣)
## کۆچۆ گوندێکی جینۆسایدکراو

بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کوردانی ئێزیدی، (کۆچۆ) ئەو گوندە جوانەیە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری (شنگال) بە دووری (٢٣) کیلۆمەتر و سەر بە شارۆچکەی (بلیج- قەزای بعاج)ە. بە پێی ئامار و ژێدەرەکان، بە تایبەت کۆبوونی خۆراك (٣٤٤) خێزانی لێ نیشتەجێ بووە و کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی (١٦٠٣) هاوڵاتی مەدەنی بوون و لە بنەڕەتدا عەشیرەتی (مەندەکیە)ن، لە چوارچێوەی ئەو شاڵاوەی کۆمەڵکوژی و ڕفاندن و لە ناوبردنی دانیشتووانی ئەم گوندە لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، (٣٠٣) پیاو و (٢٧١) لە چوارچێوەی شاڵاوەکە ڕزگاریان بووە و (٥٢٠) پیاو لە گەڵ (٥٠٩) ئافرەت جینۆساید و کۆمەڵکوژ و بێسەرو شوێن کراون. ئەوەی لە بارەی جینۆسایدی گوندی (کۆچۆی) ئێزیدیەکانەوە باس دەکرێ و لە لایەن شاهێد حاڵەکانی ڕزگار بووی کۆمەڵکوژییەکەوە، چیرۆك و بەسەرهاتی ترسناك باس دەکرێ و دەگێڕدرێتەوە.

ئیهاب عەلی جدعان مەندەکانی لە دایکبووی ١٩٩٠ و دانیشتووی (کۆچۆ) خوێندکاری کۆلێژی ئاداب قۆناغی چوارەم - زانکۆی دهۆك، دەڵێ: ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ ئەو کاتە شەڕ لە سیبا شێخ خدر و کرزرك بوو، لە کاتژمێری حەوت شەڕ لە تەل قەسەب دەستی پێکرد، کۆچۆ (٢٣)کیلۆمەتر لە ناوەندی قەزای شنگالەوە دوورە، چوار دەوری هەمووی گوندی عەرەب نشینە، جگە لە لای باکووری بە درێژایی(٨ بۆ ١٠) کلیۆمەتر برایانی ئاینی ئێمەی لێیە (ئێزیدی).

هەروەها مەروان جدعان حلۆ دانیشتووی کۆچۆ، دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: لە کاتژمێری (٧)ی بەیانی لە کۆچۆ دەرچووین، ژمارەمان(٤٠) کەس بوو، هەموومانیان دەستگیر کرد، داعش هەموومانی بەر دەست ڕێژی گوڵلەدا، من و کوڕەکەم، سهیل محل، حمدی موراد، سهی موراد، خۆمان دەرباز کرد و بەرەو چیا ڕۆیشتین، دوای(١٠) کاتژمێرگەیشتینە چیای میران لە ناو ترس و دڵە ڕاوکێدا. یەك هەفتە لە چیا ماینەوە بە بێ نان و ئاو، بە ناچاری گەنممان دەکوڵان و دەمان خوارد، لە ڕێگا منداڵمان بینی مردبوون لە تینوویەتیا.

عزەت عباس ئیسماعیل باسی ئەوە دەکات و دەڵێ: کاتژمێری (٧)ی بەیانی ڕۆژی ٣-٨ لە کۆچۆ دەرچووین بەرەو شنگال بۆ ماڵی عەلی جدعان ڕۆیشتین، بەڵام بینیمان دۆخەکە ئاڵۆزە بۆیە بەرەو چیا بەڕێکەوتین، لە نیوەی ڕێگا باوکم پێی ڕاگەیاندم بگەڕێمەوە، بەڵام من مۆبایلەکەم داخست و بەرەو

چیا بەردەوام بووم لە ڕۆشتن، دایکم و سێ برا و چوار منداڵ بووین، لە نزیك یاریگای شنگال (داعش) دەستگیریان کردین، یەکێك لە داعشەکان بە زمانی کوردی پێی وتم: بەراز کودەچی یان ئەی بەراز بەرەو کوێ دەڕۆی .
باسی ئەوەش دەکات کە تفەنگەکەی لە سەرسەری داوە و پێی وتووە: بتکوژم ئەی بەراز، بەڵام لە بەر گریانی هەموو خانەوادەکان وازیان لێهێنام، یەك شەو لە ڕۆژهەڵاتی یاریگاکە ماینەوە. "سوهەیل محل حسۆ"م بینیەوە کە توانی لە چنگی داعشەکان هەڵبێ، بانگمانی کرد و تکای لێمان کرد، لە ڕۆژی ٤-٨ بەرەو دۆڵی کلی زرو رۆیشتین، دوو شەو لە ئەشکەوتێ دا ماینەوە، دواتر بەرەو سەردەشت لە نزیك چیای میرا رۆشتین و پێنج ڕۆژ لەوێش ماینەوە بە بێ هیچ خواردنێك و دوای ئەوە بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان رۆیشتین.
کۆچۆ، تاکە گوندی ئێزیدییە کە لە سێ لاوە بە دراوسێی عەرەب دەورە دراوە، ئەوان لە هەموو ناوچەکانی دیکەی شنگال زیاتر رووبەڕووی زەبر و زەنگی داعش بوونەوە و دواجار کۆمەڵکوژ کران.
باشوور و باکوور و ڕۆژئاوای گوندەکە عەرەبەکانی عەشیرەتی شەمەرن، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی خەڵکی گوندەکە رزگاریان نەبێت لە دەستی داعش.
نایف جاسۆ، کەسایەتی ناسراوی گوندەکە کە شەوێك پێش ڕووداوەکە بە ئیش هاتبووە شاری دهۆك، دەڵێت چەکدارانی داعش سەرەتا کە هاتبوونە نێو گوندەکە، خۆیان بە پیاو چاك پیشانداوە، بە جۆرێك برایەکی ئەویان کە نەخۆش بووە، بردووە بۆ بەعاج بۆ چارەسەر کردن، هەروەها خواردنیشیان بە خەڵکی گوندەکە دابوو.
نایف جاسۆ هۆکاری سەرەکی ئەم چاکانەی چەکدارانی داعشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێزیدییەکان بکەنە موسڵمان، بەڵام نەیانتوانی "بۆیە دوای ئەوەی لە دوو کۆمەڵگەی دیکە خەڵك رووبەڕووی داعش بوونەوە، ئەوان بێ هیوا بوون لەوەی ببنە موسڵمان و دەستیان بە کۆمەڵکوژی کرد".
نایف جاسۆ "یەکەمجار ١٠٥ خێزانی ئەو گوندە ویستیان ڕا بکەن و چوون بۆ نزیك گەلی قنێ و گوندی تەلقەسەب لە دووری ١٠ کیلۆمەتر لە کوچۆ، بەڵام چەکدارانی داعش پێشیان لێگرتن و ٦٢ پیاویان لێ گوللەباران کردن، ژنەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردن".
نایف لە ماڵی موسڵمانێکی شنگال لە دهۆك پرسەی بۆ خەڵکی گوندەکەی داناوە، گوتیشی "هەزار ژن و منداڵی دیکە کە پێشتر جیاکرابوونەوە، ئەوانیش

براون بۆ شوێنێکی نادیار، ئێمە دەزانین ئەوان تاوەکو شنگالیش زیندوو بوون، بەڵام دواتر نازانین چییان بەسەرهاتووە، چونکە مۆبایلیان لێسەندراوە".
ئەو باسی ٤٢٠ پیاو و منداڵ و گەنجی گوندەکە دەکات کە پۆل پۆل گوڵلەباران کراون "یەکەمجار کۆمەڵێکیان گوڵلەباران کرابوون، بەڵام سێ لەوان بریندار بووبوون و کەوتبوونە ژێر تەرمەکان، دواتر بەشەو ڕایانکردبوو بۆ چیای شنگال". هەروەها گوتی "دووەم جاریش کە کۆمەڵێکی دیکەیان گوڵلەباران کردبوو، چوار کەس بە برینداری کەوتبوونە ژێر تەرمەکان و دواتر خۆیان رزگار کردبوو".

**ناوی هەندێک لە رزگاربووانی گوندی کۆچۆ:**

١- علي جدعان حولو
٢- ايهاب علي جدعان
٣- خنو خديدة خلف
٤- حسين علي جدعان
٥- ابتسام علي جدعان
٦- ايهام علي جدعان
٧- أيمن علي جدعان
٨- باسم علي جدعان
٩- ثورة كورو علي
١٠- عزت عباس اسماعيل
١١- قتي جدعان حولو
١٢- توان عزت عباس
١٣- توران عزت عباس
١٤- توفيق عزت عباس
١٥- فاطمة عزت عباس
١٦- علي عباس اسماعيل / تەنیا و (٤) لە خێزانەکەی لەدەست داوە
١٧- عدي قاسو مراد / تەنیا و (١) لە خێزانەکەی لەدەست داوە
١٨- فاضل عباس اسماعيل
١٩- جواهر عباس اسماعيل
٢٠- ندى عباس اسماعيل
٢١- سلوى عباس اسماعيل
٢٢- مروان جدعان جولو / تەنیا و (٤) لە خێزانەکەی لە دەست داوە

٢٣- الان مروانجدعان
٢٤- عماد خضر جدعان / تەنیا و (١١) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٢٥- عزت جدعان حولو / تەنیا و (١٩) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٢٦- أنس عزت
٢٧- جهاد رفو مكري / تەنیا و (١٨) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٢٨- احمد رشو ابراهيم / تەنیا و (١) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٢٩- فاطمة خديدة خضر
٣٠- شاهة أحمد رشو
٣١- شيلان أحمد رشو
٣٢- فؤاد أحمد رشو
٣٣- حنان أحمد رشو
٣٤- شهاب أحمد رشو
٣٥- محمود رشو ابراهيم
٣٦- بشرى عبدالكريم
٣٧- نورس محمود رشو
٣٨- نرجس محمود رشو
٣٩- ناريمان محمود رشو
٤٠- صفوان عباس رشو / تەنیا و (٧) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٤١- سعود بشار حولو
٤٢- منى حسن عمي
٤٣- سهيل جميل حسو / تەنیا و (١٢) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٤٤- يوسف جميل حسو / تەنیا و (١) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٤٥- دلال رفو مكري
٤٦- حسو يوسف محل
٤٧- سامان يوسف محل
٤٨- اسراء يوسف محل
٤٩- حمدي مراد حسو / تەنیا و (٦) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٥٠- سهو مراد حسو / تەنیا و (١) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٥١- سبهان سمير فكري
٥٢- نزار سمير مكري
٥٣- سمعان سمير مكري / تەنیا و (١١) لە خێزانەکەی لە دەست داوە
٥٤- نايل حسن

٥٥- فوزي علي خشمان / تەنیا و (١) له خێزانەکەی له دەست داوه
٥٦- نبراس يوسف خشمان
٥٧- علي فوزي خشمان
٥٨- جوفان فوزي
٥٩- عمر فوزي
٦٠- سامح بسي / تەنیا و (٥) له خێزانەکەی له دەست داوه
٦١- بشار خشمان / تەنیا و (٤) له خێزانەکەی له دەست داوه
٦٢- تحسين حسون / تەنیا و (٥) له خێزانەکەی له دەست داوه
٦٣- صلاح حسون حولو
٦٤- نجلا أحمد
٦٥- قاسم حسون حولو / تەنیا و (٢) له خێزانەکەی له دەست داوه
٦٦- سوزان حسين صعو / تەنیا و (٤) له خێزانەکەی له دەست داوه
٦٧- حسن سليمان اسماعيل
٦٨- هيفي مراد بسي
٦٩- جاكلين حسن
٧٠- صباح حسن
٧١- فكرت حسن
٧٢- صلاح حسن
٧٣- جوفيا حسن
٧٤- صالح حسن
٧٥- هفند رشيد ابراهيم
٧٦- منجي يوسف هفند
٧٧- احلام هفند
٧٨- سمو الياس خلف / تەنیا و (١٥) له خێزانەکەی له دەست داوه
٧٩- قاسم سمو / تەنیا و (٩) له خێزانەکەی له دەست داوه
٨٠- كالو علي أمان / تەنیا و (٢٠) له خێزانەکەی له دەست داوه
٨١- خيرو علي أمان / تەنیا و (٩) له خێزانەکەی له دەست داوه
٨٢- سليمان اسماعيل لوكو
٨٣- سودة صالح
٨٤- نسرين سليمان
٨٥- حجي سليمان
٨٦- اسماعيل سليمان

٨٧- خضر سليمان
٨٨- نازدار حجي
٨٩- اردوان خضر
٩٠- بيرؤز خضر
٩١- حلوة رفو مكري
٩٢- بروين عيسى
٩٣- نافين عيسى
٩٤- احمد ابراهيم/ تەنیا و (٤) له خێزانەکەی له دەست داوه
٩٥- ياسر بشار / تەنیا و (٦) له خێزانەکەی له دەست داوه
٩٦- عمشة صالح أحمد / تەنیا و (١) له خێزانەکەی له دەست داوه
٩٧- صفوت سيروان
٩٨- سلفيا سيروان
٩٩- سعاد سيروان
١٠٠- حمزة ابراهيم / تەنیا و (١٤) له خێزانەکەی له دەست داوه
١٠١- ناصر بشار
١٠٢- احلام عفريت
١٠٣- اليزا عزيز بشار / تەنیا و (٤) له خێزانەکەی له دەست داوه
١٠٤- فاطمة فارس خلو / تەنیا و (٢) له خێزانەکەی له دەست داوه
١٠٥- حسين علي خشمان
١٠٦- ميعاد عبدالله
١٠٧- أمان صالح أمان / تەنیا و (١٢) له خێزانەکەی له دەست داوه
١٠٨- صباح أمان صالح / تەنیا و (٣) له خێزانەکەی له دەست داوه
١٠٩- خضر حمدون / تەنیا و (٩) له خێزانەکەی له دەست داوه
١١٠- فيصل علي أمان / تەنیا و (٩) له خێزانەکەی له دەست داوه
١١١- حجي ملحم حمد / تەنیا و (٥) له خێزانەکەی له دەست داوه
١١٢- سعود بشار (له گەڵ خێزانەکەی)
١١٣- أحمد رشو (له گەڵ خێزانەکەی)
١١٤- محمود رشو (له گەڵ خێزانەکەی)
١١٥- علي جدعان
١١٦- حسن سليمان
١١٧- سليمان اسماعيل

١١٨- خضر سليمان
١١٩- حلوة رفو
ئەم کـۆمەڵە نـاوە رزگاریـان بـووە لە رفانـدن و بـێ سەروشـوێن کـردن و کوشتارگەی گوندی (کۆچۆ) چونکە پێشووتر ئەمانە بەرەو چیای شنگال ڕایان کردبـوو، واتە بەر لەوەی گونـدەکەیان گەمـارۆ بـدرێ لە لایەن چەکـدارانی تیرۆرسـتی داعشـەوە، ئەمـانە رزگاریـان ببـوو دواتـر گەشـتوونەتە نـاوچە ئارامەکانی کوردستان و لە قوتابخانە و کەمپ و باخچە و پارکەکان دەژین بە تایبەت لە زاخۆ و چەند ناوچەیەکی تر.

## تراژیدیای (٤)
## ئافرەتێکی شایەتحاڵی گوندی کۆچۆ چیرۆکی رزگار بوونی دەگێڕێتەوە

"زێریێ ئیسماعیل علی" یەکێکە لەو ئافرەتانەی لە ژێر دەستی چەتەکانی داعش لە گوندی کۆچۆ رزگاری بووە، چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە و هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە لە ئەنجامی بێزار بوون و ئەو نا هاوسەنگیە دەرونیەی دووچاری بووە دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە.
زێریێ دەڵێت: "سەرەتا چەکدارانی داعش هاتنە گوندەکەمان و بە خەڵکی گوندیان راگەیان کە ئێمە هیچ لە ئێوە ناکەین تەنها ئیسلام بوونی خۆتان رابگەیەنن چونکە جگە لە ئیسلام هیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکەین، مۆڵەتیان بۆ چەند ڕۆژێک دا بە ئێمە بەڵام لەو ماوەیەدا ئێمە ڕامان کرد بەڵام چەکدارەکان بە دوامان کەوتن و ئێمەیان دەستگیر کرد و لە پێش چاوم براکەمیان کوشت و کوڕی برام بە خێزانەوە دەستگیر کران و بردران، من و کچەکەشم بەرەو چیا ڕامان کرد کچەکەم لە ناو دەستی یەکێک لە چەکدارەکاندا بوو من لە دوورەوە دەمبینی دواتر تەلەفۆنێک بۆ یەکێک لە چەکدارەکان هات و ئەوان مەشغوڵ بوون و هەندێک لە خەڵکەکەش کە دەستگیر کرابوون سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەوان بوون کەمێك لە کچەکەم دورکەوتن کچەکەمیش خۆی لە دەستیان رزگار کرد و بەرەو لای من هات، ئێمەش ڕامان کرد تاکو گەیشتینە هەندێک لە هاوڵاتیانی ئێزیدی، لە دوورەوە بە چاوی خۆمان ئەوەمان بینی ئەو کەسانەی کە دەستگیر کرابوون بە کۆمەڵ گوللەباران کران، لە ڕێگای چیاش کاتێک ڕامان دەکرد ناوە بە ناوە جەنازەی هاوڵاتیانمان دەبینی کە هی ژن و منداڵ و پیاو بوون، لە چیا بە چاوی خۆم بینیم ئافرەتێک خۆی لە چیادا فرێدا منیش بە هەمان شێوەی ئەو ئافرەتە دوو جار هەوڵی خۆکوشتنمدا بە هۆی ئەو دیمەنە جەرگبڕانە کە بینی بووم و دەمبینی بەڵام کچەکەم نەی دەهێشت، دواتر ئێمەش وەک هاوڵاتیانی تر چووین بەرەو سوریا و دواتریش هاتینە ناوچە ئارامەکانی کوردستان".

## تراژیدیای (٥)
## خەمی دایکم ئەوە بوو منداڵەکانی لە برسا نەمرن بەڵام خۆی لە تینوویەتیا مرد

مریەم خدری تەمەن (١٤) ساڵان دەڵێت:" تەمەنم ١١ ساڵان بوو کاتێك باوکم بە هۆی نەخۆشیەوە گیانی لە دەستدا، دوای مردنی باوکم رەوشمان زۆر خراپ بوو، من شەش برام هەیە گەورەکەیان تەمەنی (١٢) ساڵە بچوکەکەش (٣) ساڵانە"، کچە گەورەکەی دایکی بە گریان و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، چیرۆکی مردنی دایکی لە چیای شنگال دەگێڕایەوە و وتی:"ماڵمان لە گوندی سیبا شێخ خدر بوو، بە هۆی هەژاری و نەداری ئۆتۆمبێلمان نەبوو بە پێ ڕامان کرد بەرەو چیا شەو و ڕۆژێك بە پێیان چووین تاکو گەیشتینە ئەوێ، لەوێ دایکم توانای نەما بێ هێز بوو برا بچوکەکەم دەستی بە گریان کرد و دایکیشم دەستی بە گریان کرد، وتم: دایە بۆچی دەگریی؟ وتی: کچەکەم بۆ رەوشی ئێوە دەگریم و دەترسم ئیتر تا هەتایە چاوم بە ئێوە نەکەوێتەوە ئێوە لە باوەش نەگرمەوە، بەرە بەرەش پشووی دایکم تەنگتر دەبوو، ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕا، هەر دەیگوت کچەکەم و منداڵەکانم دەترسم ئێوە لە برسان بمرن، بەڵام دایکم لە تینوویەتیا مرد و دوا وشەی ئەوە بوو وتی: کچەکەم ئاگاداری خوشك و براکانت بە، مەهێڵە برسییان بێت، لەم قسانەدا بوو دایکم یەکسەر گیانی لەدەستدا.

مریەم ماوەیەك لە قسەکردن وەستا، بە هۆی گریانەوە نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدات تا نزیکەی (٥) خولەک دواتر دەستی بە قسەکردن کردەوە، وتی:" ئێمە بەهەر حاڵ و سەدان دەردەسەری لەوێ لاشەی دایکمان ژێرگڵ کرد، ئەو شەوە لەوێ لە لای گۆڕی دایکمان بەجێ ماین و ڕۆژی دواتر ڕێگامان گرتەبەر وەك هەموو خەڵکەکەی تر دوای چەشتنی نەهامەتیەکانی چیای شنگال بۆ چەند ڕۆژێك، دواتر ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان بووین، (٣) سێ ڕۆژ لەوێ لە کەمپێکی ئاوارەکان ماینەوە، دواتر گەڕاینەوە ناوچە ئارامەکانی باشووری کوردستان و دواتریش هاتینە پەرستگای لالش و ئێستاش لە بن سێبەری دارێك لەم پەرستگایە دەژین".

دوا وشەی مریەم ئەوە بوو، وتی:" نازانم گۆڕی دایکم لە کوێیە و شوێنەکە پێ نازانمەوە، نازانم چۆن براکانم بەخێو بکەم و هیچمان نیە جگە لەم جل و بەرگەی لەبەرمانە ئەمانەش بە هۆی کۆچرەوی ڕێگادا زۆر بێکەڵك بوونە".

## تراژیدیای (٦)
## ئازاد کردنەوەی دەوروبەری زوممار

چەندین لاشەی چەکدارانی داعش لە ڕێگاکان کەوتبوون. دووکەڵ لە ئۆتۆمبێلە سەربازی و مەدەنییەکان بەرز دەبووەوە. باعەباعی مەڕ و قوقە قوقی مریشك و کەڵەشێر لە گەڵ دەنگی چەکەکان تێکەڵ بوو بوو، پێشمەرگەکانیش بەدەم بەرزکردنەوەی پەنجەکانیان وەك ئاماژەی سەرکەوتن پێدەکەنین، ئەمە دیمەنی چوونە ژوورەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بوو بۆ نێو دەوروبەری ناحیەی زوممار.

دوای (٢٥) ڕۆژ جارێکی دیکە هێزەکانی پێشمەرگە بە پاڵپشتی هێرشی ئاسمانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، گەڕانەوە دەوروبەری ناحیەی زوممار و بەشێکی ناحیەکەیان لە دەست چەکدارانی داعش دەرهێنا. هێرشی پێشمەرگە بە ئازاد کردنی گوندی عەمەر خالید دەستی پێ کرد و نەوەستان تاوەکو گەیشتنە نێو بەشێک لە ناحیەی زوممار.

### تەرمێکی زۆر

لەو (٣٠) گوندەی دەکەونە سەر ڕێگای ناحیەی زوممار، پێشمەرگە لە ماوەی (٣) ڕۆژدا ئازادی کردن، بە دەیان ئۆتۆمبێلی سووتاو لە جۆری پیکاب، سالۆن، هەمەر و ئۆتۆمبێلی دیکەی سەربازی دەبینرێن، هەروەها چەندین خانوو و فەرمانگە بەرچاو دەکەون کە بە هۆی بۆردومانی فڕۆکەکان داڕووخاون و بەشێکیان چەکدارانی داعشیان تێدا بووە، بەڵام نازانرێت چەند چەکداری داعش لەو هێرشانەدا کوژراون.

لەو شوێنانەی بۆردومان کراون، کەڵلە سەر و دەست و قاچی پەڕیو دەبینی، ڕەنگە لاشەی (٢٠) کەس بە یەکەوە بلکێنی تاوەکو لاشەیەکی تەواوت دەستدەکەوێت، هەندێك لە تەرمەکان سووتاون و بوونەتە خەڵووز و تەنیا ئێسقانیان ماوە، بۆنی سووتانی لاشەکان ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

لە زۆربەی گوندەکان ستارەی خانووی ماڵەکان کون کراوە و وەکو سەنگەری بەرگری بەکار هاتووە لە لایەن داعشەوە، جگە لە چەکدارانی داعش ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبەکانی گوندەکانی زوممار کوژراون، بەڵام ژمارەیان نازانرێت، زۆر لە عەرەبەکانی ئەو ناوچانەش گوندەکانیان چۆڵ کردووە و لە گەڵ داعش ڕۆیشتوون، چونکە ئەوان دەزانن چ هەڵەیەکیان کردووە، کاتێك داعش هاتووەتە ناوچەکانیان و ئەوانیش پشتگیرییان کردوون.

## مەڕ و ماڵاتی بێ خاوەن

وەکو زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان، خەڵکی دێهاتەکانی دەڤەری شنگال و زوممەریش بە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریکن، دوای هاتنی چەکدارانی داعش خەڵك فریای رزگار کردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیان نەکەوتن و تەنیا توانییان خۆیان و منداڵەکانیان رزگار بکەن، زۆر خێزانیش تەنانەت نەیانتوانی خۆیشیان رزگار بکەن.
لە نێو ئەو گوندانە و دەوروبەریان ژمارەیەکی زۆر رەشە وڵاخ و مانگا و گوێدرێژ و مریشك و کەڵەشێر و قاز و مراوی دەبینی کە خاوەنیان دیار نییە ئالیك و دانەوێڵەیان بداتێ، زۆربەیان لاواز و بێتاقەت دەردەکەون.
لە حەسارێکدا لە گوندێك (١٠) مانگا بە جارێك مردار ببوونەوە، چونکە ماوەی (٢٥) ڕۆژ بوو کەس نەبوو ئاو و ئالیکیان بداتێ، بە لاوازییاندا دیار بوو کە چەندە بێ تاقەت بوون، هەر لە یەکێك لەو گوندانە مانگایەك رۆحی تێدا مابوو، کە هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە ئەو گوندە سەتڵێك ئاویان لە بەردەم دانا، بەڵام کەمێك دوای ئەوەی سەتڵە ئاوەکەی خواردەوە، مردار بووەوە.

## جگە لە پێشمەرگە کێی دیکە شەڕ دەکات؟

لە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە، چەند هێزێکی دیکەش دەبینرێن، ئەوانە خۆبەخشەکانن کە هەندێکیان لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕاونەتەوە، هێزی بەرپرسانی حیزبی و هێزی خەڵکی ناوچەکە. هەروەها هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشیش شان بە شانی ئەو هێزانە لە پێشڕەوی دابوون بەرەو زوممار.
شەڕەکە گەرمە، ناو بە ناو قەناس پێشمەرگەیەك یان خۆبەخشێك دەپێکێت، لە ناکاو بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێك یان پێشمەرگەیەکدا دەتەقێتەوە، بەڵام ئەوانە هێرشەکانی پێشمەرگە ناوەستێنن، تەنانەت لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە و خۆبەخشەکان خەڵکانێکی تێدا بوو کەسانی نزیکیان بریندار دەبوو یان شەهید دەبوو، بەڵام ئەوان بەردەوام دەبوون لە پێشڕەوی.
پێشمەرگەکان و خۆبەخشەکان و هێزە ئەمنییەکان ئەوەندە گەرم بووبوون لە شەڕەکەدا، تەنانەت زۆرجار لە بەرپرسەکانیان تووڕە دەبوون، کاتێك ڕێگەیان پێنەدەدان زیاتر بچنە پێشەوە.
پێشمەرگەکان هەموویان تەلەفۆنیان پێیە، هەر کاتێك گوندێك و ناوچەیەکیان ئازاد کردبا بە تەلەفۆن ئەو مژدەیەیان دەدایە کەسوکاریان یان پێشمەرگە و هاوڕێکانیان لە میحوەرەکانی دیکەی شەڕ، هەندێك لە پێشمەرگەکانیش لە گەڵ ئازاد کردنی هەر شوێنێکی تازە، دەستیان دەکرد بە گۆرانی و هەڵپەڕین.

## تراژیدیای (٧)
## پیرەمێردە ٩٣ ساڵیەکە چۆن لە نێوان ١٦ بەساڵاچوو رزگاری بوو

لە ڕۆژی ٢٤ی ئاب لە گوندی جیدالی لە باشووری شنگال لە مەزارێکی پیرۆزی ئێزیدیەکاندا چەکدارانی داعش (١٦) هاوڵاتی سەرو تەمەن (٦٠) ساڵ دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی، بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتوونیان.
چەکدارانی داعش ژمارەیەک کەسی بەتەمەنی ئێزیدیان لەو گوندە کۆکردۆتەوە و بردویانەتە مەزاری شێخ مەند کە بۆ ئێزیدیەکان شوێنێکی پیرۆزە، لەوێ چەکدارانی داعش مینیان پێوە بەستوون و دواتر شوێنەکەیان تەقاندووەتەوە.
ژمارەی هێرشبەرەکانی داعش نزیکەی (٨)ئۆتۆمبێل بوون، جەستەی ئەو (١٥) پیاوە ئێزیدیە پارچە پارچە بوون و سووتاون، ئەم (١٥) پیاوە بەتەمەنەی ئێزیدی لە بەر پیریان گوندەکەیان جێ نەهێشتووە و لەو باوەڕەدا بوون کە داعش دەست لەمان ناوەشێنێت لە بەر ئەوەی بەتەمەنن.
چەکدارانی داعش لە ماوەکانی رابردوودا چەندین کەسی بێتاوانیان سەر بڕیوە، ئەمجارە شێوازێکی دڕندانەتریان گرتووەتە بەر و دەستگیرکراوەکانیان بۆمبڕێژ کردووە و لەو نزرگە تەقاندوویاننەتەوە.

### پیرەمێردە ٩٣ ساڵیەکە چۆن رزگاری بوو

ترس و دڕندەیی داعش مەترسی خستبووە دڵ و دەروونی ژن و منداڵ و بەساڵاچووەوە و تەنانەت هەر مرۆڤێکی کوردی ئێزیدی، لە بەرەبەیانی ڕاکردن بەرەو چیا کەس خۆی لە کەس نەدەکردە خاوەن هەر کەسێک ئەیویست تەنیا گیانی خۆی رزگار بکات، بەساڵاچوویەکی ئێزیدی تەمەن (٩٣) ساڵ باس لە چۆنیەتی رزگار بوونی دەکات، "حەجی خودێدا عیسو" تەمەن (٩٣) ساڵ یەکێکە لە ئاوارە ئێزیدیەکان و لە بنکەی لالش نیشتەجێ بووە و دەڵێت:"کاتژمێر دووی شەو بوو چەکدارانی داعش دەستیان بە سەر شنگالدا گرت و هەر کەسێک بۆ خۆی ڕای دەکرد، کوڕەکەشم منداڵەکانی برد و منیش لە گەڵیان چووم کاتێک بۆ ماوەیەک بە پێیان رۆیشتین کاتێک تەماشای چیام دەکرد هێز و توانای چیام نەبوو چیا زۆر بەرز بوو، بۆیە بە کوڕەکەمم گوت ئێوە بڕۆن من لێرە لە بناری چیا دەمێنم چونکە چەند بەساڵاچوویەکی تریش لەوێ بوون و توانای رۆیشتنیان بۆ سەر چیا نەبوو،

کوڕەکەم زۆر پێداگیری کرد کە لە گەڵی بڕۆم بەس نەمدەتوانی ئەویش چەند منداڵێکی هەبوو لە بەر منداڵەکانی نەیدەتوانی من لە پشتی خۆی بکات.
ئـێمە لە بنـاری چیـا لە خانوویـەکی مـاڵێکی ئێزیدیـدا مـاینەوە کە ئەوانـیش نەرۆیشتبوون و خواردن و خواردەنەوەیان دەدا بە ئێمە بۆ ماوەی (٢٢) ڕۆژ لەوێ بووین و ئەم ماڵە ئێزیدیە زۆر هاوکارمان بوون، بەڵام دواتر ئەوانیش روویان لە چیا کرد و بەرەو چیا رۆیشتن چونکە دڕندەیی چەکدارانی داعش ڕۆژ بە رۆژ زیـاتر دەبـوو، دواتـر ئـێمە هەمـوو پیرەمێردەکـان چـووینە خـانوویەکی تـر لە نزیـک مەزارگەی (شێخ مەند) لە نـاوچەی (جیدالی)خۆم حەشـاردا، بەڵام دەنگـی چەکدارانی داعـش و تەقە هەرمەکییـەکانیان زیـاتر دەبـوو، دواتـر دەنگـی چەکەکانیـان نزیکتـر بـوو لە ئـێمە، بـۆیە بریارمانـدا هەمووەمان کە (١٦) پیرەمێرد بووین بڕۆین بۆ دۆڵێک کە لە نزیک خانووەکە بوو و ئۆتۆمبێلێکی لە کار کەوتوو لە نزیـک ئەو دۆڵە بـوو، ئەوان هەموویـان چـوونە نـاو دۆڵەکە و خۆیـان حەشـاردا منـیش چوومە ژێـر ئۆتـۆمبێلە لە کـار کەوتووەکە، چەکدارەکانی داعش هـاتن و خانووەکانیـان تەقانـدەوە و سوتاند و پیرەمێردەکانیـان بە دڕنـدەترین شـێوە لە پـێش چـاوم کوشـت، هەر هەموویـان تەمەنیان نزیک بوو لە تەمەنی مـن، سـەرەرای ئەو گوشتارگەیە و سوتاندن و تەقاندنەوەیە بۆ مـاوەی دوو ڕۆژ مـن لە ژێـر ئەو ئۆتـۆمبێلە خـۆم کـپ و بـێ دەنــگ کــرد بــێ هەمــوو شـتێ نە خــواردن و نە خــواردنەوە، پاشــان چەنــد چەکـدارێکی پێشـمەرگە لە چیـاکە هـاتنە خـوارەوە بـۆ ئەوەی بـزانن چـی روویـداوە، ئەوان ئەم دڕندەیـەیان بە چـاوی خۆیـان بینـی و مـن کە زانـیم پێشـمەرگەن خـۆم ئاشـکرا کـرد و هاوکارییـان کـردم، وتیـان لە شـوێنی خـۆت بمێنەوە ئەچین ( ئەسپێکت) بۆ دەهێنین و سوارت دەکەین ئەتبەینە سەر چیـا، دواتـر (ئەسـپەکەیان) هێنـا و منیـان بـرد بـۆ چیـا، دواتـر پەیوەنـدییان بە کوڕەکەمەوە کرد و پێیان راگەیاند کە تەنیا باوکت رزگاری بووە و سـەلامەتە و لە لای ئێمەیە، پاشان دوای دوو ڕۆژیتر کوڕەکەم گەیشتە لای من و ئەویش بە ئەسپێک منی هێنایە ناوچە ئارامەکان".
"عزیز دەروێش" برازای ئەو بەساڵاچووە وتی:"کاتێـک مامـەم گەڕایەوە بۆ لای ئـێمە تــرس و تــۆقینێکی زۆر دایگرتبــووی چــونکە دڕنــدەیی ئەو چەکدارانەی بە چاوی خۆی بینیبوو، هەموو ئەوانی تر لە پێش چاوی کوژرا بوون، هەروەها زۆر شەکەت و هیلاک و ماندوو بوو، سەرەڕای برسیەتی و تینوویەتی زۆر، ئێمە هەرگیز بڕوامان نەدەکرد کە مامم زیندووە".

## تراژیدیای (٨)
## چیرۆکی ئەو دایکەی منداڵە تینووەکەی لە چۆڵەوانیدا جێهێشت

پەنابەرێکی کوردی ئێزیدی کە لە کەمپی ڕێکخراوی هاوکاری بە پەلەی سەرۆکایەتی تورکیا لە میدیاد دەمێنێتەوە، باسی لە ڕەوشی کوردە ئێزیدییەکانی شنگال کرد کە بە چ زەحمەتییەک توانیویانە هەناسەی ژیان بە دەست بێننەوە.
"باسم هادی" یەکێ لەو پەنابەرە ئێزیدییانەی کە بە دەستی خۆی توانیویەتی قومێک ئاو بدا بەو منداڵەی کە لە لایەن دایکییەوە بە ناچاری دراوەتە دەستی قەدەر، بەڵام بە پێی گوتەی خۆی نەیتوانیوە بیگەیەنێتە ژیان، چونکە ڕزگارکردنی ژیانی خۆیان ڕێگەی نەداوە ئەو منداڵە لە گەڵ خۆیان ببەن و لە ترسی هێرشەکانی داعش، ڕوویان لە بیابان و شاخەکانی شنگال کردووە.
"هادی" باسی لە مردنی دەیان منداڵ و پیر بە هۆی بێ ئاوی لە شاخەکانی شنگال کرد کە ماوەی نۆ ڕۆژ ماونەتەوە.
"هادی" گوتی:"لە ڕێگا سێ ژن و دوو منداڵم بینی بە زەویدا کەوتبوون، قومێک ئاومدا بە هەریەکەیان، تەنیا (١٠) کیلۆمەتر مابوو کە بگەین بە ئاو، بەردەوام بووم لە سەر ڕێگاکەم، دایکێک بە هۆی نەتوانینی هەڵگرتنی سێ منداڵەکەیەوە یەکێکیانی بە زیندوویی لە دوای خۆی جێهێشت، دایکەکە منداڵێکی گرتە باوەش و یەکێکیشیانی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا، بەڵام بە هۆی ئەوەی توانای نەبوو منداڵەکەی دیکەی هەڵبگرێ، جێیهێشت، کاتێ گەیشتمە سەر منداڵەکە هێشتا نەمردبوو، دوو کەڕەت بە دەستەکانم دوو قوم ئاوم پێدا، بەڵام نەمدەتوانی هیچ بکەم، چونکە شتێکم پێ نەدەکرا و نەمدەتوانی خۆشم هەڵبگرم".
"هادی" باسی بڕینی ڕێگای لە شاخی شنگالەوە بۆ تورکیا کرد و گوتی سەرەتا گەیشتینە سوریا، دواتر دیسان چووینەوە عێراق، دووبارە لەوێوە شەش سەعات بە ڕێگای قاچاغ ڕێمان کرد و پەنامان بۆ تورکیا هێنا.

## تراژیدیای (٩)
## لە دەستی داعش رزگاری بوو و پێنج منداڵی بە دنیا هێنا

"تەمام" ژنێکی(٢٧)ساڵەی ئێزیدییە، کاتێك چەکدارانی داعش هێرشیان بۆ هێنان، ئەو بە پێنج کۆرپە سکی پڕ بوو.
وەکو دەیان هەزار ئێزیدی دیکە، "تەمام" لە ترسی چەکدارانی داعش ڕوو لە چیاکان دەکات، بەڵام جیاوازی ئەو لە گەڵ ژنەکانی دیکە ئەوە بوو کە پێنج کۆرپەی لە سکدا بوو. "تەمام" دواتر توانیویەتی بچێتەوە نێو خاکی سوریا.
وتی:"ئێمە ناچار بووین دوو ڕۆژ بە پێ بڕۆین تا گەیشتینە سەر سنوور، تەمام چیرۆکەکەی بەو شێوەیە بۆ کۆمیسیاری پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەگێڕێتەوە.
"تەمام" باس لەوە دەکات کە ئەو و مێردەکەی و حەوت خێزانی دیکە تەنیا یەك بوتڵ ئاویان پێ بووە"، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا"تەمام" چانسی هەبووە و منداڵەکانی تەندروستییان باشە.
پزیشکێك دەڵێت:"پێنجشەممەی رابردوو لە نەخۆشخانەیەك لە شاری قامیشلۆ هەر پێنج منداڵەکەی (تەمام)، بە سەلامەتی لە دایك بوون و تەندروستی دایك و منداڵەکان باشە".
"تەمام" دوای دەربازبوونیان لە دەستی داعش لە شنگالەوە ڕوویان لە قامیشلۆ کردووە و لە ماڵی باوکیدا دەژین.
ئێستا ئەوان بە هۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە هەیانبووە ناتوانن وەکو پێویست خزمەتی پێنج منداڵ بکەن، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی رێکخراوی کۆمیسیاری پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری پەنابەرە ئێزیدییەکان دەکەن لە ناو سوریادا، بەڵام برینی ئێزیدییەکان زۆر لەوە گەورەترە کە بە هاوکارییەکی وا بچوك ساڕێژ ببێت.

## تراژیدیای (١٠)
## جینۆسایدی بنەماڵەی (کزا)ی گوندی شکعو

"خیری شنگالی" دەڵێت:"رێک لە کاتژمیر٣ی ئێوارەی ٢٠١٤/٨/٤ چەندین کەس رفیندران لە بنەماڵەی (کزا) لە گوندی شکعو نزیک گردەکە لە ڕۆژهەلاتی سەنتەری قەزای شنگال لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە و چارەنووسیان نادیارە".

**لیستی ناوی رفیندراوان**

1-کوزي صالح قاسم/ مێ/ تەمەن ٨٠ ساڵ
٢- سليمان عمر حسن عزير/ ساڵی لە دایکبوون ١٩٦٨
٣- نسرة برکات عمرم /مێ/تەمەن ٧ ساڵ
٤- الين برکات عمر /مێ/تەمەن ٥ ساڵ
٥- قاسو مشكو عيدو/ ساڵی لە دایکبوون ١٩٤٥
٦- بهار سعيد خضر/مێ/ساڵی لەدایکبوون١٩٦٠هاوسەری قاسو مشکوعیدو
٧- دلال قاسو مشكو /مێ
٨- ايناس قاسو مشكو/مێ
٩- الياس قاسو مشكو
١٠- هوري عربو ايزدو/مێ/ تەمەن٦٠ساڵ/هاوسەری سعيد خضر عزيز
١١- حيدر سعيد خضر
12- نعام خلف کالي /مێ/هاوسەری حيدر سعيد خضر
١٣- شيرين حيدر سعيد/مێ
١٤- جميلة حيدر سعيد/مێ
15- جليلة حيدر سعيد /مێ
16- سوزان حيدر سعيد /مێ
17-خولة حيدر سعيد /مێ
18- جميل حيدر سعيد
١٩-زهرة حيدر سعيد /مێ
٢٠- اخلاص حيدر سعيد/مێ
٢١- يناس حيدر سعيد
٢٢- نسيمة يوسف عمر حسو/مێ
٢٣- سفيان رشيد حجي خضر

24- درويش رشيد حجي خضر
٢٥- خلف نايف حجي خضر
٢٦- امير ميرزا علي
27- عمشي ميرزا علي /مێ
٢٨- مجو شيبو ايزدو
٢٩- بهار الياس خلف /مێ
٣٠- امير سيدو عمر ايلاس
٣١- ناهدة مجو علي /مێ
٣٢- ناريمة برجس سعيد خضر /مێ
٣٣- افين برجس سعيد خضر /مێ
٣٤- افليك برجس سعيد خضر/مێ
٣٥- سلوى سيدو عمر ايلاس/مێ
٣٦- مياسة سيدو عمر ايلاس /مێ
٣٧- غزال عمر ايلاس/مێ
٣٨- هدية بابير ادي /مێ
٣٩- حنان حازم سيدو/مێ
٤٠- سهام حازم سيدو /مێ
٤١- ريماس حازم سيدو
٤٢- ياسمين حازم سيدو/مێ

## تراژیدیای (١١)
## کاتێك نۆرەیان هات، دەچن لە سەر دۆشەکەکە دەخەون

هەندێک لەو کوردە ئێزیدیانەی لە باشووری کوردستانەوە هەڵاتوون و ڕوویان لە یۆنان کردووە، شەوان تاوەکو بەیانی ئێشك لە چۆڵبوونی دۆشەکێك دەگرن بۆ ئەوەی لە سەری بخەون. یۆنان پردی پەڕینەوەی کۆچبەرانە لە ئاسیا و ئەفریقاوە بۆ ئەوروپا، ئەو وڵاتە یەکێکە لەو وێستگانەی کۆچبەرانی ئەفریقایی و ئاسیایی ڕووی تێدەکەن بۆ گەیشتنیان بە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ئەوروپا و لەوێش داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتە بۆ هەندێك کۆچبەر بووەتە زیندانێك کە مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت رزگاری بێت لێی. ئێستا کوردە ئێزیدیەکانی شنگالیش گیرۆدەی هەمان کێشەن، ئەوان لە ترسی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) هەڵدێن، بەڵام لە یۆنان گیر دەخۆن.
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ئیسپانی بە ناویeldiario.es ئاشکرای کردووە کە یەکەمین گرووپی کوردە ئێزیدیەکان لە شنگالەوە گەیشتوونەتە یۆنان. بەڵام وەك ئەو ڕۆژنامەیە بڵاوی کردووەتەوە، ئێستا ئەو کۆچبەرانە لە ژێر مەترسی گەڕاندنەوەی بە پەلەدان. هەروەها تووشی توندوتیژی پۆلیسی یۆنانی بوون.
سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەی ئەو کۆچبەرە کوردە ئێزیدیانەش پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە یۆنان نووسیویەتی:"لە خانوویەکی زۆر بچووکدا، کە تەنیا (٣٠) مەتری چوار گۆشەیە، زیاتر لە (٢٠) کەس دەژین.(٣) منداڵی بچووکیشیان لەگەڵدان، ئەوان لە رەوشێکی خراپدا دەژین، نیوەی ئەو کەسانە، کە تەمەنیان(١٨)ساڵانە، تاوەکو بەرەبەیان لەسەر شەقام دەمێننەوە، کاتێك نۆرەیان هات، دەچن لە سەر دۆشەکەکە دەخەون".
لە بەر ئەوەی ئەو کۆچبەرانە ناتوانن ئەو سێ یان چوار هەزار یۆرۆیە پەیدا بکەن کە قاچاخچییەکان داوای دەکەن بۆ ئەوەی بیانگەیننە خزمەکانیان لە ئەڵمانیا، ناچارن هەر لە یۆنان بمێننەوە. "ئیبراهیم" کە لە بەعشیقەوە هاتووەتە یۆنان، دەربارەی بەجێهیشتنی وڵات دەڵێت:"ئێمە وەکو نابینایەك لە مردن ڕامان کرد، بە بێ ئەوەی یەك شت لە گەڵ خۆمان بهێنین، نەمان دەویست بێینە ئەوروپا و وڵاتی خۆمان بە جێ بهێڵین، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کە چەند ساڵێك نائارامی ئەو ناوچەیە کۆتایی نەیەت". لە بەر مامەڵەی خراپی پۆلیسی یۆنان، "ئیبراهیم" و هاوڕێکانی ناتوانن بە ئازادی لە کۆڵانەکانی ئەسینا بگەڕێن، وەك ڕۆژنامەکە باسی کردووە تاوەکو ئێستا بەلایەنی کەمەوە (١٢) کوردی ئێزیدی لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون و رەوانەی سەنتەری چاودێری پەنابەران کراون.

## تراژیدیای (١٢)
## کچێکی فرۆشراو: وا دەزانێ من دایکی ئەوم، بەڵام دایکی لە زیندانی داعشەکاندایە؟

"س، س" لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٩ ئافرەتێکی دەربازبووی گوندی کۆچۆیە باس لە ئێش و ئازارەکانی خۆی لە ژێر دەستی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعش دەکات و دەڵێ:"ئێمە لە نهۆمی سەرەوەی قوتابخانەکە بووین، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٥-٨-٢٠١٤ بوو، دوای ئەوەی پیاوەکانیان برد ئێمەیان هێنایە خوارەوە و ڕەوانەی گوندی سۆلاغ یان کردین، ئافرەتە بەتەمەنەکانیان لە گەنجەکان جیاکردەوە و گەنجەکانیان برد بۆ قەزای تەلەعفەر، بۆ ماوەی "١٥" ڕۆژ لەوێ ماینەوە.
دوای ڕەوانەی قزل قێو یان کردین کە گوندێکی تورکمان نشینی شیعەیە، من لە گەڵ دایکم بووم و یەك مانگ لەوێ ماینەوە، ڕۆژێك هاتن وتیان هەمووتان کۆببنەوە هەندێ ئافرەتیان لێبردین، ئەوانەی جیایان کردینەوە بۆ ناو تەلەعفەر من یەکێك بووم لەوانە، دایکم لەوێ مایەوە، دایکم زۆری هەوڵدا و لە تاوانبارەکان پاڕایەوە کە منی لێ دوور نەخەنەوە، بەڵام گوێیان پێنەدا و هیچ رەحمیان نەکرد، کاتێك منیان لە دایکم سەند، مناڵە شیرە خۆرەکەی خوشکەکەم برد بۆ ئەوەی نەمفرۆشن بە تاوانبارەکان، لە سەرسینگی خۆم هەڵمگرت، بەردەوام شیری قووتووم پێدەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دایکم بەردەوام شیری پێدەدا، ئەم مناڵەیان لە باوەش وخۆشەویستی دایکی کرد. تاوانبارانی داعش، ئاوایان لێکردین ماوەیەك لە قوتابخانەیەکی تەلەعفەر ماینەوە، کەسێك لە موسڵەوە منی کڕی، بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لە ماڵەکەی خزمەتکار بووم، کەسێکی تر هات و منی کڕییەوە، پێمی وت: من تۆم کڕیوە بۆ کاری خێر، ئەتنێرمەوە بۆ لای کەسوکارت، کەلوپەلی بۆ کڕیم "شبح داعشی".
ئەوەش باس دەکات و دەڵێ:"پەیوەندیمان بە مامەکەمەوە کرد و لە گەڵ مناڵی خوشکەکەم گەیاندمیانە کەرکوك، مناڵەکە شیرە خۆرە بوو، ئێستا ئەو زۆر پەیوەستە پێمەوە، دایکی خۆی لە بیرچووە و وا دەزانێ من دایکی ئەوم، لە سەر سینگم دەیخەوێنم، بەڵام دایکی لە زیندانی داعشەکاندایە؟".

## تراژیدیای (١٣)
## کچەکەم بوکی سێ مانگی بوو گوڵلە باران کرا

"شرین تەعلو خەلەف" دەڵێت:" من خاوەنی حەوت مندالم دووانیان کوێرن و سیانیشیان کورن و ئەوانی تریش کچ، ئێمە بەرەو چیا ڕامان کرد لە ٨/٣ لە ناوڕاستی ڕێگادا چەکدارانی داعش بەرەو لامان هاتن چوار ئۆتۆمبێلی جۆری (تویۆتا پیکاب دەبڵ قەمەرە) و چەندین ئۆتۆمبێلی تر بوون، ئێمە هەر زوو بەرەو هەورازی دۆڵەکە ڕامان کرد تەقەیان لە ئێمە کرد بەڵام ئێمە توانیمان بگەینە سەری دۆڵەکە و خۆمان لە ژێر تاشە بەردەکان حەشاردەین، بەڵام ئەوانی تر هەموویان دەستگیر کران و قەلابەیەکیان هێنا و خەڵکەکەیان لێ سوار کرد، کچەکەم و زاواکەم و برازای زاواکەم و برای هاوسەرەکەم لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلی (تویۆتا) سوار کران و نزیکەی (١٠٠) مەترێک ڕۆیشتین دواتر ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاگرت و هەر لە پێش چاوی ئێمە و لە سەر شەقام زاواکەمیان گوڵلە باران کرد کچەکەم (هەیام) خۆی خستە سەر لاشەی هاوسەرەکەی و بەڵام ئەویشیان گوڵلە باران کرد و ئەوانی تریشیان خستە بەر دەستڕێژی گوڵلە و لاشەکانیان لەوێ بە جێ هێشت و ڕۆیشتن دوای ئەوەی دڵنیابووین کە ئەوان ڕۆیشتوون چووینە شوێنەکە و سەر لاشەی زاوا و کچەکەم چەند کەسێکی تریش هاتن و هاوسەرەکەم (فرحان دینو)ش کاتێک لاشەی کچەکەی وا بینی وەک شێتی لێهات و سەرگەردان بوو، ئەو پێشووتر حاڵەتێکی دەروونی هەبوو، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە بە تەواوی هاوسەنگی دەروونی لە دەستدا و شێت بوو ئێستا هەر لەم دەشت و چۆڵەوانیەیە.

ئێمە لاشەی کچەکەم و زاواکەمانمان هەڵگرت و خوێن بە هەموو لاشەیان دەهاتە خوارەوە لە شوێنێک لە نێوان (دووگرێ و سنوونێ) زەویمان نیومەترێک هەڵکۆڵی و لاشەکانیانمان خستە ناو ئەو گۆڕانەوە".

## تراژیدیای (١٤)
## خێزانە ئاوارەکانی شنگال چاوەڕێی هەواڵێکی کەسوکاریانن

خێزانێکی کوردی ئێزیدی کە ئاوارەی شاری سلێمانی بوون، چاوەڕێی هەواڵی کەسوکارەکەیەتی کە لە لایەن داعش دەستگیر کراون و رفێنراون.
ئەو خێزانانەی ئاوارەی سلێمانی بوون باسی دڕندەیی کارەکانی داعش دەکەن و دەڵێن داعش ماڵی وێران کردووین.
کاتێك مرۆڤێکی کوردی ئێزیدی دەبینی بە دەیان چیرۆکی پڕ لە نەهامەتی ئەو ڕۆژانەت بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوان دەستی دوعایان بەرز دەکەنەوە لە خوا دەپاڕێنەوە جارێکی تر کەسوکارە رفێندراوەکانیان بگەڕێنەوە و بە دیداریان شاد ببنەوە
ئەوەی ڕۆژانە "نەعا میا خەلەف"، بیری لێدەکاتەوە کچە(١٥) ساڵانەکەی و خوشکەکەی و منداڵەکانیەتی چونکە مانگێك زیاترە وەك خۆی دەڵێت بەردەوام ئەو کەسانەی مۆبایلیان پێیە هەواڵیان دەپرسێت، بەڵام هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەری دەست ناکەوێت لە بارەی ژیان و چارەنووسیانەوە،"نەعا" دەڵێت:"لە شنگال کچەکەم و خوشکەکەم و هەردوو منداڵەکانی و تەواوی ئەندامانی خێزانی لە لایەن تیرۆرستەکانەوە دەستگیر کران و سەرەتا پەیوەندیمان بە یەکەوە دەکرد و ئاگادار رەوش و بارودۆخیان بووین، بەڵام ئێستا نازانین چیان بە سەر هاتووە، سەرەتا برانە موسڵ و دواتر هێنرانەوە تەلەعفەر، ماڵ و حاڵمان وێران کران".

## تراژیدیای (١٥)
## بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات"مەسەلەی نامووس و شەرەف زۆر گرانە"

"عەفان" لە ناو کەلاوەیەکدا لە کۆمەڵگای شاریا، بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات"مەسەلەی نامووس و شەرەف زۆر گرانە و زۆر لە کوشتن گەورەترە، داعش زۆر تاوانی دژ بە ئێمە کردووە، بەڵام رفاندنی کچان و دەستدرێژی بۆ سەریان لە هەموویان گرنگترە".
"عەفان سەعید"خەڵکی گوندی کۆچۆیە، ئەو گوندەی سەدان پیاو بە کۆمەڵ گوللەباران کران و ژنان و کچانیش رفێندران.
"عەفان"دەڵێت؛ ئەو چیدی ناتوانێت بگرێت"چونکە گریان دادی دەردم نادات"، بە حەسرەتەوە داوای دەکرد کارێک بکرێت بۆ ئەوەی کچان و ژنانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، چونکە "لە کۆمەڵگای کوردیدا مەسەلەی نامووس و شەرەف زۆر گرانە"، هەندێ جار نەیدەتوانی سەیری ناوچەوانی بەرامبەرەکەی بکات، دەستێکی بە چاوەکانیدا دەهێنا و دەیگوت:"چۆن بتوانم قسە بکەم، لە کاتێکدا ژنەکەم لە ژێر دەستی ئەو کافرانەدایە".
"زەکو"، دایکی"عەفان" باسی گرتنی ژنان و کچان و منداڵان دەکات، ئەو کە باسی پیاوان دەکات ئەوەندە پێی تێک ناچێت و ئەڵێت " پیاوان بە پێی توانا شەڕی خۆیان کردووە" بەڵام کە دێتە سەر باسی گرتنی کچ و ژنەکان، بە هەڵچوونەوە دەڵێت:" چ ئاین و یاسایەک ڕێگا دەدات بە کەسێک کە دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر کەسانی دیکە، ئەوە مەسەلەی نامووسە، خۆزگە هەموومان بکوژراین بەڵام ئەو ڕۆژەمان بە چاوی خۆمان نەبینایە"، تاکە داوای "زەکو" ئەوەیە ئەو کچ و ژنانە بگەڕێندرێنەوە.
"حوسێن خودێدا"، تەمەن(٤٥) ساڵ، ردێنێکی سپی درێژی هەیە، لە کاتی هاتنی چەکدارانی داعش ئەو کاری شوانی دەکرد لە یەکێک لە گوندەکانی نزیک شاری دهۆک، ئەمەش بووەتە هۆی دەربازبوونی لەو تاوانە، بەڵام ئەو بەهای دەرباز بوونی خۆی لە بیر کردووە، چونکە ژن و کچە (٢٠) ساڵانەکەی لە دەستی داعشدان، ئەو بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە دەڵێت:" نازانم چی بە سەر ژن و کچەکەم دێنن".
"ئەلیاس"ی تەمەن (٢١) ساڵ، دەڵێت:" من کرێکار بووم لە میوانخانەیەکی سلێمانی، خێزانەکەم کە پێکدێت لە باوک و دایک و(١٠) خوشک و برا، هەموویان دەستبەسەر کراون و هیچ لە بارەیانەوە نازانم، تەنیا ئەوە دەزانم کە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیر کراون و رفێندراون".

بە وتەی کچێکـی کـوردی ئێزیـدی، کچـان زیـاتر لە کەسـانی تـر هەسـت بەو ستەمە دەکەن کە بەرامبەر بە کچانی ئێزیدی کراوە، "ئەڤین خیرو"، تەمەن (٢٣) سـاڵ، دەڵێت:" راسـتە مـن دەربـاز بـووم بەڵام هەزاران کچـی ئێزیـدی چارەنووسـیان دیـار نـیە و دەسـتدرێژیان دەکـرێتە سـەر ئەمە بـۆ ئـێمە زۆر گرانە"، "ئەڤین" بە بڕوا بە خۆبوونەوە قسەی دەکرد و وتی:" ئێمەی کوردی ئێزیدی خاوەنی رەوشتێکی بەرزین و بڕوامان بە ئاینمان زۆر پتەوە، ئەگەر هەمووومـان بکـوژرێین هەر لە سـەر بیـر و باوەڕمـان دەمێنـین، قەتـیش لەوانە خۆش نابین کە ئەم تاوانەیان دەرحەق بە ئێمە کردووە، ئەوانەی هاوکاریشیان کردوون بە سزای خۆیان دەگەن".

## تراژیدیای (١٦)
## جیرانە عەرەبەکانمان خیانەتیان لە ئێمە کرد

دوای ئەوەی لە ٣ی ئـاب بە سـەدان هەزار کـوردی ئێزیـدی رووبەڕووی هێرشەکانی چەکدارانی داعش و کۆمەڵکوژی و ئـاوارەبوون بـوون، هەنـدێک لە ئاوارەکان روویـان لە وڵاتـی تورکیا کرد، لە ئەستەمبول نیشتەجێ بوونە، "عیـدو حمـو" ئـاوارەیەکی بەسـاڵاچووی ئێزیـدی لە گەڵ ٢٠ کەسـیتر لە ئەندامانی خێزانی ئاوارەی ئەستەمبول بوونە، وتی:"ئەوە فەرمانی ٧٤ بە سەر ئـێمەی کـوردانی ئێزیدیـدا هـاتووە و ئەمەیـان خوێنـاویترین و دڕنـدانەترینیانە ئەمجارەیان دۆست و جیران و کریفە عەرەبە هاوسێکانمان هاوکاری داعشیان کرد و خیانەتیان لە ئێمە کرد، ئەوان ئێمەیان کوشت و ئێمەیـان دەربەدەر کرد بۆیە ئیتر هەرگیز ناتوانین لە گەڵ ئەوان بژین".

## تراژیدیای (١٧)
## هاوار... هاوار...تاوسی مەلەك

ژمارەیەکەی زۆری ئاوارەکانی چیای شنگال دوای ئەوەی دووچاری دەیان دەردەسەری بوون لەسەر چیا پاش گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ئارامەکانی باشووری کوردستان ئەوان لە پەرستگای (لالش) نیشتەجێ بوون.
"شێخ میرزا" پیرەمێردێکی سمێل سپی و رووخسار ماندوو بە جل و بەرگی تایبەت بە خۆیانەوە ئاوارەی پەرستگای لاش ببوو، هەردوو دەستی بەرز کردبووەوە و هاواری دەکرد هاوار... هاوار...تاوسی مەلەك بە هاواری ملـلەتەکەتەوە وەرە... ئەوان دەربەدەر بوون و ئەوان کوژراون، ئەمە فەرمانێکی هەرە گەورەیە دەیانەوێت ئاینەکەمان لە ناو بەرن... هاوار... مەلەکی تاوس پەیامەکەمان بگەیەنە خوا... خەلەفا من خودێ ...خەلەفا من خودێ...خەلەفا من خودێ...ئەو بە هەستێکی روحانی و زۆر بەرزەوە هەردوو دەستی بەرز کردبووەوە و ئەم نزایەی دەکرد، لە بەر دەرگای یەکێك لە غورفەکانی پەرستگای لالش لە دەستە چەپ دانیشتبوو، هەر ئەم نزایانەی دەکرد لە سەر دەرگاکە نوسرابوو (مزارا خاتونا فخرا) لە دەستە ڕاستیش لەولای دەرگاکە پیرەمێردێکی تری بە هەمان شکل و شێوەی جل و بەرگ سپی دانیشتبوو جار جار چاوی دەنوقاند و فرمێسکەکانی دەسڕیەوە.
ئەو تراژیدیایەی بە سەر ئێزیدیەکاندا هات هەموو مافەکانیان لێ سەندرایەوە، ئەوان تەنانەت نەیانتوانی وەك هەر مرۆڤێکی تری سەر ڕووی ئەم زەمینە بە ئارامی بژین لە ماڵەکانی خۆیاندا.
"شێخ میرزا" بە تەمەنترین کەسایەتی ئایینی ئێزیدی لە لالش و مجەوری (مزارا خاتونا فخرا)بە جل و بەرگی ئاینی تایبەت بە خۆیانەوە دوعا و نزا لە خودا دەکات و دەڵێت:"میللەتی تاوس مەلەك ون نابێت و لە ناو ناچێت، هەتا ئەبەد و تا ئەبەد و تا ئەبەد و هەبوونی دونیا میللەتی ئێزیدی هەر دەمێنێ".
دیسان هەردوو دەستی بەرز کردەوە و وتی:"هیوای خۆمان دەگەیەنینە تاوس مەلەك و رەب العالمین، بە بانگ و هاواری ئێزیدی و کوردستان و ئەهلی ئیمان و ئەهلی خودا هەر کەسێك ترسی خودا و رەحمی خودای لە دڵدابێت بیپارێزە".
بە وەزن و قافیە و بەیت و قەل و لاوك ئەم دوعایانەی بە دەنگێکی جۆش و خرۆشەوە دەکرد، دەنگێك کە هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری بوون بە ژن و منداڵەوە دەخستە گریان، وشەکانی کاریگەر بوون لە روحێکی پاکەوە

دەردەچوون لە وشە و دەنگیدا دیار بوو زوڵمیان لێ کراوە، ئەم جارەیان "شێخ میرزا" بە قسە کردنەوە وتی:" لە باب و باپیرانەوە بۆمان گێردراوەتەوە کە چەندین جار فەرمانی کوشتن و لە ناوبردنمان بە سەردا هاتووە، بەڵام هەرگیز کەسێك نەیتوانیوە مەرقەدی شەرفەدین لە ناو ببات و چیای شنگال لە ئێزیدیەکان ڕابماڵێت تا ئەبەد ئێزیدیەکان ئەم چیایە بەرنادەن و بێ خاوەن نابێت، بە هێز و توانای خودا ئەم چیایە پشت و پەنامانە".

لە درێژەی قسەکانیدا "شێخ میرزا" وتی:"ئێزیدیایەتی ئاینێکی کۆنە و تەواو نابێت، ئێمە ئاین و بیر و باوەڕ و لالش و پیرۆزیەکانمان جێ ناهێڵین مرۆڤ یەك جار دەمرێ با ئەو مردنەشمان لە سەر ئاین و بیر و باوەڕ بێت، بە ڕوویەکی سپی و بە سەر بەرزییەوە بمرین نە لالش و نە کوردستان بە جێ ناهێڵین، پیرۆزترین بە شەرەفترین و سەربەرزترین مردن ئەوەیە لە خاك و ئاوی کوردستان و لالش دا بمرین، نەك لە وڵاتی غەریبی و بێ خاوەن.

بە هێزی خودا بە هێزی خودا و تاوسی مەلەك چیای شنگال پارێزراوە و بەرنادرێ مللی کوردستانە چیای شنگال، لە دونیادا خۆشی و ناخۆشی هەیە. لە هەموو ئەو فەرمانانەی بە سەرماندا هاتوون ئەمەی ئەم جارەیان خوێناوی ترین و دڕندانەترین فەرمان بووە".

## تراژیدیای (١٨)
## جاسم دەیەوێت خانەوادەکەی ببینێتەوە

چیرۆکی ئاوارە بوونی "جاسم"ی منداڵ یەکێکە لە سەدان چیرۆکی پڕ لە تراژیدیای چیای شنگال کە ئەو هیچ لە چارەنووسی خانەوادەکەی نازانێت، "جاسم"ی تەمەن(١٢)ساڵان خەڵکی کۆمەڵگەی گوهبەلی سەر بە شنگال بەم شێوەیە چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" کاتێک چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر کۆمەڵگاکەمان خەڵکەکە هەریەکەو بە لایەک بەرەو چیاکە رۆیشتن کاتژمێر سێی نیوەشەو بوو خانەوادەکەی ئێمەش ڕامان کرد، بەڵام من لە دایک و باوک و خوشک وبراکانم جودا بووم و زوتر ڕام کرد ئەوانی تر هەموویان دەستگیر کران من هیچ لە چارەنووسی خانەوادەکەم نازانم، زۆر پێویستیم پێیانە ئەمەوێ بیان بینمەوە ژیانم زۆر سەختە زۆر بیریان دەکەم، "جاسم" بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وتی:"هەموو هیوا و ئومێدی من ئەوەیە جارێکی تر دایک و باوک و خوشک و براکانم ببینمەوە و بە دیداریان شاد ببمەوە".

## تراژیدیای (١٩)
## ئاوارە ئێزیدیەکان و زیانە ئابورییەکان

"حجی ابراهیم" یەکێکە لە ئاوارە ئێزیدیەکان دەڵێت:"بێگومان دەڤەری شنگال و زومار گەلێک دەوڵەمەندە بە کشتوکال کردن و بەخێو کردنی ئاژەڵ و پەلەوەر کاتێک تیرۆرستانی داعش هاتن بۆ ناوچەکەمان ئێمە تەنها توانیمان بە گیان خۆمان رزگار بکەین زۆربەی خەڵکەکە بە هەزاران سەرە مەڕ و پەلەوەر و ئاژەڵ و مانگایان بە جێ هێشت هەروەها بە هەزاران تەن گەنم و جۆ، ئێمە نازانین چیان لێ هاتووە بەڵام وامان گوێ لێبووە هەر شتێک کە چەکدارنی داعش دەستیان بگاتێ تەفروتونای دەکەن یاخۆد دەیان سوتێنن و لە ناویان دەبەن".

"الیاس خضر" یەکێکی ترە لە ئاوارە ئێزیدیەکان و دەڵێت:"سەرەرای زەرەرە گیانییەکان دووچاری زەرەر و زیانێکی زۆری مادیش بووین هەندێک لە خەڵکەکە پارە و سامان و ئۆتۆمبێل و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و پیکاب و تراکتۆر و هەرچی ئامێری تر کە هەیان بووە بە جێیان هێشتووە تەنها بە رۆح توانیومانە خۆمان رزگار بکەین، ئەمەش کاریگەری خراپی دەروونی و مادی لە سەر ئێمە بە جێ دەهێڵێت و تا ماوەیەکی زۆریش ناتوانین بگەینە بارە ئاساییەکەی جاران".

دایکی "رۆژ"ێ یەکێکە لە ئاوارەکان و لە قوتابخانەیەکی دهۆک نیشتەجێ یەو دەڵێت: " سەرەرای زیانە گیانی زیانە دەروونیەکان هاوکات زیانە مادییەکانیش زۆرن زۆربەی ئافرەتان زێڕ و خشڵ و هەرچی هەیە بە جێیان هێشتووە دەڵێن چەکدارانی داعش و هاوسێیە عەرەبەکانمان دەستیان بە دزین و تاڵانکردن کردووە و چەندین خانو سوتێنراون و وێران کراون".

## تراژیدیای (٢٠)
## چیرۆکی دوو منداڵی ئاوارەی کورد کە لە فەرەنسا چارەسەر دەکرێن

دوو منداڵی کورد، خوشك و برایەك کە لە ئەنجامی هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان و بە هۆی گوللە و پارچەوە کە بەریان کەوتبوو زۆر بە سەختی بریندار ببوون.
ئەو منداڵانە سەرەتا لە هەولێر نێردرانە کلینیکی تایبەتی فەرەنسی بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بکرێت و وەك هەموو منداڵانی دیکە رەوشی تەندروستیان بگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی، بەڵام نە لە هەولێر و نە لە عێراق نەتوانرا چارەسەریان بۆ بکرێت، بۆیە لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو کلینیکە فەڕەنسییەوە نێردرانە فەرەنسا بۆ ئەوەی چارەسەری تەواویان بۆ بکرێت .
لە فەرەنسا بنەماڵەیەك ئەم دوو منداڵەی گرتوونەتە خۆی، وەك خۆیان دەڵێن بە هەموو شێوەیەك خزمەتیان دەکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن لە هیچ شتێکیان کەمبێت و هەست بە تەنهایی بکەن لەو وڵاتەدا ، ئەوان هەر لەسەر بنەمای کولتووری کورد ئەم منداڵانە بەخێو دەکەن و ئەمەش بە ئەرکی خۆیان دەزانن.
بەڕێوەبەرانی کلینیکە فەرەنسییەکە کە ئەو منداڵانەیان بردوونەتە فەرەنسا، ئاماژە بەوە دەکەن دەسکەوتنی بنەماڵەیەکی لەمشێوەیە لە فەرەنسا کارێکی زۆر گرانە، ئەم بنەماڵەیە زۆر بە خەمی منداڵەکانەوەن و بە بەردەوام سوپاسی ئەو کەس و لایەنانە دەکەن کە سەرقاڵی چارەسەرکردن و نەشتەرگەرین بۆ ئەو منداڵانە، ئەوان بە راستی ئەو منداڵانەیان خۆشدەوێت و هاوکاریان دەکەن.
لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، چەکدارانی داعش ، هێرشیان کردە سەر موسڵ و دواتر بۆ سەر باشووری کوردستان، بە هۆی هێرشەکانی چەکدارانی داعش، ژمارەیەکی زۆر منداڵ بێ سەرپەرشت بوون، بە تایبەتی لە شنگال هەندێکیش لە برسان گیانیان لە دەستدا و هەندێکیش بە هۆی ئەوەی بەسەریان هات تووشی جۆرەها نەخۆشی بوون و هەندێکش برینداربوون، ئەم خوشك و برایەش، دوو کەسن لەو سەدان منداڵەی بە هۆی هێرشەکانی داعشەوە زیانیان پێگەشتووە .

## تراژیدیای (٢١)
## سەدان کەس بە بێ خێزان

بە پێی قسەی چالاکوانی مەدەنی "جەمال قادۆ" کە جەختیکردەوە(٣٠) مناڵ لە ناوچەی ئینیشکی باکووری دهۆکن و کەسوکاریان نەماوە و ئێستا لە لایەن خۆبەخشێکی کوردەوە سەروکاری دەکرێن، سەدانیتر لە خێوەتگاکانی زاخۆ و دهۆك و شاریا و خانکێ و دێربونن و لە ژێر چاودێری ڕێکخراوی مرۆیی و خێزانە ئێزیدییەکاندان".
لە نێوان ئەمانەدا "فەوزییە حازم" کە لە(١١) ساڵەی تەمەندایە، لە پاش لە دەستدانی زیاتر لە (١٠) کەسی خێزانەکەی بە تەنها گەشتە دهۆك بە پێی ئامار و زانیارییەکانی نوسینگەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە پارێزگاکە.
لە کۆتایی ئەو ڕێگایەدا کە چەکدارانی کورد دابینیان کردبوو لە سەر سنووری سوریا، پیرێکی تەمەن(٧٠) ساڵانی پەککەوتوو دڵخۆش بوو بە رزگاربوونی و ورەی زۆری هەبوو "ئەوان قیامەتیان بۆ ئێمە ئامادە کردبوو، بەڵام ئێمە رزگارمان بوو، چوار ڕۆژ بە پێ ڕێمان کرد، هەندێ جار بە سکەخشە وەکو مناڵ بە سەر چیادا سەردەکەوتم، هەندێ جاریش کوڕەکەم لە سەر پشت و بە کۆڵ هەڵیدەگرتم، پێم وت وازم لێ بهێنە و بە جێم بهێڵە با بمرم لێرە، بەڵام وای نەکرد".
خێزانی "جەمیلە" کە لە(٩) کەس پێکهاتوون و چواریان منداڵن، ماوەی (١١) ڕۆژ لە چیا بوون و لەم ماوەیەشدا یەك ژەم نیسك و یەك ژەم ساوەریان خواردووە، ڕۆژەکانیتر گەنمیان کوتیوە و لە گەڵ ئاوی پیس تێکەڵیان کردووە و دەرخواردی مناڵەکانیان داوە، گەورەکانیش سەروو پارچە نانێکیان بەردەکەوت تەنها بۆ ئەوەی بە زیندوێتی بمێننەوە و نەمرن.
خەمی ئەمانە تەنها دەسکەوتنی ئاو و خۆراك نەبوو، بەڵکو خێزانەکەیان سێ کەسیان بزرکردبوو کە بریتی بوون لە گەنجێکی تەمەن(٣٠) ساڵ کە کەس تا ئێستا چارەنووسی نازانێت لە گەڵ خوشکەکەی کە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە گەڵ مێردەکەی بردوویانن.
خێزانی "جەمیل" کە لە سەر خۆڵ و خاك لە تەنیشت دوو کچیەوە دانیشتبوو، پێستی روومەت و چاوەکانیان تووشی هەوکردن بووبوون، وتی:"پاڕانەوەمان وەکو فرمێسکەکانمان بەردەوام بوو، هەموو کات مردنمان بە چاوی خۆمان دەدی، مۆبایلەکانیان داخرابوو کەسیش هیچی لە بارەوە نەدەزانین، ئایا ماون

یان مردوون، سەدان کەسی بێسەروشوێن هەن تەمەننا دەکەین مردبن و لای داعش دیل نەبن".
بارودۆخی خێزانی "جەمیل" باشترە بە بەراورد بە حاڵی "فارس سلێمان" کە(٣٠)ئەندامی خێزان و بنەماڵەکەیان بێسەروشوێنە "کەسمان نەما.. کچەکانم و منداڵەکانم هەموو رفێنران، هەموویان چەکداری داعش نەیبردن، بەڵکو پیاوی هۆزە عەرەبییەکانیشیان لە گەڵدا بوو کە خۆمان دەیانناسین و گەمارۆی ماڵی ئێمەیان دا و هەرکەس بەرگری کرد کوشتیان و کچ و کوڕە گەنجەکانیان برد لە گەڵ خۆیاندا".
"فەیسەڵ حەسەن" کە رزگاربوویەکیترە و گەشتۆتە ناوچەی رمێلانی سوریا کە یەکێکە لە وێستگەی گەشتنی هەڵهاتووان، زیاتر گەشبینە "خوایەك هەیە لە ئاسمان، من بڕوا ناکەم لە گەڵ منداڵەکانم لە برس و تینوویەتی و بەرلەوەش هەڕەشەی سەربڕین قوتار بووبم، خوا هات بە دەممانەوە، راستە من منداڵێکی شیرە خۆرەم لە دەست دا بەڵام ئەم گەلە سەر لە نوێ لە فەوتان رزگاری بوو".
"کەریم" کە سەرقاڵی راکێشانی عەرەبانەیەکی چەوبوو بەتانییەکی لە سەر راخستبوو تا برا کەم ئەندامەکەی بە ناوی "خدر" تێیدا بحەوێتەوە، وتی:"نەدەکرا بڕۆم بۆ چیا و بە تەنها ئەم لە ماڵەوە بەجێبهێڵم، پێویست بوو رزگاری بکەم... بانگەشەی ئەوەم کرد کە من موسوڵمانم و بۆ ماڵی مامم دەچم تا هاوکاری برا نەخۆشەکەم بکەم، بەڵام لە راستیدا بۆ چیا دەچووم.. من بەختم هەبوو چونکە ئەوانەی پێم گەشتن بڕوایان کرد، خەڵکیتر نەیانتوانی بگەنە ئەوێ".
ئەم برا گەورەیە ماوەی پێنج ڕۆژ پاڵی بە عەرەبانەی برا کەم ئەندامەکەیەوە ناوە لە ناو ئەو ڕێگا بەردەڵانە شاخاویانەدا و خۆراکی بۆ دابینکردووە بۆ ئەوەی بە زیندوویەتی بمێنێتەوە، ئەم کارەش هەندێ جار چوار کاتژمێر ڕێکردنی بە پێ دەویست بە دابەزین بۆ دۆڵ و چۆمەکان و هەمدیسان هەڵکشان بە بەرزایی و گردۆلەکان.
"کەریم" کە دەموچاوی هەمووی تلۆقەی کردبوو، سەختترین ساتەکانی گەشتەکەی گێڕایەوە "لە دەروازەی دۆڵێکدا پیرەژنێك بە ناوی (خاتون) خۆی خستە خوارەوە لە چیاکە. (خاتون) نەیدەتوانی ڕێ بکات و دەترسا لەوەشی ببێتە ڕێگر لە بەردەم دەربازبوونی خێزانەکەی.. ترسام براکەشم هەمان شت بکات".

"کەریم" بە دەم سڕینی ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی دائەرژانە ناو پێڵوەکانی چاوی بەردەوام بوو "چەندین جار براکەم تکای کرد بە جێی بهێڵم و هەڵبێم.. پێویست بوو من ئاو و نانی بۆ پەیدا بکەم، لەوەدا گیرم کردبوو چۆن متمانەی پێ بکەم کە دەگەڕێمەوە و دەبێت چاوەڕوانم بێت.. چەندین جار سوێندم بۆ خوارد کە ئێمە پێکەوە دەژین و پێکەوەش دەمرین".
"خاتون" کە پەکی کەوتبوو لە ڕێکردن لە گەڵ خێزانەکەی، ڕۆژی سێیەمی تاوانەکە بڕیاریدا کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، "کەریم" دەڵێت:"کوڕەکەی چەندین کاتژمێر بە کۆڵ هەڵیدەگرت بەڵام ئەو ئەوەی نەدەویست، رازی نەبوو بەشی خۆی لە نان بخوات، دیاربوو بڕیاری خۆ کوشتنی داوە.. کوڕەکەی ئەو شەوە هەر دەگریا و داوای لێخۆشبوونی لێ ئەکرد چونکە بە بێ خواستی خۆی و بە ناڕەزایی لە ماڵ دەریکردبوو.
لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ئەم پیرەی کە جەستەی تێکشکابوو لە نزیك دارێکدا ئەسپەردەکرا، ئەو شوێنەش تاقە جێگەبوو بتوانین تۆزێك چاڵی تێدا هەڵبکەنین لە ناو ئەو بەردەڵانە و تاقە ئامێری دەستیشمان تاشە بەردی نوك تیژبوو، نیو مەتر چاڵمان کەند و دواتریش سەری ئەو چاڵەمان بە بەرد داپۆشی و ئەمە بوو بە گۆڕی (خاتوون)".
ئەم گەشتەی "خاتوون" نەیتوانی تەواوی بکات، "میان" تەواوی کرد کە ماوەی(١٠) ڕۆژی رێك لە چیای شنگال بوو لە گەڵ دوو کوڕی کە بە کۆڵ لە گوندی تەلعوزێرەوە هەڵیان گرت لە باکووری شنگالەوە تا ناو خاکی سوریا و بە درێژایی ئەم ماوەیەش "میان" لە گریان و فرمێسك رشتن نەوەستابوو.

**گەڕانەوە بۆ نیشتمان**

"تاریق ئیلیاس" کە دەموچاوی کچەکەی لە قەراغی پردی فیشخابور دەشوشت لەو تەپوتۆزەی پێوەی بوو لە گەڵ هەزاران ئاوارەدا گەڕایەوە و ئاپۆڕای ئەم ئاوارانەش ئەو پردەی داپۆشیبوو کە سوریا و عێراق پێکەوە گرێ دەدات.
"تاریق" بە دەم هێورکردنەوەی کچەکەیەوە کە بە هۆی ئازاری تویکڵ هەڵدانی دەموچاوییەوە لەبەر تیشکی خۆر دەگریا و وتی:"هەموو شتمان بەجێهێشت بەس بۆ ئەوەی گیانی خۆمان دەرباز بکەین.. ماڵمان، ئۆتۆمبێلمان، تەنانەت ئەو زێڕ و خشڵانەشی لە ماڵماندا بوون.. نازانین چارەنووسمان چی دەبێت".

**٤٠٠ هەزار پەنابەر**

لـە(١٢ی ئـاب)دا بەڕێوەبــەری خـاڵی پەڕینــەوەی فیشـخابور، "شـەوکەت بەربەهاری" ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە چیای شنگالەوە گەشتوونەتە دەروازە سنووورییەکەی نێوان سوریا و عێراق بـە دەوروبـەری(٧٥)هـەزار کـەس خەمڵاند، بـەڵام ڕێکخراوی کۆچی جیهانی ڕۆژێك بـەر لـەوە (١١ی ئـاب) گەشـتنی(٨٠) هـەزار هـاووڵاتی ئێزیـدی لـە چیـای شـنگالەوە لـە ڕێگـای جیاوازەوە بۆ دهۆك تۆمار کردبوو، پێشبینی ئەوەشی کردبوو کـە ژمارەکـە لـە گەڵ بەردەوامی هاتنی ئاوارەدا دووقات ببێتەوە .

لە(٢٠ی ئاب)دا ئیدارەی خۆجێی پارێزگای دهۆك ئاشکرای کرد کە پێشـوازی لـە(٧٠٠)هەزار کۆچبـەر کـردووە کـە زۆرینـەیان ئێزیـدی و مەسیحین و لـە ناوچـەکانی دەشـتی نەینـەواوە ئـاوارە بـوون (٢٥٠ هـەزار) لـە گـەڵ شنگال و زوممار (٤٠٠ هەزار) کە کەوتونەتە دەست چەکدارەکانی دەوڵـەتی ئیسلامی، ئەمە جگە لە(٣٠)هەزار ئاوارەی سوریا و موسڵ کـە حـاڵی حـازر نیشـتەجێی دهۆکن.

ئەم ژمارەیەش بۆ پارێزگایەك کـە ژمـارەی دانیشتوانەکەی لـە (یـەك ملیۆن و ٢٠٠)هەزار کەس تێپەڕ ناکات گوشارێکی گەورەیە و بارگرانی زۆر لە سـەر ژێرخانی ئابوورییەکەی دروست دەکات کە بە قسەی پارێزگـاری شـارەکە "لـە ژێر هەڕەشەی دارِماندایە".

هـەروەها پارێزگـار داوای ئـەوەش لـە حکومـەتی عێـراق دەکـات بـە پەلـە کۆمەکیان بکەن تا بتوانن بـەهانای ئـەو دەیـان هـەزار کەسـەوە بڕۆن کـە ئێستا لایەنی ئەهلی و ڕێکخراوی خێرخوازی خواردنی ڕۆژانەیان پێشکەش دەکەن.

بە پێی دەزگاکانی ئێزیدی،(٢٥٠)هـەزار هـاوڵاتی ئێزیـدی لـە نێوان (٥-١٥ی ئـاب)دا ناوچـەی خۆیـان بەجێهێشـتووە و بـە سـەر(٧٠٠) قوتابخانـە و سـەدان بینای حکومی و ئەهلی و خێوەتگای کاتی و هەیکەلی خانووی تەواو نەکراو و باخی گشتیدا دابەش بوون لە شـارەکانی دهۆك و زاخۆ و شـارەکانیتری نزیك لـەوان، ئەمـە جگـە لـە گەشـتنی دەیـان هـەزاریان بـە پارێزگاکـانی هـەولێر و سلێمانی.

هەنـدێ چـالاکوانی نـاوخۆیی دۆخـی ئێسـتای ئێزیدییـەکان بـە "کارەسـاتاوی" دەدەنە قەڵەم و پێشبینی ئەوەش دەکەن خراپتر ببێت، چونکە ئەو خێرخوازانەی لــە ســەرەتاوە خــۆراکی ڕۆژانــەیان دابــین دەکــرد بۆیــان وردە وردە لــە کەمبوونەوەدان.

"لە گەڵ دەستپێکردنی وەرزی پایز دۆخەکە خراپتر دەبێت و نەخۆشی زیاتر بڵاو دەبێتەوە لە نێوان ئەو ئاوارانەی کە لە بنەڕەتدا باری تەندروستییان خراپە بە هۆی ئەوەی دوو هەفتەی ژیانیان بە بێ نان و ئاو بەسەر بردووە". ئەمە قسەی چالاکوان "سەربەست محەممەدە".
بە پێی ئاماری رێکخراوە ناوخۆییەکان و وەزارەت و دامەزراوە عێراقییەکان، لە ڕۆژانی(٣-٨ی ئابی ٢٠١٤) دەوروبەری(٩٠٠) منداڵ و گەنجی ئێزیدی دووچاری کۆمەڵکوژی بوون و ٥٠٠ لەم قوربانییانەش لە گۆڕستانی بەکۆمەڵ ئەسپەردە کراون و زیاتر لە (١٠٠٠) ژنیش وەکو کەنیزەك براون ( بەڵام دواتر ژمارەی کچ و ژن و منداڵە رفێندراوەکان بە پێی چەندین سەرچاوە گەیشتووەتە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس).
"دەلال شەمۆ"، مامۆستای مێژوو، دەڵێت: "ناکرێت ئەوەی روویدا بە هیچ خەمو ئازارێکیتر بشوبهێنرێت، موسیبەتی ئێمە دوو سەرەیە، ئێمە سەردەبڕدرێین لەبەر ئەوەی ئێزیدین و لەبەر ئەوەشی کە کوردین، ئەم هەموو دڵڕەقییە لە عەقڵی ئێمە جێگەی نابێتەوە، هیچ بژاردەیەکیتریان بۆ بەجێ نەهێشتین وەکو ئەوەی بە مەسیحییەکانیان دا لە گەڵ شیعەکان، هیچ بە دەست ئێمە نییە تا بیکەین و تا ماوین ئەبێت بگرین بۆ ئەوەی بەسەر کچەکانماندا هات".
فەرمانبەری شارەوانی "سەلیم کامل" کە کچەکەی لە دەست داوە، دەڵێت:"ئێزیدییەکان بە درێژایی مێژوو دووچاری ٧٢ قەسابخانە بوون، بەڵام هیچیان وەکو ئەمە نەبوون، پێشتر ژنمان نەکراوەتە کۆیلە و کەنیزەك و لە گەڵ پیاوەکاندا دەکوژران، بەڵام ئەمرۆ بە بەرچاوی جیهانەوە دەرفێنرێن.. هەموو شەو دەموچاوی کچەکەم ئەبینم بانگم ئەکات و بەردەوام ناوی لە سەر زارمە، خۆزگە ئێمە هەر لە دایك نەبوینایە و نەکەوتینایەتە ئەم ڕۆژە".
ئەم ترسە لە کۆمەڵکوژی و هەستکردن بە کۆتاییهاتنی پێکەوەژیان لای کوردی مەسیحی و موسوڵمان نییە و ئەمەش تا ڕادەیەك پاساودارە چونکە ژمارەیەك لەو ئەمیرانەی دەوڵەتی ئیسلامی کە ئامادەکاری ئەم راپۆرتە قسەی لە گەڵ کردن دانیان نا بەوەی سەدان ئێزیدی لەوانەی رازی نەبوون موسوڵمان ببن کوژراون و ژنەکانیان کراوەتە کۆیلە ئەگەر ئیسلامەتیان قبوڵ نەکردبێت".
ئەمیرەکانی ویلایەتی موسڵ کوشتنی ئێزیدییەکانیان بە رەوا داوەتە قەڵەم لە رووی شەرعەوە "ئەوان کافرن و رازی نابن ببنە موسوڵمان، ئێستا شنگال بووەتە بەشێك لە دەوڵەتی خەلافەت و جگە لە موسوڵمانیش جێگەی کەسیتری

تێدا نابێتەوە مەگەر ئەهلی کیتاب بن (جوولەکە و مەسیحی) و جزیە (سەرانە) بدەن".
"ئەبو قدامە" کە ئەمیرێکی دەوڵەتی ئیسلامییە جەختیکردەوە "دەوڵەتی خەلافەت سنووری نییە" ئەمەش ئێزیدییەکان دەخاتە ژێر هەڕەشەیەکی بەردەوامی کوشتن و ڕاگواستن تا ئەم دەوڵەتە لە سەر کار بمێنێت لەو ناوچانەی کە لە دەوروبەری ئێزیدییەکانن و بەشێکن لە پشتێنەی هەرێمی کوردستان.
"بیر شامۆ" پیاوێکی ئاینی ئێزیدییە، دەڵێت ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر لە بەردەم هەڕەشەدان "لە ماوەی چەند سەدەیەکدا یەکەمجارە مانەوەمان لە نیشتمانی خۆمان لە مەترسیدا بێت، ئەگەر شنگالمان لە دەست بچێت ئەوە هەموو بوونمان ئەکەوێتە مەترسی.. جاران ئێمە دردۆنگ بووین لە کۆچ بەڵام ڕەنگە ئەمرۆ ئەوە تاقە چارەسەر بێت".
بەر لەوەی هیوای هەزاران ئێزیدی بێتە دی بە کۆچی بەکۆمەڵ یان پاراستنی ناوچەکانیان لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە کە دوو بژاردەن بەدیهاتنیان دوورە، زۆربەیان ناچارن لەو خێوەتگایانەدا بژین کە سادەترین بنەمای ژیانی تێدا نییە.
سەرباری ئەو ئاکامەی ڕووداوەکان پێی دەگەن، هەزاران خەڵکی کۆست کەوتوو کە مناڵ و کچیان لە فتوحاتەکانی دەوڵەتی خەلافەت لە دەست داوە چاوەڕێی هاتنی زستانێك دەکەن کە ڕەنگە کۆتاییان بێت لە سەر ڕووی زەوی. زستانێك کە زۆر سەخت دەبێت لە ژیانی مامۆستا "دەخیلساڵح" کە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لە دەست دا جگە لە نەسرینی کچە بچووکی. "دەخیل ساڵح" کە چەند سەد مەترێك لە نزیك سنووری تورکیاوە لە سەر زەوی دانیشتبوو بە هیوای ئەوەی بتوانێت بپەڕێتەوە بەرەو ئەڵمانیا، وتی "لێرە کۆتاییمان هات.. هیچ کات ناگەڕێمەوە بۆ ئەو خاکەی کە هەرچی خۆشەویستی من هەیە بردی".

## تراژیدیای (٢٢)
## ئاوارە جوتیار و ئاژەڵدارەکانی شنگال باسی زیانەکانیان دەکەن

لێرەدا بە کورتی چەند نموونەیک لە زیانە ئابووریەکان دەهێنینەوە لە بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا، کە ئەمانە چەند جوتیار و ئاژەڵدارێکن، بەم شێوەیەی خوارەوە زیانەکانیان لە قەڵەم داوە:
- خێزانێکی ئاوارەی گرعوزێر، کە لە ژێر سەقفێکی چینکۆیا ژیان بەسەر ئەبەن لە دهۆک، دوو برا و ئامۆزایەک بوون، هەر ئەم خێزانە(٦٠٠)سەرە مەڕ و سێ کێڵگەیان هەبوو لەگەڵ چەندەها جۆری تراکتۆر و ئۆتۆمبێل و ئامێری جۆرا و جۆری کشتوکاڵی، بەڵام ئەمڕۆ(لە ئاوارەییدا) بڕێ پارەیان پێ نییە بۆ مناڵەکانیان جل و بەرگ بکڕن.
ناوی هەندێک لەوانەی کە موڵکیان هەبوو و لە ٣-٨ لە دەستیاندا:
- حجی حسن ایکان القیرانی:(٢٣٠) سەرە مەڕ لە گەڵ کێڵگەیەکی گەورەی کشتوکاڵی و تراکتۆر و ئۆتۆمبێل.
- خدرحسن ایکان القیرانی:(٢٠٥) سەرە مەڕ لە گەڵ کێڵگەیەکی گەورەی کشتوکاڵی و تراکتۆر و ئۆتۆمبێل.
- مراد خدیدە ایکان القیرانی:(١٧٥) سەرە مەڕ لە گەڵ کێڵگەیەکی گەورەی کشتوکاڵی و تراکتۆر و ئۆتۆمبێل.
- داود حجی حسن إیکان:(٨٥) سەرە مەڕ و سێ کێڵگەی گەورەی کشتوکاڵی بە هەموو پێداویستیەکانیەوە ترومپای ئاوی و ئامێرەکانی تری کشتوکاڵی و تراکتۆر و هەر خێزانێک زیاتر لە ئۆتۆمبێلێکی هەبوو، بەڵام ئێستا ژمارەیەک کەسوکاریان شوێنبزر کراون و زەوی و زارەکانیان بە جێ هێشتووە و مەڕ ومالاتیان لەدەستداوە و ئێستا بەبێ هیچ شتێ لەمانە دەژین و چاویان لە خێرخوازانە هاوکارییان بکەن و شتێکیان پێشکەش بکەن بۆ خواردن.
-الیاس علی قاسم حسن:(٣٨) سەرە مەڕی بە جێ هێشت لە رەبیعە.
- حیدر قرو عمر، گر عوزێر:(٨٠) سەرە مەڕی بە جێ هێشت لە گابارە، دروستکەری خەڵوزیش بووم، بایی ١٥ ملیۆن دینار (دار)م کڕی بوو، کاتێ کە لە چیا بووم بینیم دووکەڵ هەڵەستێ لە ماڵمان، دوای کە بە دووربین سەیریم کرد بینیم کە دارەکانیان سوتاندووە، دواتر گوندی گابارەیان بە تەواوی سوتاند.
- مجدل الیاس قرو، گر عوزێر:(٧٥) سەرە مەڕ.

- تحسین بابیر الیاس نهروز، کۆمەڵگای دهۆلا:(٥٠) سەرە مەڕ، لە جەنگی دووگرێ بووین، جەنگێکی قورس لە نێوان ئێمە و داعش بەڕێوە چوو، دواتر دەستگیرا بەسەر باوکی (بابیر الیاس نهروز)، دوای ٥٠ ڕۆژ تەرمەکەیمان لە نەفەقی(چوارریان) ژێر پردەکە دۆزییەوە، بە ناسنامەکەی ناسرایەوە کە لە گیرفانی جلەکانیا بوو، دیاربوو کە بە دەمانچە کوشتبوویان چونکە قەوانی دەمانچە لە شوێنی ڕووداوەکە بوو.
- عیدو مراد خلف، تەل قەصەب:(٤٤) سەرە مەڕ، دەستگیرا بەسەر باوکی کە ناوی (مراد خلف)ە، مەڕەکانیان برد و باوکەکەش لە لایەن داعشەوە رفێندرا.
- خلیل جردو، سیبا شێخ خدر، ئەڵێت:لە رەبیعە کارمان ئەکرد، زۆربەی کەسوکارمان کە خەڵکی شنگال بوون کێڵگەیان هەبوو لە رەبیعە، بە جێمان هێشت، زۆربەی خێزانەکانیش مەڕ و ماڵاتیان هەبوو، خێزانەکەی ئێمەش (٤٠) سەرە مەڕمان هەبوو، ئەویشمان بە جێ هێشت
- خلف قرو عمر، گر عزیر، خەڵکی گابارە بوو، (٧٠) سەرە مەڕی هەبوو.
- کرنۆز قروی عمر:(٥٠) سەر مەڕ.
- عدول قاسم حسن، سیبا شێخ خدر:(٢٥) سەر مەڕ.
- خدیدە حجی حسن علی:(٢٤) سەر مەڕ
-شیرین خلف حجی:خەڵکی قەندیل شنگال،خێزانی(عیدو عرب علی/١٩٧٠)، مێردەکەم شوانی مەڕەکانی ئەکرد لە ناوچەی کرسی، کە (٣٥٠) سەرە مەڕ بوون، مێردەکەم دەستی بەسەرا گیرا، هەموو مەڕەکان و تراکتۆرێک و مەقتورەیەکی ئاویان برد، مێردەکەشم رفێندرا، تا ئێستاش چارەنووسی نادیارە.
- توفیق حمو خلف لە دایکبووی ساڵی(١٩٧٥) خاوەن کێڵگەیەک لە گوهبەل ، وتی:"سێ بیری ئیرتیوازیم هەبوو، هەر بیرێ ئاوی کێڵگەیەکی گەورەی دار و هەموو جۆرە سەوزەیەکی ئەدا، (٥٠) سەرە مەڕیشم هەبوو، گوهبەل (دایکی کێڵگەکان و بێستانەکان) (١٠٨) بیری ئیرتیوازی هەبوو، ژمارەی باخەوانەکان زیاتر لە (١٠٠٠) باخەوان بوون، تێچووی هەر بیرێک (٩٥) ملیۆن دینارە، (٤٠) ملیۆن دینار بۆ هەڵکۆڵین (چاڵکردن) لەگەڵ بۆڕی ناوخۆیی بە قوڵی (٢٥٠) مەتر، ئەمە نرخی حکومییە+٢١ تەن کیمیاوی بە نرخی (١٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هەر تەنێک+ملیۆن دینار بۆ داودەرمان+ (١٥) ملیۆن بۆ کڕینی ماتۆڕ بۆ کارپێکردنی بیرەکان، لەگەڵ کڕینی لایلۆن پێداویستی کشتوکاڵی، بۆ هەر کێڵگەیەک تراکتۆرێکی چاندن، ئەمە جگە لە مەڕوماڵات.

ناوی چەند کێڵگەیەک کە بیری ئیرتیوازییان هەبوو:
- منداڵەکانی رشکان (٣٠) بیری ئیرتیوازی.
- منداڵەکانی بلکان (٢٠) بیری ئیرتیوازی.
- ناصر باشا خلف (٧) بیری ئیرتیوازی.
- عتو خلف ناصر (٥) بیری ئیرتیوازی.
- الیاس حجی برکات (٤) بیری ئیرتیوازی.
- علی شیرو (٢) بیری ئیرتیوازی.
- شهاب خدر سورو (٢) بیری ئیرتیوازی.
- أحمد سیدو (٣) بیری ئیرتیوازی.
- خدیده علو (١) بیری ئیرتیوازی.
- حجی کانی (١) بیری ئیرتیوازی.
- خدر رشو (١) بیری ئیرتیوازی.
- خلف دومو (١) بیری ئیرتیوازی.
- علی کارس (١) بیری ئیرتیوازی.
- الیاس سلو (١) بیری ئیرتیوازی.
- حسن حبش (١) بیری ئیرتیوازی.
- حمید حجی (١) بیری ئیرتیوازی.
- حمید عمر (١) بیری ئیرتیوازی.
- غازی شفان (١) بیری ئیرتیوازی.
- وائل ابراهیم (١) بیری ئیرتیوازی.

## تراژیدیای (٢٣)
## چیرۆکی سەربڕینی یوسف ئیبراهیم ختاری

یوسف ئیبراهیم ختاری خانسوور (باوکی علی)، بە دەستی قەسابەکانی داعش بە شێوەی وەحشیانە دوور لە هەموو بەها و رەوشتی مرۆڤایەتی سەری برا.
لە بەرواری ٩-٥-٢٠١٤ لە کاتی سەردانیکردنی بۆ لامان لە ختارە، ئەم وێنەیە گیراوە بە چاوی کامیراکەم، مانگێ پێش ئەم وێنەیە میوانی ئەو بووم لە کێڵگەکەی لە باشووری خانسوور، هەمان ئەو شوێنەی کە (یوسف)ی لێ سەربراوە، نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد، مرۆڤێکی میهرەبان و بە وەفا و راستگۆ بوو، مەڕ و ماڵاتیکی زۆر و کێڵگەیەکی گەورەی هەبوو، باسی لە چۆنیەتی گەشەپێکردنی کێڵگەکەی و چاندنی داری زیاتری ئەکرد و بنیادنانی خانوویەکی نوێ لە تەنیشت خانووە کۆنەکەی، بە هۆی زۆری مەڕ و ماڵاتەکەی لە جیانی شوانێک چەند شوانێکی هەبوو، بە هیوای داهاتوویەکی گەش بوو بۆ کێڵگەکەی و ببێتە سەرچاوەی ژیانی خێزانەکەیان.
(علی)ی نۆبەرە کوڕی دەڵێت: لە ڕۆژی ٣- ٨ پەیوەندیمان پێوە کرد و وتمان کێڵگەکە و مەڕ و ماڵاتەکە بە جێ بهێڵە و بڕۆ بۆ چیا یان وەرە بۆ لای ئێمە بۆ خانسور، بۆ ئەوەی روو بکەینە دهۆک و ئەگەر نەشتوانی مەڕ وماڵاتەکە بگەیەنە چیا، باوکم وتی: ئێوە بڕۆن بۆ دهۆک من و کوڕەکەم کارس لێرە ئەمێنینەوە لە کێڵگەکە، من پیاوێکی بە ساڵاچوو و فەلاحم و (بڕوا ناکەم کەس ئازارم بدات)، پاش گەیشتنی داعش پەیوەندیمان لە گەڵ ئەو و لە گەڵ براکەم کارس بچڕا، وتمان لەوانەیە گەیشتبنە چیا و مۆبایلەکانیان لێ کەوتبێ یان لە بێ شەحنیا داخرابن، شوانی مەڕەکان وتی: داعشەکانم بینی کاتێک چوونە ناو خانووەکەی لە کێڵگەکە (دوور بووم لێی یان)، نەمتوانی مەڕ و ماڵاتەکان بگەیەنمە جێگایەکی ئارام بۆیە، مەڕ و ماڵاتەکەم بە جێ هێشت بۆ ئەوەی روو بکەنە کێڵگەکە، فێرن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان منیش بەرەو چیا ڕۆشتم.
علی قسەکان تەواو دەکات: وێنەکانی باوکم بە سەربڕاوی بڵاو کراونەوە لە ئینتەرنێت.
مەڕ و ماڵاتەکانیش، دوای گەڕانەوەیان بۆ کێڵگەکە، گەنمێکی زۆریان خواردبوو کە لە کێڵگەکە بوو و لەبەر ئەوەی ئاو نەبوو بیخۆنەوە هەموویان مرداربوونەوە لە کێڵگەکە.
چەند ڕۆژێک پێش ئێستا چوومە فڕۆکەخانەی سەربازی، فڕۆکەوانەکان و تاقمەکەیان ویستیان بەرەو شنگال بڕۆن بۆ لێدانی داعش، داوام لێکردن ئەم هێرشە ناو بنێن (هێرشی شەهید ئەبو عەلی) ئەوانیش پەسەندیان کرد، دوای گەڕانەوەیان لەم ئەرکە پیرۆزە پێیان وتم کارێکی باشمان ئەنجامدا بەرامبەر دوژمن، گرووپێکی زۆرمان لێ کوشتن و منیش سوپاسیانم کرد.

## تراژیدیای (٢٤)
## دوای شاڵاوی جینۆسایدی ئێزدییەکان

٨-١١-٢٠١٤ وەك ساڵانی نەوەدەکان، بەڵام ئەمجارەیان بە کامیرای باش و لاپتۆپ و تۆمارکەری باشەوە، سواری تەکسییەك بووم و خۆم گەیاندە "گەراج"ی دهۆك، لەوێشەوە سەرکەوتمە سەر تەکسییەك و بەرەو دهۆك بەڕێکەوتم، شانسم باش بوو، شۆفێری تەکسیەکە "گەردین" دوای "١٠"ساڵ ژیان کردن لە "بەریتانیاوە، گەڕابوەوە کوردستان، شارەزای و هۆشیارییەکی باشی هەبوو، بۆیە بە گفتوگۆ و پرسیاری هێمنانە ڕێگای نێوان "هەولێر-دهۆك" کۆتایی پێهات.
لە دهۆکیش هەردوو هاوڕێم "ئەبو سامان و سوهەیب" چاوەڕێم بوون، لە کاتی گەیشتنم راستەوخۆ بەرەو "خانکێ" بەڕێکەوتین، لە ڕێگا پێشنیاری ئەوەیان کرد پارووپەك نان بخۆین، وتم نا، گەیشتن بە شوێنی ئیشەکە گرنگترە.
لە خانکێ موهەند شنگالی وەك ڕۆح سوکیە هەمیشەییەکەی و ئەبو مەروان وەك پیشەی خاکێتی خۆی، چاوەڕوانی منیان دەکرد، بۆ ئەوەی شتێك لە ئامانجی هاتنەکەم بچنمەوە.

### یەکەم دیمەن و هەڵوەستەیەك

کاتێك کە گەشتینە دەروازەی "خانکێ"، تا چاوپڕکا "خێمە"، تا سنووری بینینی مرۆڤ مرۆڤی رووت و ڕەجاڵ، تا حەزبکەی رووخساری شێواو، تا ورد بیتەوە هاوڵاتی داماو، تا رابمێنی دیمەنی هەڵقرچان و سوتان و سەرمابردە و تێکەڵەیەك لە قوربانی دڵ ڕەقی وەرزەکان، لە دوای گەورەترین و دڵ ڕەقترین تاوانی لە دژیان.
بۆ من ئەم دیمەنانە زۆر سەخت بوون، کاتێك بە دوو دەستی لەرزۆکی خاڵیەوە، لەم داپیرەیە چوومە پێش و پێم وت دەکرێ وێنەیەکت بگرم؟ ئەویش بە هێمنی وتی بگرە کوڕم بگرە، چما شتێکمان ماوە وێنەی بگریت تەنها سەرسەختی خۆمان نەبێت، ئەو بە هێمنی قسەی دەکرد و گلەیی لە بەختی ڕەشی خۆیان دەکرد و منیش چەند وێنەیەکم گرت و سوپاسم کرد، ئەویش تەنها وتی: بەخێر بچیت، بەڵام بیرت نەچێت وێنەی ئەم ناوە هەمووی بگرە.

**یەکەم وێستگە و یەکەم هەواڵ؟**
لەگەڵ گەیشتنمان بە یەکەم خانەوادە، کە مەبەستمان بوو رستێك لە چیرۆکی ئەو دایك و کچە تۆمار بکەین کە لە دەستی داعش هەڵهاتبوون، هەواڵێك گەشتە نێو ئەو خێمەی کە "قەمبەر و خالدە"ی لێبوو، کە گوایە "٥١" ئافرەت و کچی ئێزیدی رزگار کراون و گەشتوونەتە مەزاری شەرەفەدین، ئەگەرچی هەواڵەکە "زارەکی" بوو، بەڵام لە راستیەوە نزیك بوو چونکە شێوازی ئازادکردنی ژن و کچە ئێزیدیەکان ئەوەیە کە "داعش" خۆی شەرەف مەندبێت و ئازادیان بکات، بە ڕێگای سەرۆك خێڵە عەرەبەکان و خەڵکی تر لە بەرامبەر بڕێك پارە ئازادیان دەکەن، بە تایبەت ئەوانەیان کە تەمەنیان کردووە و لە مامەڵەکردن پێیانەوە کەس ئامادەی ئەوەی تیا نیە بیانکڕێ.
هەندێکی تر بە بوێری و چاونەترسی زۆر ڕێگای رزگاربوون هەڵدەبژێرن "یان مەرگ یان رزگاربوون" و بەم شێوەیە لێیان رزگار دەبێت و دەگەنەوە ناو کەس و کاریان. لەم بارەوە و لە شوێنی خۆیدا گوێتان لە چیرۆکی رزگاربوونی کۆمەڵێك ژن و کچی ئێزیدی دەبێت.

**قەمەر حەسەن کێیە؟**
قەمەر حەسەن سەعید کە ئێستا لەماڵی خزمێکی لە گەڵ خالدەی کچی ژیان دەکەن، ئەو دوو قوربانیەن لە دەستی داعش رزگاریان بووە، قەمەر لە دایکبووی ١٩٥٨و خالدەی کچی لە دایکبووی ٢٠٠٢.
قەمەر پێی وتین کاتێك داعش هێرشی کردە سەر تەلعزێر لە ٣-٨-٢٠١٤ ئێمە بەرەو شنگال رۆشتین، وامانزانی ئەوێ سەلامەتە و دەچینە لای خزمەکانمان، بەڵام داعشەکان هەموومانیان دەستگیر کرد و لە شوێنێك نزیك چیای شنگال "قەندیل" کۆیان کردینەوە، کە نزیکەی هەزار کەس دەبووین.
ترسێکی زۆریان لە ناومان بڵاو کردەوە، پیاوەکانیان لێمان جیاکردەوە، لە گەڵ ژنە بەتەمەنەکان زۆر خراپ نەبوون بەڵام لە گەڵ کچەکان زۆر دڕندە و خراپ بوون، من خۆم هاوسەرەکەم "ئیسماعیل" و چوار کوڕ" ئیلاس، سەعید، نراف، ماهر" و دوو کچ "جانێ، سیڤان"و دوو خوشك "نەرمین، ئەحلام" و دوو بوك "گۆز و نەسرین"، هەموویانیان برد و تا ئێستا چارەنووسیان نازانم.
قەمەر بە دڵێکی شکاو، بە حەسرەتێکی قوڵ وتی:" داعشەکان بە شەو دەهاتن، رۆشنایی لایتیان دەخستە سەر کچەکان کامە بە دڵیان بوایە دەیانبرد و نەدەگەڕایەوە، پێشووتریش هەرچی پارە و زێرمان هەبوو لێمانیان سەند".

قەمەر زیاتر دڵی تەنگ بوو، دیاربوو نەیدەتوانی بەرگەی ئازاری بێسەرو شوێنکردنی کەسوکار و منداڵەکانی بگرێ، تەنها ئەوەندەی وت:" تەنها کوڕ و کچەکانم ببینمەوە"، هەر ئەوەم دەوێ و بەس.

**خالدە خۆی بچوک کردووەتەوە بۆ ئەوەی نەیبەن؟**

خالدە ئیسماعل تەمەنی تەنها "١٣" ساڵە، ئەویش لە گەڵ خانەوادەکەی بووە، کاتێك بە هێمنی پرسیارم لێکرد، چۆن داعشەکان تۆیان نەبرد؟ بە سادەیی و راستگۆیی وەڵامی دامەوە و وتی:"کاتێك کە داعشەکان دەهاتن بۆ بردنی کچەکان، من رووپۆشەکەم دەخستە سەرچاوم، خۆم بچوك دەکردەوە و دەچوومە بن دەستی دایکم، ئیتر ئەوان وایان دەزانی زۆر بچوکم بۆیە چاویان نەدەخستە سەرم".

خالدە ئەگەر بەتەمەن زۆر منداڵە بەڵام دەڵێ:"سەدجار خۆزگەم بە مردن دەخواست کە داعشەکان بمبەن".

وەك پێشووتر وتمان "خالدە و دایکی" لە ماڵی خزمێکیان ئێستا لە چادرگای "خانکێ" بە ئازار و حەسرەتێکی زۆرەوە ژیان دەکەن و رووخساریان پڕا و پڕە لە پرسیاری بێ وەڵام بە تایبەت پرسیار لە چارەنووسی تەواوی ئەندامانی خانەوادەکەیان.

## تراژیدیای (٢٥)
## چادرگای خانکێ لێوان لێو لە ئازار و ژان

### خانکێ و ئاوارەی ئێزیدیەکان؟
دوای ئەوەی داعش پەلاماری شنگال و شوێنی نیشتەجێبوونی ئێزیدیەکان دەدا، شارۆچکەی "خانکێ" دەبێتە یەکێك لەو شوێنانەی زۆرترین ئاوارەی ئێزیدی رووی تێدەکەن، جگە لە نزیکی "خانکێ" لە سنوور و شوێنی نیشتەجێبوونی ئێزیدیەکان، هەر بۆ خۆی "خانکێ" زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی "ئێزیدین"، کە رەنگە ئەمە یەکێك بێت لە هۆکارەکان کە زۆرترین ئاوارەی ئێزیدی بۆی هاتووە و لێرە لە نێو ژیانی کۆلە مەرگی و سەختا، ڕۆژەکانیان بەڕێدەکەن.
ئەو دیمەنانەی لێرە ئامادەبوونیان هەیە ناتوانرێ بە ئاسانی بخرێنە رستەوە، من گەشتمە "خانکێ" کۆپلەیەك شیعری"جەمال غەمبار" لە قەسیدەی "وەرزە ئاڵەکانی عەدەم" کە بۆ تاوانی ئەنفالی نوسیبوو، هاتەوە یاد، کە دەڵێ:" مەسیح وتی کێ ئەنفالم بۆ دەخاتە رستەوە لە خاچەکەم دێمە خوارێ بۆی".
رێك وایە کێ هەیە بتوانێ دیمەنەکانی "خانکێ"و ئاوارە ئێزیدیەکان بخاتە رستەوە؟ با هەمووان تاجی مرۆڤایەتی بخەینە سەری؟ کەس ناتوانێ و کەسیش پرکێشی و بوێری ئەوە ناکات؟

### بەڕێوەبەری چادرگەی خانکێ؟
پرسیاری ئەوەم کرد کێ سەرپەرشتی ئەم چادرگەیە دەکات؟ ئایا ئیمکان هەیە ببینم و هەندێ پرسیاری لێ بکەم و زانیاری لێ وەربگرم؟ هاوڕێ و هاوپیشەم "موهەنەد شنگالی" تەلەفۆنی بۆ کرد و ئەویش سەرباری سەرقاڵی فەرمووی لێکردین و بە نێو ئەو هەموو دیمەنە دڵ تەزێنەدا بەرەو ئۆفیسەکەیان بەڕێکەوتین.

### ١١ هەزار خێزان و ٦٥ هەزار ئێزیدی لێرەیە؟
دەیان جەغفەر حەموو، بەڕێوەبەری چادرگەکە یان "کامپ" بۆی روون کردینەوە و وتی: لە یەکەم ڕۆژی شاڵاوەکانی داعش بۆ سەر شنگال و ئێزیدیەکان، ئێمە وەك کۆمەڵێك گەنج و رۆشنبیری ئێزیدی و خانکێ، بە خۆبەخش چووین بە پیری ئاوارە و کەس و کاری قوربانییەکانەوە، چوار لیژنەی سەرەکیمان بۆ کارەکان پێکهێنا" لیژنەی قوتابخانە و هەیکەلەکان،

لیژنەی رزگاربووان، لیژنەی دیکۆمێنتکردن، لیژنەی کۆمەك و هاوکاری"، بەڵام لە ڕاستیدا ئیشەکە زۆر لە توانای ئەو لیژنانەی ئێمە قورستر و سەختترە، چونکە ئەوەی لێرە روودەدا ئاسان نیە بە قسەکردن و نوسین باس بکرێ.

دەیان دەڵێ:" دانیشتوانی خانکێ لە بنەڕەتدا ٢٥ هەزار کەسە و لە ٩٠%یان ئێزیدین، بەڵام ئێستا ٦٥ هەزار ئاوارەی ئێزیدی لێیە، واتا نزیك سێ بەرامبەر دانیشتوانەکەی خۆی، لە کۆی ئەو ١١ هەزار خێزانە ٧٠٠٠ هەزار خێزان لە دەرەوەی خێمە و چادرن و تەنها ٤٠٠٠ هەزار خێزان لە ناو خێمەن، ئەوانی تر لە نێو کەلاوە و شوێنە جیاجیاکانی ترن.

## هەشت خێزان و یەك تەوالێت و حەمام؟

ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێ:" بە هەشت خێمە و خێزان تەنها یەك تەوالێت و یەك حەمامیان هەیە، تا ئێستا نە نەوت و سۆپا، نە بەتانی و پێویستی پاراستن لە سەرماوسۆڵە، هیچ شتێکی وایان پێنەگەیشتووە.

ئەوەش دەخاتە روو ئەو "١" ملیۆنەی کە بڕیاری حکومەتی عێراقیە بدرێ، تا ئێستا بە سەدان خێزان نەگەیشتووە، لە کاتێکدا خێزانی وا هەیە "١" دیناری لە باخەڵدا نیە، روونتریشی دەکاتەوە و دەڵێ:" ڕۆژی وا هەیە لیژنەیەك دێت تەنها ١٠ بۆ ١٥ خێزان بۆ پێدانی ١ ملیۆن دینارەکە بەرێدەخەن.

٩٤ کەس گیان لە دەست دەدەن؟!

دەیان ئەوەی بۆ جینۆساید کورد پشڕاست کردەوە، کە نەخۆشییەکی زۆر لە نێو خێزانەکان بڵاو بووەتەوە، لە سەرەتاوە تا ئێستا بە هۆی نەخۆشی و کاریگەری خراپی شوێنەکەیانەوە "٩٤" ژن و پیر و منداڵ گیانیان لە دەستداوە، ئێمە لە جارێ زیاتر سەرووی خۆمان و بەرپرسانمان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام بە پیرەوە هاتنەکان لە ئاستی پێویست نین و گەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوامی هەبێت، ئەوە خراپتر دەبێت و کاریگەری زۆر خراپ لە سەر ئەم ئاوارانە دادەنێ.

## پەلە بکەن تکایە؟

دەیان جەعفەر حمو داوا دەکات و دەڵێ: هەموو شتێك واز لێبێنن، تەنها بۆ ئەم وەرزە ئەمانە بۆ ئاوارەکان پەیدا بکەن " چاکردنی جێگای نیشتەجێبوونیان، دابین کردنی بەتانی و دۆشەك، سۆپا و نەوت، خۆراکی مانگانەی پێویست،

پەلەکردن لە پێدانی ئەو ملیۆنەی حکومەتی عێراق"، بۆ ئەوەی بە لایەنی کەم لەم دوومانگەی وەرزی زستان رزگاریان بێت و دواتر پلانی تر دابنرێ.
لە ناو ئاوارەکانی "خانکێ" پیاوەکان ڕەق و وشك هەڵاتوو، ژن و کچەکان لێو بەبار، منداڵەکان دوور لە یاری و قوتابخانە و خۆشییەکانی منداڵی"و هەر ڕۆژە و هەواڵی گیان لە دەستدانی ئازیزێك و بە پێچەوانەشەوە هاتنەوە یان رزگاربوونی ئازیزێك لە چنگی ڕەشی داعش.

## تراژیدیای (٢٦)
## بە پێنج ملیۆن دینار ئازاد کران

خۆر ئاوابوو، گەنجێك لێمان هاتە پێش و وتی:" دووژن و پیاوێکی بەتەمەن، لەگەڵ منداڵێکی "٣" ساڵان تازە لە دەست چەتەکانی "داعش رزگاریان بووە، ئەگەر دەتانەوێ من شوێنیان پێدەزانم، ئیتر بێ پرسیار کردن بەڕێکەوتین.
بەناو ئەم حەشاماتەدا کە ڕێم دەکرد، هەندێ شەرمم لە خۆم دەکرد، پرکێشی ئەوەم نەدەکرد زوومی کامیراکەیان تێکەم و وێنەیان بگرم، بەڵام ئێستا باشترە چونکە خۆر ئاوا بووە و دنیا هێدی هێدی بەرەو تاریکی دەکشێ.
گەشتینە بەر دەرگای ماڵەکە، لە دەرگاماندا و فەرموویان لێکردین، ماڵێکی خامۆش و لە روخساریاندا هیچ ئاماژەیەکی خۆشبەختیت نەدەبینی، بە پێچەوانەوە ئازار و ژان و ناخۆشی شوێنی هەموو شتێکی گرتبووەوە.
ئەلیاس خدر حمۆ لە دایکبووی ١٩٤٥، نەیدەتوانی لە سەر جێگا هەڵسێ چونکە دەمێکە توانای رۆشتنی بە هۆی نەخۆشی لاقەکانیەوە لە دەستداوە و ناتوانێ بە ڕێگادا بڕوات، بەڵام مرۆڤێکی دنیا دیدەی کۆمەڵایەتی، خاوەن جەسارەت و هێزێکی زۆر بوو.
ئەم خانەوادەیە ژمارەیان "٢٠" کەسە، پێش ئەوەی داعش بگاتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان "تەل بەنات" هەموو گەنجەکانیان دەردەچن، ئەوەی لە ماڵەوە جێدەمێنێ "ئەلیاس" و هاوسەرەکەی "رەشێ ئیبراهیم حمو"و "دانیا دەخیل"ی تەمەن "٣" ساڵەی کچەزایان دەبێت.
ئەلیاس خدر وتی: کاتێك کە داعشەکان هاتن و هێرشیان کرد، ئێمە لە ماڵەوە بووین، سەرەتا وتیان مەترسن و دواتر بردمانیان بۆ "بابل خان" و لەوێشەوە دووبارە بۆ "تەل بەنات" و ١٥ ڕۆژ لە تەل بەنات دەستبەسەریان کردین، دوای ئەو ١٥ ڕۆژە بردمانیان بۆ گوندی کۆچۆ و ٢٠ ڕۆژیش لەوێ ماینەوە، کاتێك لە گوندی کۆچۆ بووین لە چوار دەوری گوندەکە پاسەوان هەبوو.
مام ئەلیاس دەڵێ:"لە بەر ئەوەی من کەم ئەندام بووم نەمدەزانی لە دەرەوە چی روو دەدا، بەڵام دوای بۆیان باس کردم کە داعش چیان کردوە و چۆن پیاوەکانیان کوشتوە و ژن و کچەکانیان لای خۆیان هێشتوەتەوە و لێیان فرۆشتوون".
کاتێك لێمان پرسی ئێوە چۆن رزگارتان بوو؟ وتی:" شێخێکی عەرەب هات بۆ لامان، دواتر چوە لای داعشەکان و پێیانی وتبوو ئەمانە کەم ئەندام و پیر و پەککەوتەن، دەیانبەمە لای خۆم، چۆن قبوڵیان کردبوو نەمانزانی، ئەویش

بردمانیە باخێك و پێنج ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دوای ئەوە ئۆتۆمبێلی هێنا و بەرەو موسڵ بردمانی و لەوێ بەرمانیاندا.
مام ئەلیاس دەڵێ:" کە گەشتینەوە ئێرە و کوڕەکانم بینی، ئەو کاتە زانیم ئێمە هەریەکەمان بە "٥" ملیۆن دینار بەردراوین.
ئەو دەڵێ:" تەنیا داوای من ئەوەیە شوێن و جێگاکانمان لە داعش رزگار بکرێ و بڕۆینەوە و لەوێ بژین".
لەم ماوەیە من چاوێکم لە مام ئەلیاس و چاوەکەی ترم لە هاوسەرەکەی و کچەزا تەمەن "٣" ساڵانەکەی بوو، کە داعش ئەوەندە ترسناك و بەربەری بێت، ئەم پیرە پیاوە و ئەم داپیرەیە و ئەم منالە تەمەن سێ ساڵەی بۆچی زیاتر لە "٢" لای خۆی دەستبەسەر کردووە؟ چۆن قەرەبووی ئەو هەموو عەزابەی مام ئەلیاس و تەواوی ئەلیاسە ئێزیدیەکان دەکرێتەوە؟

## تراژیدیای (٢٧)
## ناوە ناوە بە دەستماڵەکەی فرمێسکی چاوەکانی دەسریەوە

جگە لەخەمی ئاوارە بوون "فانی" خەمێکی دیکە ناهێڵێ فرمێسکەکانی بگیرسێتەوە، لە ناو خێمەیەکی بچوکدا، دەبێت خەمی منداڵەکانی و خوشك و برا بچوکەکانیش بخوات، چونکە لەو ڕۆژەوەی لە دەستی چەکدارانی داعش هەڵاتوون کچەکەی و باوکی نەبینیوەتەوە:
"فانێ" دەڵێت: "پێنج خوشك و باوك و برا بچوکەکەمان دەستگیر کراون، من چی بڵێم"
"فانێ" دەستی بە گریان کرد، لە نێو کەمپی عەربەت چەندین چیرۆکی جیاوازی وەکو ماڵی "فانێ" و "عبداللە" هەیە کە کەسە ئازیزەکانیان لە لایەن داعشە، ئەوان بەردەوام چاویان لە ناسنامە و ڕەگەزنامەی کەسە خۆشەویستەکانیانە کە بەدەستیانەوە گرتوون و سۆراخیان ئەپرسن، چاوێکی تریان لە شاشەی موبایلەکانیانە چاوەڕێی ئەوەن کە زەنگێك لە لایەن ئازیزە ڕفێندراوەکانیانەوە بۆ بێت، چیرۆکی بە جێمانی "عیدا عبداللە اسماعیل"ی کچی "فانێ" بەم شێوەیە بوو، کاتێك "عیدا" لە گوندی وردییەوە دەیەوێت بگاتە لای دایك و باوکی بەرەو چیای شنگال بڕۆن، لەبەر منداڵە یەك ساڵانەکەی ناتوانێ هەنگاوەکانی خێراتر بکات بۆیە هەردووکیان دەکەونە دەست چەکدارانی داعش.
"عبداللە" باوکی "عیدا" دەڵێت:" جارێکیان کچەکەم تەلەفۆنی کرد و وتی ئێمە لەو نەخۆشخانەیەین کە تازە دروستکراوە لە نزیك تەلەعفەر لە سەر شەقامی گشتی دەست بەسەرین و نزیکەی (١٠٠) کەس دەبین".
تاکو کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەش گریانی بەردەوامی "فانێ" دایکی "عیدا" هەر بەسەر دەکەوت، ناوە ناوە بە دەستماڵەکەی فرمێسکی چاوەکانی دەسریەوە ئاوارەکانی کەمپی عەربەت ژمارەیان (٢٠٥٥٠)دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجا کەسە بریتین لە (٣٦٠) خێزان بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم ژمارەیە لە گۆڕان دایە بە هۆی هاتنی ئاوارەی ترەوە.

## تراژیدیای (٢٨)
## لە سەر لافیتەکە نوسرابوو ئێمە ئێزیدین و پێویستیمان بە هاوکاری هەیە

کاتێك رووممان کردە ئەم کەمپە لە نێوان قصر یزدین و سێمێل لافیتەیەك هەڵواسرابوو لە سەری نوسرابوو ئێمە (٤٠) ماڵی ئاوارەی ئێزیدین و پێویستیمان بە یارمەتی و هاوکاری هەیە، ئێمەش لامان دا و بۆ لای ئەم خانەوادانە چووین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەوان بین و بزانین چیان بەسەر هاتووە کاتێك رووممان کردە لای خانەوادەیەك چەندین منداڵی تریش هاتن ئافرەتێك ئامادە بوو باسی بارودۆخ و رەوشی خۆیان بۆ ئێمە باس بکات نزیکەی (٢٠) منداڵ لە تەمەنی یەك ساڵان تا (١٠) ساڵان لە دەوری ئەم ئافرەتە کۆبوونەوە و دانیشتن جل و بەرگی منداڵەکان کۆن و دڕاو بوون زۆربەیان پێخواس بوون ئافرەتەکە وتی:... شەو بەسەر ئێمەیان دا گرتوو ئێمەش ڕامان کرد بۆ چیا و نزیکەی (٧) حەوت شەو لە چیا بووین لەم چیایە گەمارۆ درابووین و هیچ ڕێگایەك نەبوو بۆ رزگاربوون، منداڵەکانم تینوو و برسیان بوو، کاتێك لە چیا کەسێکمان لە برسان و تینوویەتیان و لە هیلاکی و ماندووبووندا دەمرد، تەنیا بەردمان لە دەوروبەری دائەنا و دامان ئەپۆشی بە بەرد، چونکە چیا بوو خۆڵی کەم بوو، توانای لێدانی قەبرمان نەبوو.
ئامۆزایەکم و کوڕی خوشکم کوڵلەباران کران لە شنگال بەرلەوەی بگەنە چیا چەند پیاوێك هەوڵیان دا بچن لاشەکانیان بهێنن بەڵام دڕندەیی هێرشی چەکدارانی داعش ئەو دەرفەتەی پێمان نەدا و نەمان توانی لاشەکانیان بهێنین و ژێر خاکیان بکەین.
وتی پاشان لە چیا بەرەو سوریا ڕۆژئاوای کوردستان چووین و دواتر هاتینەوە باشووری کوردستان، لە کەلاوەیەکی خانویەکدا ژیان بەسەر ئەبەین، درێژەی بە قسەکانیدا و وتی: دوو کچ مامم لە دەستی داعش دان و رفێندراون نازانین چیان بەسەر هاتووە یەکێك کچێکی گەنجە و (١٤) ساڵانە ئەوی تریان خێزاندارە و تەمەنی (١٨) ساڵانە و خاوەنی (٣)سێ منداڵە لە (گزەرك) بە هەرسێ منداڵەوە لە زیندانەکانی داعش دان.

## تراژیدیای (٢٩)
## دایکم زۆر بەتەمەن بوو لەوێ بەجێمان هێشت

"جردو" پیاوێکی ئاوارەی کوردی ئێزیدی دەبێژێت:" لە ٨/٣ دوای هێرشە درندەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری خەڵکەکە روویان کردە چیا ئێمەش بەرەو چیا ڕێگامان گرتەبەر هەر لە یەکەم ڕۆژدا چەندین لاشەمان بینی هەبوون گوڵلەیان بەرکەوتبوو هەبوو توانای رۆشتنی نەبوو هەر لە ڕێگای ئاوارەبووندا هەزاران کچ و ژنیان لێ رفاندین و چەندین پیاویان کوشت و دەستگیر کرد، دایکم زۆر بەتەمەن بوو لەوێ بەجێمان هێشت لە خانویەکدا تەمەنی دایکم (١٢٠) سەد و بیست ساڵ بوو، بەڵام دواتر هەواڵمان پێ گەیشت کە مردووە، نازانین لە برسان یان لە تینوویان یاخۆد لە ترسان گیانی لە دەستداوە ناوی دایکم "حنو نعمت حسێن" بوو، هاوسەرەکەم کەم ئەندامە و ڕێگایەکی دوور و درێژی بڕی بۆ چیا و دواتر لە چیا بۆ ڕوژئاوای کوردستان دواتر بۆ باشووری کوردستان"، هاوسەرە کەم ئەندامەکەی "جردو" بە گریانەوە وتی:" من توانای هاتووچۆم کەم بووە و دووچاری دەیان دەردەسەری بووم و جگە لە ئێش و ئازاری قاچەکانم تاکو توانیم بگەمە چیا و دواتر لەسەر چیا بێمە خوارەوە".

## تراژیدیای (٣٠)
## دوای رزگاربوونیان وەك شێتیان لێ هاتووە

"فرحان کولی" دانیشتوی گوهبەل دەڵێت:"ماڵی مامم هەموویان دستگیر کران لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دایکیان تەمەنی زیاتر لە (٧٠) ساڵانە و پەککەوتە و بە گوپاڵ ئەروات، لە گەل چوار کوڕ و بوکەکانی و کچەکانی و منداڵەکانیان هەموویان دەستگیر کراون".
"فرحان" لە درێژەی قسەکانی باس لە چەند کچێکی رزگار بووی کرد و وتی:"چەند کچێك لە دەستی چەکدارانی داعش رزگاریان بووە، ئێمە چووینە لایان بەڵام وەك شێتیان لێ هاتووە هەموو رەفتار و هەڵسوکەوتیان گۆڕاوە دوو کچ و دایکیان بوون بێزار و شەکەت لە ژیان.
ماڵی خاڵەکانم سێ خانەوادەن هەموویان گیراون و لە زیندانەکانی داعش دان یاخۆد زیندە بەچاڵکراون یاخۆد مردوون نازانین چیان بەسەر هاتووە.
"علی شیرو میسو" کە دوو برا بوون لە موسڵ کوڵلە باران کران و ماڵی (خەلەف) ئەوانیش گوندی و خزمی ئێمەن و هەروەها خانەوادەی (عمر برایم) ئەوانیش بە دوو کوڕ و خانەوادەی دەستگیر کران و زۆر لە خزم و کەس و کارمان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندران و دەسگیر کراون.

## تراژیدیای (٣١)
## شنگالییەکان دوای چوار مانگ گەڕانەوە بۆ ئۆتۆمبێلە جێماوەکانیان

لە دووەم ڕۆژی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی شنگالدا، خاوەنی ئۆتۆمبێلە جێماوەکان بەرەو چیای شنگال دەگەڕێنەوە و هەریەکە بە دوای ئۆتۆمبێلەکەیدا دەگەڕێت و بەنزین و پێداویستی چاك کردنەوەیان بەدەستەوەیە.
کاتێك داعش هێرشی کردە سەر شنگال و کۆنترۆڵی کرد، خەڵکی سنوورەکە کە زۆرینەیان ئێزیدی بوون بەرەو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان هەڵاتن و بەشێکی زۆریشیان روویان لە چیاکانی شنگال کرد، کە ماوەی چوار مانگ بوو لەگەڵ ئەوەی بەسەختی ژیانیان دەبردە سەر بەڵام لە جەنگی دژ بە داعش بەردەوام بوون.
لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنەوەی ئەو ناوچانە، چەندین دیمەنی تراژیدی لە پشتی چیاکانی شنگالەوە کە بە "لۆفەی چیای شنگال" ناسراوە دەرکەوتن.
پێشتر ئۆتۆمبێلەکان بە هەمان شێوە لۆفەکانی چیای شنگالیان رازاندبووەوە کە خەڵکەکە بۆ گەشتوگوزار روویان لێدەکرد، بەڵام ئەمجارە دیمەنی جەنگێکی سامناکی پێوە دیار بوو، کە ئۆتۆمبێلەکان بە ناچاری لە لایەن خاوەنەکانیانەوە جێهێڵدرا بوون.
ئەو تاوان و رووداوانەی لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ روویدا، کە پێش چوار مانگ چەکدارانی داعش لە کاتەکانی بەرەبەیاندا قەزای شنگالیان کۆنترۆڵ کرد و خەڵکەکەی لە پێناو مانەوەیاندا ئۆتۆمبێلەکانیان جێهێشت و بە بێ خواردن و خواردنەوە ڕوویان لە شاخە سەختەکانی شنگال کرد.
لە دووەم ڕۆژی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی شنگالدا خاوەنی ئۆتۆمبێلە جێماوەکان بەرەو چیای شنگال دەگەڕێنەوە، هەریەکە بە دوای ئۆتۆمبێلەکەیدا دەگەڕێت و بەنزین و پێداویستی چاك کردنەوەیان بەدەستەوەیە، ژمارەیەك لە ئۆتۆمبێلەکان لە ئاکامی پێکدادانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش سوتاون و تێکشکاون، چەندین لەو ئۆتۆمبێلانەش لە لایەن چەکدارانی داعشەوە براون.
بەلەد سەعید کە خەڵکی شنگالە دەڵێت، "ماوەی زیاتر لە چوار مانگە ئۆتۆمبێلەکانمان لێرەیە، لە ترسی هێرشەکانی داعش لە سەنتەری شنگالەوە بەرەو چیاکان هەڵاتین، بە هۆی پەککەوتنی ئۆتۆمبێلەکانمان و قەرەباڵغی ڕێگاکان ناچار بووین بە پێ بەرەو چیاکە کۆچ بکەین، چەکدارانی داعش بە دۆشکە و هاوەن هێرشیان دەکرد و چەندین کەس لێرەدا کوژران و بریندار

بوون، ئۆتۆمبێلەکانمان هەندێکیان ئیستۆپیان نەما و هەندێکیان تایەیان پەنچەر بووە".
بەڵەد سەعید ئیبرایم باسی لە چۆنێتی گەڕانەوەیان و بردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان کرد و وتی:"دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردەوە، ئێمەش گەڕاینەوە تا بزانین ئۆتۆمبێلەکانمان ماوە یان نا".
بەلەد لای ئۆتۆمبێلێك وەستابوو و وتی:"ئەمە ئۆتۆمبێلی منە، سەعات نۆی سەرلەبەیانی گەیشتمە لۆفەکانی چیای شنگال، بەڵام بە هۆی تەقینی تایەوە نەمتوانی لە ڕێگەکە بەردەوام بم و بە پێ بەرەو چیاکە ڕۆیشتین و سێ ئۆتۆمبێلمان لێرە جێهێشت، ئێستا هاتوومەتەوە دوای گۆڕینی تایە و چاك کردنەوەیان ئۆتۆمبێلەکانمان دەبەینەوە".
یەکێکی دی لە خاوەن ئۆتۆمبێلەکان بە ناوی خالید رەبۆ دەڵێت:"لە کاتەکانی بەیانی بوو چەکدارانی داعش هێرشیان بۆ سەر سەنتەری قەزای شنگال هێنا، خۆمان کۆکردەوە و بە ئۆتۆمبێلەکانمان بەرەو چیای شنگال کۆچمان کرد، لە ڕێگادا چەکدارانی داعش تەقەیان لێکردین بە هۆیەوە خوشکێکم کوژرا و چەندین کەسیش بریندار بوون، شوێن گوللەی چەکداران بە ئۆتۆمبێلەکەمانەوە دیارە، بەڵام ئێمە بەردەوام بووین و بەرەو چیاکان ڕۆشتین".
خالید، باسی لە تێکشکانی ئۆتۆمبێلەکانی کرد کە لە کۆی حەوت دانەیان تەنیا دووان لە ئۆتۆمبێلەکانی ماون و ئەوانی دیکە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە براون و وتی:"دوای تەقەی چەکدارانی داعش ئۆتۆمبێلەکەم پەکی کەوت، ناچار بووین بە پێ بڕۆین، دایکم پیر بوو بەڵام ئەویشم هەڵگرت و جێم نەهێشت و بەسەر بەرزاییەکاندا هەڵگەڕاین، هەوڵمدا ئۆتۆمبێلەکە چاك بکەمەوە بەڵام سوودی نەبوو و لێرە جێمان هێشت، حەوت ئۆتۆمبێلمان لێرە بوو، بەڵام ئێستا تەنیا دووانیان ماوە و لە لایەن چەکدارانی داعشەوە براون، ئێستاش دوای کۆنترۆڵ کردنەوەی ناوچەکە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ئۆتۆمبێلەکەم دەبەمەوە.

## تراژیدیای (٣٢)
## لە سەر شەقامی گشتی لاشەی کچ و کوڕێکم بینی

"قاسم" خەڵکی گوندی سیبا شێخ خدر دەڵێت:" دوای ئەوەی داعش لە ٨/٣ هێرشیان کردە سەر شنگال و دەوروبەری ئێمەی خەڵکی گوند هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووین رزگارمان بێت، کاتژمێر ٢:٥٠ دەقیقە دەستیان بەسەر گوندەکەمان گرت ئێمە و ئەوانەی چەکمان هەبوو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك شەڕمان کرد بۆ ئەوەی بتوانین ژن و منداڵەکان رزگار بکەین، من تراکتۆرێکم هەبوو ژن و منداڵەکانم بە تراکتۆرەکە بەرەو چیا رەوانە کرد، ئێمە چەند پیاوێکی گووند ماینەوە بۆ ئەوەی بەرگری بکەین لە سەر شەقامی گشتی لاشەی کچ و کوڕێکم بینی نەمزانی هاوسەری یەکترن یاخۆد نا، بەڵام لاشەکانیان کوڵلەباران کرابوون کەوتبوونە سەر زەوی و لە خوێنا سور ببوون بەڵام ئێمە نەمان توانی هیچ بکەین، چونکە بە (بی کی سی) کوڵلەیان لەسەر سەری ئێمەدا بەردەدا بۆیە ئێمە ناچار بووین هەوڵ بدەین خۆمان رزگار بکەین.
ئێمە گەیشتینە دۆڵێك چەند کەسی تریش لەوێ بوون ئەوان چەکیان پێ بوو فیشەکیشیان پێ مابوو "خەلەف "و "شەمو"و کوڕی "مسکی" بە ئێمەیان وت ئێوە برۆن ئێمە شەڕ ئەکەین تاکو ئێوە بتوانن دەربازبن، ئەوان تا دوا دڵۆپ بەرگریان کرد و دواتر کەوتنە دەست چەکدارانی داعش و کوڵلەباران کران ئێمە لە دوورەوە ئەم دیمەنەمان بینی، ئێمە لە دۆڵێك بۆ دۆڵێکی تر دەرۆیشتین ئەوانیش بە بەردەوامی بەدوامانەوە بوون، کوڵلەیان بە ئێمەوە دەنا بەڵام توانیمان بگەینە ئەو بەری دۆڵەکە و لە نزیك شەقامەکە ئۆتۆمبێلێك هات و هاوڵاتیەکی ئێزیدی بوو، لەگەڵیان سوار بووین (من و سمکو عبدالله و کوری کوڤان و خەلەف) بووین، ئێمە سوار بووین ئۆتۆمبێل رۆیشت وامانزانی (خەلەف)یش لە گەڵمانە، بەڵام دواتر زانیمان کە "خەلەف" لە گەڵمان نیە و نەیتوانیوە سواری ئۆتۆمبێلەکە ببێت، دواتر ئێمە تکامان لە شۆفێر کرد کە بگەڕێتەوە بچین بە دوایدا، بەڵام وتی من ناتوانم بگەڕێمەوە چونکە چەکدارانی داعش بە دوامانەوەن و هەموومان دەکوژرێین ئەگەر بگەڕێینەوە، بۆیە نەیتوانی ئۆتۆمبێلەکە رابگرێت، دواتر خۆمان گەیاندە چیا و هەشت ڕۆژ لە چیا ماینەوە سەرەڕای برسیەتی و تینوویەتی ئێمە هەر چاوەڕوانی "خەلەف"ی برام بووین، بەڵام ئیتر "خەلەف" نەهات و نەگەڕایەوە تا ئێستا هەر چاوەڕێینە ڕۆژێ لە ڕۆژان "خەلەف" بگەڕێتەوە هاوسێیەکی "خەلەف" کە عەرەبە تەلەفۆنمان بۆی کرد گوتمان تۆ لەوێ لە سۆراغی "خەلەف" بپرسە، دیار بوو بۆ "خەلەف" تەلەفۆنی کردبوو، بەڵام کەسێکی عەرەب وەڵام تەلەفۆنی دابووەوە، نازانین چی بەسەر هاتووە ماوە یان کوژراوە و سەربڕاوە".

## تراژیدیای (٣٣)
## باوکم گوڵلە باران کرا

ئـاوارەیەکی ئێزیـدی وتـی:"ئێمە خەڵکـی شـنگالین لە (گـوهبەل) بـووین لە( ٢٠١٤/٨/٣٠) چەکـدارانی داعـش دەسـتیان بەسـەر گونـد و شـارۆچکەکاندا گـرت، ئـێمەش ڕێگـای چیامـان گـرتەبەر بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێك لە چیـادا بووین، خواردن و خواردنەوە زۆر کەم بوو ژیان سەخت بوو لە چیا.
باوکم و چەند کەسێکی ترمـان لە پیاوەکـان بریاریانـدا بچنەوە نـاو گونـدەکان و خـواردن بهێـنن بە هەر جۆرێك بێت، بەڵام دواتـر تەنیـا بـاوکم و فەقیـر سـحو ڕێگـایـان گـرتەبەر بەرەو چواررەیـانی (گـوهبەل) لەوێ دوکانێکمـان هەبـوو، کەلـوپەلی خـواردنی دوکانەکەیـان هێنـا بـۆ ئـێمە و خەڵـکەکەی ئەوێ بەشـیان کـردن، ئەوان ئۆتۆمبێلیـان پـڕ لە کەل و پەل کـرد و هێنایـان، ڕێگـاکە و ئەو شـوێنەی بـۆی چووبـوون زۆر مەترسـیداربوو، بەڵام ئەوان توانیـان خـۆراك بەدەست بهێنن. ئەوان بوونە سێ ئۆتۆمبێل چونکە خەڵکی چەند گوندێکی تریش لە ڕێگادا لەگەڵیان چووبوون بۆ هێنانی کەل و پەلی دوکانەکانیان.
بەڵام لە ڕێگادا هەمەرەکانی چەکدارانی داعش ڕووبەڕوویـان هـاتن و ئەوان شەڕ و بەرگریان کرد چەند کەسێك توانیان خۆیان رزگار بکەن بۆ چیا و کەل و پەلەکان بگەیەنن و چەند کەسێکیش رزگاریان نەبوو لەم شەڕەدا کوژران.
کـوڕی (فەقیرحسـو) لەم شـوێنە لە دەسـتی چەکـدارانی داعـش برینـدار کـرا و گیانی لەدەست دا، چەنـد چەکدارێکی داعـش کـوژران، شـەڕەکە بەردەوام بـوو دواتـر لە پشـتەوە چەکـدارانی داعـش کوڵلەیەکیـان لە بـاوکم دا دواتـر چەنـد کوللەیەکی تریـان لێدا لاشـەی بـاوکم لەوێ مـا لەسـەر شـەقامەکان بە گەرمـای هــاوین نــزیکەی (١١) ڕۆژ بەڵام دوای (١١)ڕۆژ فەقیرحســو و چەنــد هاوڵاتیەکی تری ئێزیدی بە نهێنی چوونە ئەو شوێنەی لاشەی باوکمی لێ بوو، بردیانە گۆڕستان و ژێرخاکیان کرد، باوکم لە دایك بووی سـاڵی (١٩٦٨) بـوو سێ کوڕ و شـەش کچی هەبوو، ئێستا ئێمە (١٠) دە کەسین بە دایکمەوە، لە ٢٠١٤/٨/٦ باوکم کوڵلەباران کرا".

## تراژیدیای (٣٤)
## هەر کوردانی ئێزیدی و بەکۆیلەکردنی کیژۆڵەکانیان

شایەتحاڵەکان باسی تاوانەکانی چەکدارانی داعش دەکەن و زیاتر لە خەمی بێسەروشوێنکردنی ئازیزان و رفاندن و بەکۆیلەکردنی ئافرەت و کچەکانیانن، هاوکات داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد و هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، بە هەموو توانایەکەوە هەوڵ بدەن، شارەکەیان رزگار بکەن و بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و تۆمەتبارانی ئەو کۆمەڵکوژییەش سزا بدرێن، کە بە قسەی شایەتحاڵەکان گوندە عەرەبەکانی دەوروبەری شنگال دەستیان لەو تاوانە قێزەوەنە هەبووە.

**شایەتحاڵەکان کارەسات و تراژیدیای زۆریان بینیوە**

«کاتێك گەیشتینە چیای شنگال و لە دەست داعشەکان رزگارمان بوو، هێشتا مردن هەڕەشەی لێدەکردین، چونکە بە هۆی بەرزی پلەی گەرما و بێ ئاوی و نەبوونی خواردن و خراپی باری تەندروستی منداڵ و ئافرەت و پیاوە بەتەمەنەکان و چەندین کەسی ئازیزمان گیانی لەدەست دا، من بە چاوی خۆم دایکێکم بینی، کاتێك منداڵەکەی مرد خۆی لە بەرزاییەك فڕێدایە خوارەوە و گیانی لەدەست دا».
ئەوە قسەی بەرەکات حەجی بوو، ئەو خەڵکی شاری (شنگال)ـە و ماوەیەکی کەمە خۆی و خێزانەکەی لە چیای شنگال رزگاریان بووە و ئێستا لە پەرستگای لالش دەژین.
لە درێژەی چاوپێکەوتن و بەسەرکردنەوەی کوردانی ئاوارە، ئەمجارەیان بەرەو شێخان و پەرستگای لالش بەڕێکەوتین و لە چەند کەمپ و خێوەتگەی دیکەی ئاوارەکانی کوردی ئێزیدی گوێبیستی ئەو تاوانانە بووین کە کوردانی ئێزیدی لە شنگال و دەوروبەری لەسەر دەستی ڕەشی چەکدارانی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش رووبەڕووی بوونەوە، ئەوان باسی کوشتنی هەزاران کوردی ئێزیدی و بەکۆیلەکردن و رفاندن و دەستدرێژیکردنە سەر زیاتر لە ٤٠٠ ئافرەت و کچی کورد و بێسەروشوێنکردنی منداڵەکانیان لە لایەن چەکدارە تەکفیرییە توندڕەوەکانی داعش و عەرەبە شۆڤێنیەکانی ناوچەکە دەکەن.
ئەو تاوانەش بە نوێکردنەوەی زامەکانی ئەنفال و قڕکردنی کورد دەزانن. ئاوارەکانی کوردی ئێزیدی پێیانوایە جیهان و میدیاکان بە پێی پێویست باسیان

لەو هێرشــە تەکفیرییــە و تونــدوتیژییە نەکــردووە کە لەبەر کوردبــوون و ئایینەکەیــان بەرامبەریــان ئەنجامــدراوە. ژمــارەیەك لە ئاوارەکــانی کــوردی ئێزیدی کە لە ناو هەیکەلی بینایەکی تەواونەبوو لە شێخان ژیان بەسەر دەبەن، ئەوەیان خستەڕوو کە وێڕای ئەو هەموو مەینەتییە ئێستاش لە دۆخێکی خراپدا دەژین و هاتنی وەرزی زستانیش کێشەکانیان زیاتر دەکات.

## هـۆزە عەرەبەکـان لە کۆمەڵکـوژی کـوردانی ئێزیـدی هاوکـاری چەکدارانی داعش بوون

سـلێمان خودێـدە، ئـاوارەیەکی کـوردی ئێزیـدییە و بە خەمبـارییەکی زۆرەوە دەڵێت: «داعشەکان و هۆزە عەرەبەکـان دەستیان لەو کۆمەڵکوژی و قڕکـردنە هەبـوو کە بەرامـبەر کـوردانی شـنگال و نـاوچەکە کـرا، ئێسـتاکەش تەرمـی سەدان پیاو و ئافرەتی بەتەمەن و منداڵ لە دەشـت و چیـای شـنگال شـایەتی ئەو تـاوانە قێـزەوەنەن، منـداڵەکانمان هەرگیـز تـاوانی وایـان لە بیـر نـاچێتەوە، بە داخەوە کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی و ڕێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤیش تـا ئێسـتا بێدەنگن بەرامبەر ڕفاندن و دەستدرێژیکردنە سەر ژن و کچەکانی ئێزیدی کە دوای کوشتنی پیاوەکانیان وەکو کۆیلە ڕفاندوویانن بۆ موسڵ و شاری ڕەقە لە سووریا».

ئەلیـاس ڕەشــۆ باســی ئەوە دەکــات کە لە کــاتی هەڵهاتنەکەیــان بە هــۆی پەلامارەکـانی چەکدارانی داعش، زۆربەی خێزانەکـان پەرتەوازە بـوون و لە یەکتـر دابـڕان، گوتیشـی: «بێسەروشـوێنکردنی ئافرەتـان و بە کەنیزەکردنــی کچەکانمـان خەمێکـی زۆر گەورەمـانە و تووشـی حـاڵەتێکی دەروونـی خراپـی کـردووین، بارودۆخەکەشـمان لە ژێـر چـادر و لە نـاو کەمپەکـان بە جـۆرێکە حاڵەتی خۆکوشتن هەبووە».

زۆر لە ئافرەتەکـانی شـنگال سـەرەڕای خەمەکانیـان بـۆ بێسەروشـوێنکردنی پیاوەکانیــان و ڕفانــدن و فرۆشــتنی کچەکانیــان، جەخــت لەوە دەکەنەوە کە بارودۆخیان لەم وەرزی سەرما و سۆڵەیە و لەنـاو قوڕولێتەی کەمپەکـان زۆر خـراپە، ئەوەتـا عیـدۆ خەلەف، کە هـاووڵاتییەکی خەڵکـی گونـدی تەلبەنـاتە دەڵێــت:«ژیــان لە ژێــر چــادر و لەم کەمپــانە زۆر نــاخۆش و ســەختە، خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و شوێنی نیشتەجێبوونمان زۆر خراپە، بە ڕادەیەك لە کاتی هەڵکردنی هەر با و بارانێك مەترسی ڕووخانی چادرەکان و کەوتـنە ژێـر ئـاوی پێخەف و شـوێنەکانمان هەیە، تەنـانەت ئەگەر بە سۆباش خۆمان گەرم بکەینەوە، زۆر دەترسین ئاگر لە ناو کەمپەکە بکەوێتەوە».

## داعشەکان لە هەردوو گوندی کۆچۆ و تەلعەزێم کۆمەڵکوژییان کردووە

ئەلیاس رەشۆ لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە ڕەشەکوژی و تاوانەکانی چەکدارانی داعش لە هەردوو گوندی کۆچۆ و تەلعەزیم کرد و گوتی: «سەرەتا هۆزە عەرەبەکان بە خەڵکەکەیان گوت مەڕۆن و ئێمە پارێزگاریتان لێدەکەین، کەچی هەر خۆیان کۆمەڵکوژییان کرد، بە چاوی خۆمان بینیمان داعشەکان چۆن لە گوندە عەرەبەکان پێشڕەوییان کرد و گوندەکانمانیان گوللەباران کرد، ئەو گوندانەشی وەکو هەردوو گوندی کۆچۆ و تەلعەزیم و شارەدێی سنوون بوون، دوای ئەوەی هۆزە عەرەبەکان فێڵیان لە خەڵکەکەی کرد تا ڕانەکەن، دواتر لەبەر چاوی ئەوان و بگرە لە لایەن چەندین چەکداری سەر بەو هۆزانە کە لە ناو داعشەکان بوون، پیاوەکانیان لە دەرەوەی گوندەکە گوڵلەبارانیان کردن».

هەر سەبارەت بەو تاوانە ئافرەتێکی ئێزیدی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، گوتی: «گوندی کۆچۆ کە نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە خوار شنگالەوە خەڵکەکەی لەسەر بەڵێنەکانی گوندە عەرەبەکانی دەوروبەریان گوندەکەی خۆیان جێنەهێشت، کەچی دواتر ئەمیرەکەی داعش بە هێزێکی زۆرەوە هاتە گوندەکە و ژن و منداڵەکانیان جیاکردەوە و پیاوەکانیشیان راپێچی ئۆتۆمبێلەکان کرد و دواتر لە چۆڵەوانییەکی نزیك سۆلاق گوللەبارانیان کردن، هەرچی کچە کوردە ئێزیدییەکانیشە کە ژمارەیان زیاتر لە ٤٠٠ کچ و ژن دەبێت، داعشەکان وەکو کۆیلە مامەڵەیان پێوە دەکەن و لە بازاڕەکانی موسڵ و رەقە دەیانفرۆشن».

## ئافرەت و منداڵانی ئێزیدی لە موسڵ و تەلەعفەر و گوندەکانی دەوروبەری دەستبەسەرن

کارەساتی رفاندن و بەکۆیلەکردنی ئافرەتە کوردەکانی ئێزیدی حاڵەتێکی دەروونی ناخۆشی لە ناو ئێزیدییەکان دروست کردووە، هەر بۆیە ئەوان داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەن، تۆڵەی ئەو زوڵم و تاوانانەیان بۆ بکەنەوە.

بەرەکات شیرۆ کە خەڵکی شنگالە و ئێستا لە پەرستگای لالش لە ژێر چادرێکدا خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی دەژین، بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی خۆیان کرد:«کارەساتێکی زۆر دڕندانە و ناخۆشمان بەسەر هات، دەڵێن ئافرەتەکانمان هەندێکیان بە عەرەبی سعودی و سووری فرۆشراون و

هەندێکی دیکەشیان لە لایەن هۆزە عەرەبەکانەوە دەستبەسەر کراون، ڕۆژانە چاوەڕێی هەواڵی ئەوەین سەرۆکی هەرێمی کوردستان شنگال و ناوچەکەمان بۆ ئازاد بکات و ئافرەت و کچەکانمان رزگار بکات، پێویستە داوا لە هۆزە عەرەبەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بکرێت چارەنووسی ئەو ئافرەتانەمان بۆ روون بکەنەوە و ئازادیان بکەن».
خودێدە حەجی کە برای بەرەکاتە باسی شوێنی ئەو کچ و ئافرەتانەی کرد و گوتی:«هەندێك لەو عەرەبانەی لە موسڵ و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش هەڵهاتوون، ئاشکرایان کردووە کە زۆربەی ئەو ئافرەت و منداڵانەی دەستبەسەر کراون لە شاری موسڵ و تەلەعفەر و دەوروبەری هەندێکیان کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و هەندێکیشیان بە زۆر لە خۆیانیان مارە کردوون».
هەر سەبارەت بە کۆیلەکردنی ئافرەتی کوردی ئێزیدی سلێمان شێخ حەجۆ گوتی:«من چاوم بە یەك دوو کچی کوردی ئێزیدی کەوت کە لە دەست داعشەکان لە لایەن هەندێك لە خێزانە عەرەبەکانی موسڵەوە بە پارە ئازاد کراون، ئەوان باسی ئازار و ئەشکەنجەدانی زۆر دەکەن، ئەوان ژمارەیان زۆر بووە و دواتر جیایان کردوونەتەوە و لەو ماڵانەی داعشەکان لە موسڵ دەستیان بەسەردا گرتوون، دەستبەسەر کراون و لەوێ زۆربەی جار لە ناو ژوورەکاندا بە بێ نان و ئاو بەستوویانەتەوە و هەندێك لە ئەمیرە عەرەبەکانی داعش هاتوون سەیریان کردوون تاوەکو بیانکڕن، بەڵام لەسەر نرخی کڕینەکە رێکنەکەوتوون، دواتر ژمارەیەك لە کەسایەتی دەوڵەمەندی عەرەب هاتوون کڕیویانن و ئازادیان کردوون».

**خێزانە کوردەکانی ئێزیدی لە شێخان و لالش**
**داوای هاوکاری و کۆمەکی خێرخوازان دەکەن**

لە نزیك پەرستگای لالش کۆمەڵێك خێزانی کوردی ئێزیدیمان بینی کە لە ناو چادر و لە بارودۆخێکی خراپدا بوون، ئەوان هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەتایی وەکو توالێت و حەمام و ئاو و کارەبایان نەبوو، تەنانەت شوێنی چادرەکانیان لە تەنیشت ڕێگەکە بوو کە مەترسی لافاوی لەسەر بوو. هەر لەو بارەیەوە رائید ئیسماعیل گوتی: «ئەم کەمپە هیچ مەرجی ژیان و تەندروستی تێدا نییە، ئێمە لە شنگال لە دەست داعش و لە چیاکە لە دەست گەرما و بێ ئاوی و بێ خواردن دەربازمان بوو، بەڵام باوەڕ ناکەم لە سەرما و سۆڵەی زستان منداڵەکانمان دەربازیان ببێت، ئێستا هاوکاری و یارمەتی

خێرخــوازانیش کەم بــۆتەوە، بــۆیە داواکــارم لە هاووڵاتییــانی بەشــەرەفی کوردستان ئاورێکمان لێبدەنەوە هەر هیچ نەبێت شیر و حەفازە وپێخەف و پێداویستییەکانی دیکەی زستانی و کەلوپەلەکانیان کە زیادەن بۆمانی بهێنن».
لەو کەمپە چاومــان بە چەنـد ئافرەتێـك کەوت کە هاوسـەرەکانیان لە چیـاکە پێشمەرگەن و هەوڵـی رزگـارکردنی شـنگال دەدەن، ئەوان باسـی ئـازایەتی هاوسەر و باوك براکانیان دەکرد و یەکێك لەو خانمانە کە ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد، گوتی: «پیاوەکانمان ئامادەن لە پێناو رزگارکردنی شنگال شەهید بن، بەڵام ئەوان لە بارودۆخی ژیانی ئێمە و خراپی کەمپەکان و نەبوونی خواردن و پێداویستیەکان نیگەرانن، هەربۆیە داواکارین رێکخراوەکان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاورێکی زیاتر لەم کەمپانە بدەنەوە».
جەمیل خەلەف کە برایەکی شەهیدە و لە لالش ژیان بەسەر دەبات، دەڵێت «من شانازی بە براکەمەوە دەکەم کە لە پێناو شـەرەف و نامووسـی کـوردان شـەهید بـووە، داواکاریشـم هێـزی زیــاتر بــۆ کــوردانی ئێزیـدی دابنرێـت، تــاوەکو شارەکەمان رزگار بکەین».
ئەو خێـزانە کـوردانەی ئێزیـدی کە لە شـێخان و پەرسـتگای لالـش و لە نـاو خێوەتگەکـان ژیـان بەسـەر دەبەن، داوا لە خێرخـوازان و حکومەتی هەرێم و رێکخــراوە مرۆییەکــان دەکەن، هاوکــاری و کۆمەکیــان بــۆ بنێــرن و لە مەترسییەکانی سەرماوسۆڵەی زستان رزگاریان بکەن، چونکە خۆیان گوتەنی: لە شـنگال لە دەسـت داعـش و لە چیـاکە لە دەسـت گەرمـا و بـێ ئـاوی و بـێ خواردن دەربازیان بـوو، بەڵام بـاوەڕ نـاکەن منداڵەکانیان لە سـەرما و سۆڵەی زستان دەربازیان ببێت.

## تراژیدیای (٣٥)
## (ئـەی شـێخی هۆزەکـە، لـە خـودا ناترسـن بـەم کـەش و هـەوا گەرمـە ئـەم خێزانانە ئەبەنە سەر چیا خێزانەکان بگەڕێننەوە ماڵەکانیان پارێزراو ئەبن)

خدیدە حسین بشار لە دایکبووی ساڵی١٩٥٢، سەرۆکی هۆزی زەینەدین، نیشتەجێی گوندی وەردیە، ئەو گوندە (٣)کم باشووری چیا دوورە، باسی ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ دەکات و دەڵێت:"بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە پەیوەندیمان بە کۆمەڵگەی (تەل قەسەب)وە کرد، جەختیان کردەوە کە داعش گەشتووەتە لایان و خەڵک بەرەو چیا هەڵدێت، ڕاوێژم لەگەڵ چەند پیاوێک و خێزانەکە کرد، هەوڵمدا بگەمە دهۆک، چونکە من ئەندامی ئەنجومەنی قەزای شنگال بووم و ئەندامی لقی ١٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، بەڵام ترسم لەسەر هۆزەکە بوو، لە کاتژمێر ٨ زانیمان کە گەشتوونەتە سەنتەری شارۆچکەی شنگال، دیاربوو کە خانە نووستووەکانی داعش سەنتەری شارۆچکەکەیان داگیرکردبوو پێش گەیشتنی هێزی داعشی چەکدار لە تەلەعفەر و بەعاجەوە، بۆیە لە (وەردیە) دەرچووین بۆ (جدالە)، تۆزی پشوومانداو نانی بەیانیمان خوارد و هەوڵماندا بچینە سەر چیا و کۆمەڵێ زۆر لە هۆزەکەم چوونە سەر چیا، لەو کاتەدا کۆمەڵێک لە کەسوکارمان پەیوەندییان پێوە کردم و وتیان: لە ژێر ڕەحمەتی داعشداین و ئەڵێن ئەگەر شێخەکەتان نەگەڕێتەوە هەمووتان دەکوژین، تکایان لێ کردم ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ ڕزگارکردنیان! پێیانم وت من لە خوارەوەی چیام و ناتوانم هیچتان بۆ بکەم، کەسێک لە کەسوکارمان پەیوەندی پێوە کردم و وتی ئەمە ئەمیری داعشە (ابو علی) قسەت لەگەڵ دەکات، ئەمیری داعشەکە (ابو علی) وتی: (ئەی شێخی هۆزەکە، لە خودا ناترسن بەم کەش و هەوا گەرمە ئەم خێزانانە ئەبەنە سەر چیا خێزانەکان بگەڕێننەوە ماڵەکانیان پارێزراو ئەبن).
بە هۆی قسەکردنم لەگەڵ ڕفێندراوان و داعشەکان دواکەوتم لە سەرکەوتن بۆ سەر چیاکە، لەم کاتەدا بینیم هێزێکی داعش سەرکەوتنە بەرزاییەکان و ڕێگاکەیان لە ئێمە بڕی، هیچمان پێ نەما ناچاربووین تەقەبول وەزعەکە بکەین، پەیوەندێکانیش بەردەوام بوون، بە کەسێکی هۆزەکەمانم وت تەلەفۆنەکە بداتە دەست (ئەبو عەلی)یەوە، پێیم وت بەڵێنمان پێ دەدەی ئەگەر بگەڕێینەوە پارێزراو بین و هیچ شتێ لە هۆزەکەم نەکەی، وتی: بەڵێن بێت و خوا لە نێوانمانە، بگەڕێنەوە و ئاڵای سپی هەڵکەن.

جارێکیتر کە گەڕاینەوە بۆ وەردیە ئالآی سپیمان هەڵکرد، دوای ئەوەی کە خەڵکی هۆزەکە کە لە چیاکە بوون زانییان من گەڕاومەتەوە ئەوانیش گەڕانەوە، ئەوە سەرچاوەی بێزارکەر بوو بۆ من.
لە ڕێگای گەڕانەوەم قایمەقامی قەزای بەعاج پەیوەندی پێوە کردم و داوای لێ کردم کە سێ ئۆتۆمبێلەکەی(لاندکرۆز، تویێتا، مۆنیکا٢٠١٤) رادەست بکەم لەگەڵ دوو تویێتای دەبڵ قەمەرە ٢٠١٤ (وەک ئەمانەت دابووی پێم لە ڕۆژی کەوتنی بەعاج، لە کاتی گەڕانەوەمان ماڵ پڕبوو لە خەڵکی هۆزەکەم، لەو کاتەدا زۆربەی سەرۆک هۆزە عەرەبەکان پەیوندییان پێوە کردم و وتیان: مەترسن دەوڵەتی ئیسلامی ئازاری کەس نادات تەنها گوێڕایەڵیانبن و دانیانپێدابێنن، سوپاسیانم کرد بۆ ئەو مەوقفەیان، بەڵام ئەمزانی موسیبەتە، وەردیە پڕ بوو لە خەڵکی گرعوزێر و ناوچەکانیتر.
ڕۆژی دواتر قورسترین ڕۆژ بوو لە ژیانم، هەموو ڕێگاکان داخران، زانیمان کە داعش کۆمەڵکوژییەکی زۆری کردووە لە گوند و کۆمەڵگەکان، بەیانیەکەی هێزێکی داعش هات و کۆمەڵێک خەڵکی ئێزیدییان لەگەڵ بوون کە دەستبەسەر کرابوون لە نزیکی جەدالە پێیان وتین ئەم کۆمەڵە ئەمانەتی لای ئێوەن و ئەم دوو کچە جوانەش نەسیبی سەرۆکەکەمانە کە ناوی (حاجی کوردی)یە، لەو کاتەدا حاجی پەیوەندی پێیانەوە کرد و پەیوەندییەکەیان دایە دەستی منەوە و لەگەڵ من بە کوردی قسەی کرد و بە توڕەییەوە وتی: دوای گەڕانەوەم لە خوارووی چیاکە ئەو دوو کچە جوانەم لێت دەوێ، تکام لێی کرد کە ئەمانە ئەمانەتی منن و کاتێ کە هاتنە لام وتیان مامە ئێمە هاتووینەتە لای تۆ و رادەستی داعشمان مەکە، لەم کاتەدا لە ڕێگای پەیوەندییەکەوە شەڕم لەگەڵی کرد چونکە زمانی زۆر زبر بوو لەگەڵم، وشەکانی نەگونجاو بوون(لەسێدارەت دەدەم، ئازارت دەدەم، سوکایەتیت پێ دەکەم)، وتی ئەبینی چی لە خێزانەکانتان ئەکەم لە پێش چاوتان، ئەم دوو کچەم لە نێو کۆمەڵێک کچا هەڵبژارد، ئەمانە بەشی منن، چۆن ڕێگری ئەکەی!؟، ئایا بەرەنگاری دەوڵەتی ئیسلامی ئەبیتەوە؟، پێم وتی رادەستی پیاوەکانمی بکە، ئەگینا چارەنووسی خۆت ئەزانی!.
داوام لە هەموو ژنەکان کرد لە ناو ماڵەکە خۆیان حەشاردەن، داوام لێ کردن کە دەرنەچنە جادە و ئەو دوو کچەشیان لەگەڵ بوو، دوای دوو کاتژمێر داعشەکان گەڕانەوە داوایان کرد خەڵکی گوندەکە هەمووی لە دیوەخانەکە کۆببنەوە، بەڵام من هەواڵم بۆیان نارد کە کەسیان ئامادە نەبن و دەرنەچنە جادە، دوای کاتژمێرێ لە چاوەڕوانی هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەبینی، لە من

تورە بوون و پەیوەندییان بە سەرۆکەکەیانەوە کرد بە ناوی (حاجی)، حاجی داوای لێ کردم دوو کچەکە بە زووترین کات رادەست پیاوەکانی بکەم، بۆیە جارێکیتر تکام لێی کرد کە چۆن رازی ئەبی رادەستیان بکەم من سەرۆک هۆزم و تۆش کوڕی هۆزەکانی لە دابونەریتەکان ئەزانی و ئێمەش لەگەڵتین و یەک نەتەوەین و زمانمان هاوبەشە لە لەهجەکەتا دیارە کە تۆش کوردی و خەڵکی شنگالی و لەگەڵ ئێزیدیەکان پێکەوە ژیاوی و چۆن رازی ئەبی تەعەدا لە شەرەفی خەڵک بکرێ، وەڵامی دامەوە وتی درێژە بە قسەکانت مەدە ئەمانە دەسکەوتی دەوڵەتی ئیسلامین و بە پێی یاسای جەنگی جیهادی هەر جەنگاوەرێکی موجاهید مافی هەیە ئەم دەستکەوتانەی بدرێتێ، دوای سێ کاتژمێر کەسێک هاتە لام و وتی: (حاجی تۆی ئەوێ) لە دەرەوە وەستابوو، سڵاوم لێی کرد، بە تورەییەوە قسەی لەگەڵ کردم و وتی کوا ئەو کەسانەی کە دەستبەسەرمان کردبوون و ناردمانە گوندەکەتان؟، وتم زۆربەی خەڵکەکە بەرەو باشوور چوون و دوو کچەکەشیان لەگەڵە. سەر ئۆتۆمبێلەکانیان کەوتن و بەرەو باشوور چوون.

دواتر پەیوەندییەکم بۆ هات لە کەسێکی ناسیاومان لە سەنتەری شار وتی فڕۆکە جەنگییەکان بۆردوومانی شارۆچکەکەی کردووە(مزگەوتی رەحمان، ناوچەی لقی١٧ی حیزب، ئاسایش) و زۆری لێیان کوشتووە، منیش ئەو هەلەم قۆستەوە و ئامادەکاری هەڵهاتنم کرد، دوای خۆرئاوا بوون هەواڵم گەیاندە گوند و وتم بە پەلە برۆن بەرەو چیا، خێزانەکانمان بە قافیلەیەکی درێژ و بە پەلەیەکی یەکجار خێرا گەشتینە چیا، بەڵام لە کاتی گەیشتنی کۆتا قافیلە بۆ خواری چیاکە، داعشەکان بە پەلە هاتن بە دوامان‌دا، بەڵام پیاوەکانمان بەرگرییان لە خۆیان کرد، بۆیە داعشەکان نەیانتوانی لێیان نزیک ببنەوە.

لە چیا بە هۆی کەمی ئازۆقەوە پیاوەکان دائەبەزینە گوندەکە و خواردنیان ئەهێنا، براکەشم لەگەڵ کۆمەڵێک هاتن بۆ گوند و لێی مانەوە و ڕۆژێکیان دەستبەسەر کران و زۆربەیان بەتەمەن بوون، هەتا ئێستا چارەنووسیان نادیارە".

## تراژیدیای (٣٦)
## منداڵە ئێزیدیەکان، لەبەرکردی قورئان یان زیندانی کردنیان لە توالێت!

دیمەنێکی ترسناك کە تا ئێستا دوورە لە بەرچاو بریتییە لە بار و گوزەرانی ئەو منداڵانەی کە داعش دەستی بەسەریاندا گرتووە لەگەڵ هەزاران خێزان، ئەو لێژنەیەی کە چاودێری بابەتەکە دەکات ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ منداڵ لە ژێر دەستی داعشدان و لە بارێکی زۆر خراپدا دەژین.
ئەو دیمەن و هەڵوێستانەی کە منداڵە رزگاربووەکان دەستی داعش باسی لێوە دەکەن ناخ ئەهەژێنن، ئەو منداڵانە نەیان دەزانی چۆن ئەو هەڵسوکەوتەی داعش بەرامبەریان ئەنجامی دەدات بیگێڕنەوە جگە لە رستەی بچوک و چەند وشەیەک .
ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داوە بەرامبەر بە منداڵان تا ئێستا گرنگی پێ نەدراوە. بە پێی شایەتی زۆربەی رزگاربووان لە هەفتەی دووەمی مانگی ئاب داعش سەدان منداڵی لە خێزانەکانیان رفاند لە بەندیخانەی (بادووش) دوای ئەوەی کە خێزانەکانیان لە گۆڕەپانی بەندیخانەکە کۆ کردەوە منداڵەکانیان بە زۆر لێ سەندن، تا ئێستا چارەنووسی زۆربەیان نادیارە.
( ع - م ، تەمەن٢٦ ساڵ ) بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە باسی ئەو هەڵوێستانەی کرد و وتی ئەو رۆژەی داعش ئەو منداڵە بێ تاوانانەی برد زۆربەی ئافرەتان بە کوڵ ئەگریان و بە خراپترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتەکاندا دەکرا چونکە رەتیان دەکردەوە منداڵەکانیان رادەستی داعش بکەن بەڵام ( ع - م ) کە مانگی رابردوو رزگاری ببوو لە دەستی داعش لە موسڵ دەڵێت:"هەرکەسێ رەتی بکردایەوە منداڵەکەی رادەست بکا سوکایەتییان پێی دەکرد و لێیان دەدا لە پێش چاوی هەمووان، هەندێکیان رووبەڕووی لێدانێکی قورس بوونەوە بۆ ترساندنی هەموومان ".
درێژەی پێدا و وتی:" تاوانی منداڵەکان چی بوو ؟ ئەگریان و دەنگی گریانیان ئەگەشتە ئاسمان بە زەبری هێز بێ دەنگیان دەکردن و ئەیاندا بەسەر دەمیانە"
هەرچەند ئەو ئافرەت و پیاوانەی کە داعش رفاندویانێتی لە شنگال ماوە ماوە زانیاری لەسەر بار و گوزەرانیان دێن بەڵام ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندی بە ئەو منداڵانەوە هەیە کە داعش رفاندوونی کەمن، تا ئێستا خێزانەکان بە دوای زانیاری دەگەرێن دەربارەی منداڵەکانیان، یەکێک لە چاودێرانی ئەم دۆسیەیە دەڵێت:" داعش منداڵەکانی لە خێزانە ئێزیدیەکان رفاند و گواستیانیەوە بۆ

سەربازگەکان لە باشووری قەزای بەعاج بۆ مەشق پێ کردنیان بۆ هەڵگرتنی چەک و رەمی و کوشتن".
ڕوونە کە زۆربەی منداڵان لە کۆتایی مانگی ئاب (٢٠١٤) لە خێزانەکانیان بردران بە تایبەتی دوای کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کۆچۆ لە باشووری شنگال لە ١٥ی مانگی ئابی ٢٠١٤.
چاودێرەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکا درێژەی بە قسەکەیدا و وتی:" داعش سەربازگەی زۆری هەیە هەندێکیان لە ناو سوریایە لەو ناوچانەی کە هاوتەریبە لەگەڵ قەزای بەعاج ١٣٠کم خۆرئاوای موسڵ و هەندێکیشی لە باشووری بەعاجە کە سەربازگەی رێکخراوی قاعیدە بوو لە ٢٠٠٥وە گەنجان و منداڵانیان تێیدا مەشق پێ ئەکرد بۆ ئەوەی ببنە جەنگاوەر لە ریزیانەوە ".
لێژنەی تایبەت بە چاودێریکردنی کاروباری رزگاربووان لە دهۆک بە پێی زانیارییە تایبەتەکانیان ئاماژەیان بەوە کرد کە لە نێو ٤٠٠ رزگاربوو لە دەستی داعش ٥٧ منداڵی کچ و ٦٠ منداڵی کوڕ هەن زۆربەیان لە دۆخێکی خراپدان ئەو دۆخ و گوزەرانەیان بیر دێتەوە کە رووبەڕووی بوونەوە و ئەو کارەساتەیان دێتە پێش چاو .
دوو لە ژنە رزگاربووەکان لە موراجعی کاروبارەکانیان بوون لە لیژنەکە منداڵێکی بچوکیشیان لەگەڵ بوو کاتێ کە هەوڵم دا بزانم ئەو بارە چۆنە کە منداڵەکانی تێدا دەژین رووی شاردەوە لەناو جەستەی، رووی زەرد هەڵگەڕابوو، یەکێک لەو دوو ژنە وتی ئەو بارەی تیایدا ژیاون باس ناکرێ تەنانەت ئەشکەنجەی ئەم منداڵانەش دراوە، منداڵەکە قسەکەی بڕی و وتی هیچ شتێکم ناوێ تەنها دایک و باوکم بگەڕێننەوە دڵتەنگییەکی زۆری پێوە دیاربوو چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک ژنەکەش خەم دایگرت چونکە دایکی خوشکی ئەم ژنە بوو کە نازانێ چارەنووسی چییە لە دوای ئەوەی کە داعش لە یەکیانی جیاکردەوە لە باشووری شنگال ئەم ژنە لەگەڵ خەڵکیتر و منداڵەکەی توانی هەڵبێت بەڵام خوشکەکەی لەگەڵ خەڵکیتر گواسترایەوە بۆ شاری بەعاج.
( ز خ د -١٤ ساڵ ) دەڵێت:"بیرمە هەموو ڕۆژێ ناچاریان دەکردین بچینە مزگەوت و بە زۆر نوێژیان پێ دەکردین، کاتێ کە برا ١٠ ساڵانییەکەم کە لە من بچوکتربوو رەتی دەکردەوە بە شەق و شێوەیەکی بێ بەزەییانە لێیان دەدا ".
( ز - خ - د ) کە پێش دوو هەفتە توانی رزگاری بێت لە دەستی داعش کە لە ناوچەیەکی نزیکی تەلەعفەر بوو درێژەی بە قسەکەی دا و وتی "داعش

ناچاری دەکردین کە هاوەڵییان بکەین بۆ نوێژ کردن و فێربوونی ئاینی ئیسلام بە زەبری هێز و کاتێ کە هەڵەیەکمان بکردایە لەوەی کە مەلاکە ئەیڵێ هەمووومان رووبەڕووی سوکایەتی و ئەشکەنجە ئەبووین بەڵێ ئەوەی کە زۆرتر ئازارمی دەدا ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە لە منداڵە بچوکەکانیان دەدا".

دایکێکی پڕ لە خەم هاوەڵی کوڕە ١١ ساڵەکەی بوو بۆ ئەوەی بیباتە نەخۆشخانە ئاماژەی بەوەدا کە کوڕەکەی زۆر نەخۆشە تووشی ئیلتیهابات بووە بە هۆی ئەوەی داعش ئەشکەنجە و سوکایەتی پێ کردووە چونکە کوڕەکەی بڕیارەکانی داعشی رەت کردووەتەوە و جێبەجێی نەکردووە.

رووی منداڵەکە پڕ لە خەم بوو بە زۆری هێنابوویان بۆ عیلاج، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون، کاتێ لێیم پرسی بۆ رەتی ئەکەیتەوە بێیتە نەخۆشخانە وتی" چونکە تا ئێستا براکەم و خوشکەکەم و داپیرەم لای داعشن".

منداڵیک کە هەندێک لە کردەوەکانی داعشی لە بیر بوو وتی " ئەشکەنجەکان بریتی بوون لە زلە لێدان لە دەموچاو و شەق و جووتە تێهەڵدان بە قاچ و پێڵاوەوە و ئەگەر منداڵەکە بەردەوام بووایە لە عینادی کردن و ئەرکە ئاینییەکانی بەجێ نەهێنایە کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی قورئان ئەیانخستە توالێت بۆ چەنەها کاتژمێر و ماوە ماوە ئاویان پێیدا دەکرد".

منداڵێکی ١٠ ساڵان دەستی دایکی گرتبوو: هەر کە رەتمان دەکردەوە ئەوەی کە مەلاکە داوای لێ دەکردین، ئێمەیان ئەکردە توالێتەوە بە تەنها (انفرادی) بۆ چەندەها کاتژمێر و دەستیشمانیان لە پشتەوە دەبەستەوە.

بە پێکەنینەوە وتی " پیاوی ئاینی - مەلا - ئەویش زۆرجار پێدەکەنی و دەیوت دەزانم ئێوە بەس قورئانەکە دەخوێننەوە و نەبوونەتە موسوڵمان و بە من رادەبوێرن بەڵام دوای چەند ڕۆژێ بێزاربوو وازی لێهێناین و بە جێی هێشتین بەیانیان دەهات دەیوت ئەمە بخوێنن و ئەوە بخوێنن و بە جێی دەهێشتین".

## تراژیدیای (٣٧)
## تەنها بە ٤٠٠ هەزار دینار دوو کچی ئێزیدی کڕی

پیاوێکی خەڵکی موسڵ، تەنها بە ٤٠٠ هەزار دینار دوو کچی ئێزیدی لە چەکدارانی داعش کڕیوەتەوە و لە کەرکوك ئازادی کردوون.
گەنجێك وتی:"مامم دوو کچی ئێزیدی کڕیووە و دواتر لە ترسی داعش هێناونی بۆ کەرکوك و لەوێ ئازادی کردوون".
سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کچ و ژنانەی تری ئێزیدی کە داعش دەستبەسەری کردوون، ئەو گەنجە دەڵێت:"نازانرێت دوای ئەوەی خەڵك دەیانکڕن لە داعش، بەرەو کوێیان دەبەن، بەڵام زۆرێك لە موسڵییەکان کاتێك دەیانکڕن هاوسۆزن لەگەڵیاندا".
ئەو گەنجە وتی:"چەکدارانی داعش نرخی ٢٠٠ هەزار دیناریان لەسەر هەر کچێکی ئێزیدی داناوە".

## تراژیدیای (٣٨)
## کچانی ئێزیدی و زامەکانی دوای بە کۆیلەکردن

ئەوان بە جۆرێك دیمەنی راستەقینەی وەحشیگەرییەکانی چەکدارانی داعش وێنا دەکەن، کە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنن.
بەهار عەلۆ، ئافرەتێکی ئاوارەی خەڵکی (شێخان)ـە و لە بارەی بێسەروشوێنکردنی کچان و ژنانی شنگال دەڵێت: «ئەو خەڵکەی نەیانتوانی بگەنە چیای شنگال، داعشەکان کوشتیانن و ژنەکانیشیان بە ناوی غەنیمەی شەڕەوە رفاند، بە تایبەتی کچە گەنج و تازە پێگەیشتووەکانیان وەکو کۆیلە لە موسڵ و رەقە فرۆشتووە، بە ڕادەیەك هەر کچێکیان بە ٣٥٠ هەزار دینار فرۆشتووە، ژمارەیەکیشیان لەبەر ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەر شەرەفیان خۆیان کوشتووە».
ئەو ئافرەتە لە ناو هەنیسکی گریاندا دەستە لەرزۆکەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:«خوایە ئەو تاوانە قبووڵ نەکەی و چی داعشە تەفروتوونایان بکەی».
سەنەم بەلۆ، ئافرەتێکی بەساڵاچووی ئاوارەیە و ئەویش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت:«ئێزیدی هیچ کاتێك دەستدرێژی نەکردۆتە سەر کەس و ئەم کارە لە لای قێزەوەن بووە، کەچی بە تۆمەتی کوردبوون و بە بیانووی جیاوازی ئایینەکەمانەوە چەکدارانی داعش کچەکانمانیان رفاند و ئێستا مامەڵەیان پێوە دەکەن و دەیانفرۆشن، من ناسیاوێکم بە ناوی (ب.م) دوو خوشکی رفێندراون، سەرۆك هۆزێکی سوننەی عەرەب بە مەبەستی رزگارکردنیان بە پارە کڕییانی و دواتر دەربازی کردن، بەڵام بە داعشەکانی گوتووە: هەڵهاتوون».
زۆربەی خێزانە ئێزیدییەکان بە هۆی کەلتور و نەریتی خۆیان ئامادە نین باس لە نامووسی خۆیان بکەن، بۆیە دوای سۆراخێکی زۆر گەیشتینە ئەو خێزانە کە دوو کچیان شایەتحاڵی تاوانەکانی داعش بوون، بەڵام براکەیان رێگەی نەدا باسی کارەساتەکە بکەن و تەنیا گوتی:«خوشکەکانم باری دەروونییان تێکچووە و ئامادە نین لە میدیاکان زیاتر لەوە باسیان بکەن، چونکە بە ورووژاندنی ئەو مەسەلەیە باری دەروونی خوشکەکانم زیاتر تێکدەچێت و لەوانەیە خۆیان بکوژن»، دوو خوشکەکەشی لە دوورەوە و بە بێدەنگی سەیریان دەکردین و هیچ قسەیەکیان نەکرد.

ئاوارەکانی ئێزیدی بێزاری و خەمۆکییەکی زۆریان پێوە دیار بوو، بە دەگمەن ئامادە بوون چیرۆکی رفاندن و بێسەروشوێنکردنی ئافرەتە ئێزیدییەکان بخەنە ڕوو. خانمێك کە خۆی بە «نورخان» ناساند، یەکێك بوو لەوانەی ئامادە بوو قسە لە سەر ئەو تاوانکارییانەی چەکدارانی داعش بکات و هەر لەو بارەیەوە گوتی:«داعشەکان گەنج و لاوەکانمانیان بە بێ پرسیار کوشت و لە ماڵ و زێدی خۆمان دەربەدەریان کردین، لەمەش قێزەوەنتر رفاندن و فرۆشتنی کچەکانمانە، بە تایبەتی لە گوندەکانی تەلعەزێم و کۆچۆ، ئەو کچانەش لە دەستی داعش رزگاریان بووە، قسە و کردەوەی زۆر ناشرین لە بارەی رەفتار و رەوشتی نزمی داعشەکان دەگێڕنەوە، ئەوان بە چاوی خۆیان بینیویانە کچیان لە تەمەنی ١٣ساڵی بە ١٠٠٠ دۆلار فرۆشتووە و چەندین کچی جوانی کوردیش جیهادی نیکاحیان پێوە کردوون»، گوتیشی: «کچە دیلەکان لە دۆخێکی زۆر خراپدان، لە لایەك بۆ باوك و برا و پیاوەکانیان دەگرین، کە داعشە خوێن مژەکان کوشتوویانن، لە لایەکی دیکەوەوە خەمی ناموسیان تەنگی پێهەڵچنیون».

سەبارەت بە شوێنی کچەکانی دیل و مامەڵەی وەحشیگەرییانەی داعشەکان لە گەڵیاندا ئافرەتێکی کوردی ئێزیدی کە ئاوارەیە و لە هۆڵی بۆنە ئایینیەکانی شێخان خۆی و خێزانەکەی نیشتەجێیە، باسی ئەوەی کرد کە چاوی بە یەك دوو ئافرەتی دیل کەوتووە کە رزگاریان بووە، ئەوەشی خستە ڕوو کە خزمەکانی ئەو کچانە پێیان وایە داعشەکان بە ئەنقەست ئەو کچانەیان بەرداوە، تاوەکو چیرۆکی وەحشیگەری و دڕندەیی ئەوان بگێڕنەوە و ئەوەندەی دی ترس و تۆقین لە ناو ئێزیدییەکان و کەمە نەتەوە و ئایینزاکانی دیکە بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی کۆچ بۆ دەرەوەی کوردستان بکەن، گوتیشی: «یەکێك لە کچە دیلەکان دوای رزگاربوونی باسی ئەوەی بۆ کردم کە بە لێدان و چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەی کوشتنی منداڵە ساواکان ناچاریان کردوون بچنە ناو لۆری و هەمەرەکان و دواتر لە خانوویەکدا کە وەکو شوێنی بەرپرسەکەیان وابوو، داعشەکان پرچیان بڕیون و بە لێدان شێوە و روخساری ئافرەتانەیان شێواندوون و ئازاری زۆریان داون، تەنانەت وەکو مەڕوماڵات کچە جوانەکانیان جیاکردەوە و کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردن، کچە مێرمنداڵەکانیان لە لایەن ئەمیر و کەسە دەستڕۆیشتووەکانی داعشەوە مارەکران، لە پەرستگەی لالش ژمارەیەکی زۆری خێزانە ئاوارەکانی ئێزیدی نیشتەجێ کراون و زۆربەی ئافرەتە ئێزیدییەکان داوا دەکەن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر گرنگییان پێ بدات و سۆراخی کچە پاکیزەکانیان بۆ بکەن و

لە دەست ئەو زاڵم و خوێنڕێژانە رزگاریان بکەن، تاوەکو چیتر ئـافرەتی کـورد وەکـو کـۆیلە مـامەڵەی پێـوە نەکـرێ، خەمــی گەورەی ئەوان گەڕانەوەی ئەو ئافرەتانە بوو کە دەوڵەتی ئیسلامی داعش رفاندوویانن. پیاوەکانیشیان جەختیان لە دەستێکەڵکردنی زۆربەی خەڵکی عەرەبی هۆزەکانی ناوچەکە لە گەڵ داعش دەکـرد، ئـافرەتێکی بەسـاڵاچووی ئێزیدی لەو بـارەیەوە گـوتی: «دەبێـت هـۆزە عەرەبە سـوننەکانی نـاوچەکە وەڵامــی خەڵکــی کوردسـتان و سـەرۆکەکەی بدەنەوە، چونکە خیانەتی ئەوان نەبووایە، هەرگیز ئەو ڕەشەکوژی و قڕکـردن و دەستدرێژیکردنە سەر نامووسی کـورد بـۆ داعشـەکان نەدەچووە سـەر کە لە گوندەکان و بە رێنمایی ئەوان هێرشیان دەکردە سەرمان، دەیان کچ و ئـافرەتی ئێزیـدیش پەنایـان بـۆ ئەو گونـدانە بـردووە، کەچـی ئێسـتا هیچیـان دیـار نـین و بێسەروشوێن کراون».

زۆربەی ئەو ئافرەتـانەی چاومـان پێیـان کەوت، بـێ ئومێد بـوون لە بەرامبەر کۆمەك و هاوکارییەکـانی حکومەتی عێراقـی و رێکخـراوە بیانییەکـان، هـاتنی وەرزی زستان و سـەرما و بـارانیش ئەوەندەی دی بـاری سەرشـانیانی قـورس کردبـوو، لە گەڵ ئەوەشـدا ئەوان هیوایـان بە پێشـمەرگە بـوو بەوەی مـژدەی رزگـارکردنی شـنگالیان پـێ بـدەن، هاوکـات داوایـان لە خێرخـوازان دەکـرد بە شیری منـداڵ و حەفـازە و خـۆراك و جلـوبەرگی منـداڵان هاوکارییـان بـکەن. خێزانە ئێزیدییەکان ژمارەیەکی زۆری منداڵیان هەیە و لەم وەرزەی زستانەدا مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و خراپبوونی باری تەندروستییان لێدەکرێت، لەم رووەوە ئـــافرەتێکی ئێزیـــدی بە نـــاوی خەرمـــانە گـــوتی:«مـــاوەیەکە هاوکارییەکانی خێرخوازان نەماوە و منداڵەکانمان بەم وەرزە زۆر پێویستیان بە جلـوبەرگ و شـیر و حەفـازەی منـداڵان هەیە، ئـێمەی ئـافرەتی ئێزیـدی قوربـانییەکی زۆرمـان داوە و سـەرەڕای خەمــی گەورەی قوربانییەکانمـان و بـارگرانی سەرشـانی خێزانەکانمـان، لە بەردەم سـەرما و سـۆڵەی زسـتان و بارانبارین لە ناو چادرین»، گوتیشی:«هیچ هیوایەکمـان بە حکومەتی عێراقـی نییە و تەنیـا بە حکومەتی هەرێم ئومێدەوارین و داواکـارین تـا شـنگال رزگـار دەکرێت و دەگەڕێینەوە بۆ نـاو مـاڵ و حـاڵی خۆمـان، ئـاورێکی زیاترمـان لـێ بداتەوە».

## تراژیدیای (٣٩)
## گوندی سۆلاغ و جینۆسایدکردنی خانەوادەیەك

سۆلاغ یەکێکە لەو دەیان گوندە ئێزیدیەی بەر شاڵاوەکانی جینۆساید و رفاندن و بێ سە رو شوێنکردنی دانیشتوانەکەی بووەتەوە لە لایەن داعشەوە، "خەلیل رەشۆ کجۆ" لە دایکبووی ساڵی(١٩٧٧) وتی:"ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ دوای شەڕ کردن لە گەڵ داعش، کاتژمێری (٦)ی بەیانی پەیوەندیم بە هاوڕێیەکمەوە کرد بە ناوی میرزا موراد خورشی لە گرزک قەحتانیە و هەڵهاتین و هاتین بۆ ماڵ، ئامادەکاریمان کرد بۆ رۆشتن بۆ چیا، بەڵام ئۆتۆمبێلم نەبوو. کوڕی مامەکەم ئۆتۆمبێلێکی کیای هەبوو لە گەڵ قەمەرەیەکی رەساسی، خێزانەکەم لە گەڵیان سەرخست، خۆمان لە گرزگ ماینەوە و چاوەڕوانی رووداوەکەمان دەکرد، دوای دوو کاتژمێر واتە کاتژمێری ٨ی هەمان ڕۆژ ٢٠١٤/٨/٣ لە چوار ڕییانی شنگال تەقە روویدا، لە گەڵ خێزانەکان دەرچووین کە نزیکەی(١٠٠)کەس دەبووین بەرەو چیا، دایکمم لە گەڵ بوو چونکە لە گەڵ من مابووەوە و لە گەڵ یەکەم وەجبەی خێزانە رۆیشتوەکان دەرنەچوو، بەڵام ماڵی مامە ساڵەح مراد منت ئالای سپیان بەرز کردەوە، بەو نیەتەی داعش بە شێوەی باش مامەڵە لە گەڵ خیزانەکان دەکەن بە پێی قسەکانی خۆیان. کاتژمێری یەک و نیوی دوای نیوەڕۆ، سلێمان حاجی موراد و سەبری جندی موراد ویستیان بگەڕێنەوە بۆ گوند بە مەبەستی کۆکردنەوە و هێنانی هەندێ پێویستی بە ڕێگای وڵاخ، وتیان کاتێک نزیکی گوندی سۆلاغ بووینەوە، ئەوەی روویدا بینیمان، خێزانی ساڵح موراد منت یان دەستگیر کردبوو، یەکێک لە کەسە نزیکەکانمان قوال منت جەردۆ هەوڵی خۆ دەرباز کردنی دابوو لە ئۆتۆمبێلەکە، یەکسەر کوشتیان و تەرمەکەشی تا ئێستا لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدایە، مەبەست ئەو کاتەیە کە چەند ڕۆژێک دوای تاوانەکە باسەکەی کردووە، دوای ماوەیەکی کەم براکەی خەلەف منت جەردۆ هەوڵی دەربازکردنی تەرمەکەی دا بەڵام نەیتوانی". هەروەها شاهیدحاڵەکە دەڵێ:" خەدیدە موراد وتی من و دەخیل کەجۆ موردا بینیمان خانەوادەی ساڵەح هەوڵی دەربازبوونیاندا، بەڵام لە لایەن داعشەوە دەستگیر کرانەوە، کاتێک دەخیل کەجۆ بینی خانەوادەکە لە بەردەستی داعشن، خۆی رادەستیان کرد. لەم خانەوادە گەورەیە کەس نەمایەوە تەنها ستۆ سلێمان خدیدە نەبێت ئەویش لە ماڵی باوکی بوو لە گەڵ مناڵەکەی".

**ناوی بێ سەر و شوێن و رفێنراوەکان ڕەگەزی نێر:**

١- خلف خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ١٩٨٠
٢- حسين خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ١٩٨٤
٣- حواس خليل خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٥
٤- (منداڵ- کوری)- خليل خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٤
٥- خيرهات خلف خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٨
٦- (منداڵ- کوری)- خلف خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٤
٧- حبيب حسين خضر شمو منت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١١
٨- علي حسين خضر شمو منت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٣
٩- سامي حسين خضر شمو منت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٤
١٠- سلو حسن قاس، ساڵی لە دایکبوون و ١٩٩١
١١- خلف اسماعيل يوسف، ساڵی لە دایکبوون ١٩٧٥
١٢- يري حجي يوسف، ساڵی لە دایکبوون ١٩٧٧

**ناوی بێسەرو شوێن و رفێنراوەکان ڕەگەزی مێ:**

١- خاتون قولو، ساڵی لە دایکبوون ١٩٥٥
٢- کوجر رشو منت، ساڵی لە دایکبوون ١٩٧٧
٣- خجي برکات شمومنت ، ساڵی لە دایکبوون ١٩٩٠
٤- غزال جوقي قولو، ساڵی لە دایکبوون ١٩٩١
٥- الهام خليل خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ١٩٩٨
٦- مريم خليل خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٩
٧- عدلان خليل خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٢
٨- زريف خلف خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٥
٩- زينة خلف خضر شمومنت ، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٧
١٠- بسي خلف خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٩
١١- غالية خلف خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٠
١٢- داليا حسين خضر شمومنت، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٩
١٣- کرتي حسن ملو، ساڵی لە دایکبوون ١٩٦٠
١٤- هاجر خديدة مراد، ساڵی لە دایکبوون ١٩٧٧
15- سلوی سليمان خلف، ساڵی لە دایکبوون ١٩٩٢
١٦- خاني خضر شمو منت، ساڵی لە دایکبوون ١٩٧٤
١٧- خجي خيرو صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ١٩٩٠

١٨- غالية خيرو صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ١٩٩٥
١٩- حلا خيرو صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٠
٢٠- خوخي خيرو صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٧
٢١- سلمی خيرو صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٩
٢٢- سامية خيرو صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٣
٢٣- فرحی فرمان صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ١٩٩٩
٢٤- هدية فرمان صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٢
٢٥- ليلی فرمان صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٤
٢٦- بسمة فرمان صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٦
٢٧- سوسكي فرمان صالح مراد، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٧
٢٨- خوخي حسن دخيل كجو، ساڵی لە دایکبوون ٢٠٠٦
٢٩- غزال عجو مراد منت، ساڵی لە دایکبوون ١٩٧٦
30- (منداڵ- کچی)- هادي داود صالح، ساڵی لە دایکبوون ٢٠١٤

**تراژیدیای (٤٠)**
**هەرسێ کچەکەم، خۆیان ل شاخێکدا فڕێدایە خوارەوە**

ژنێکی کوردی ئێزیدی باسی خۆکوشتنی سێ لە کچەکانی دەکات کە دوای ئەوەی چەکدارانی داعش دەست درێژی سێکسیان کردووەتە سەریان دواتر ڕێگەیان پێ دەدەن بێنە ناو کەس و کاریان لە چیای شنگال دایکی کچەکان وتی:"کچەکان بە گریانەوە هاتن و هاواریان دەکرد بمان کوژن بەڵام ئێمە دەست و دڵمان نەهات بیان کوژین، لە ناکاو هەرسێ کچەکەم خۆیان لە شاخێکدا فڕێدایە خوارەوە مردن و کۆتاییان بە ژیانێکی تاڵ هێنا".
لەم تاوانەدا ژن و منداڵ و پیر و پیاو بوونەتە قوربانی دەستی تیرۆر، بەڵام هەریەکەیان بە شێوازێك کۆمەڵکوژ کراون، هەبووە ڕفێندراون هەبووە بە دیل گیراون هەبووە بە هۆی برسیەتی و تینوویەتی و ترس و تۆقین لە چیای شنگال گیانیان لەدەست داوە.

## تراژیدیای (٤١)
## کاتێك سەرتان دەبڕن، ئێمە وێنەتان دەگرین

چوار لەو ئافرەتە ئێزیدییانەی کە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە رفێنراون، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، ناوی رفێنەرەکان ئاشکرا دەکەن کە دوو کەسی ئوستورالی بە ڕەگەز عەرەب بوون و باسی خراپ مامەڵەکردنیان دەکەن لە گەڵیاندا، داواش لە حکومەتی ئوسترالیا دەکەن تۆڵەی ئازار و مەینەتیەکانیان لێبکاتەوە، لە بەرنامەیەکی کەناڵی (ABC news)ی ئوسترالی، ژنە ئێزدییەکان کە ناوی خۆیان گۆڕیبوو رووبەندیان پۆشیبوو، بە وردی باسیان لە چیرۆکی رفاندن و بە کۆیلەکردنیان کرد لە لایەن دوو چەکدارای داعش، بە ناوەکانی خالید شەریف و محەمەد عومەر کە هەردووکیان پەناهەندەی ئوسترالی بوون و لە گەڵ گەیشتنی چەکدارانی داعش بە عێراق، ئەوانیش گەڕاونەتەوە بۆ ناو ئەو گرووپە.
کەنیزەك؛ لە مێژوی ناوچەکە و ئیسلامیشدا ئەو کچ و ژنانە دەگرێتەوە کە لە جیهادی ئیسلامیدا بەدیل گیراون، دواتر کڕین و فرۆشتن و مامەڵەیان پێوە کراوە لە بازاڕەکاندا، پاشان وەك خزمەتکار لە ماڵی کڕیارەکاندا خزمەتیان پێکراوە.
شنگال و ئێزیدیەکان لە ساڵی ٢٠١٤دا شانۆی نمایشکردنی ئەم نەریتەن، یەکێك لە ژنە ئێزیدییەکان باسی لەوە کرد کە لە ژوورێکی بینایەکی دوو نهۆمی لە شاری رەقەی سوریا وەك کۆیلە مامەڵەیان لە گەڵ کراوە و وتی:"شەریف هەڕەشەی ئەوەی لێکردم ئەگەر هاوار بکەم، دەمفرۆشێت". ئەمە جاری یەکەم نیە ئێزیدیەکان تووشی دۆخێکی تراژیدی لەو شێوەیە ببنەوە، بەڵکو وەك خۆیان دەڵێن، بە درێژایی مێژو ئەمە (٧٣)هەمین جارە رووبەڕووی کارەساتی هاوشێوە ببنەوە. ئەو ژنانە باسیان لە خراپی مامەڵەی ئەو چەکدارانەی داعش کرد کە چۆن لە رووی جەستە و دەروونیەوە بەردەوام ئازاریان داون، ئەو دەڵێت:"شەریف پێی وتم، بۆچی غەمباری؟ ماڵەوە و خێزانەکەت لەبیر بکە، ئیتر ئێستا ئەمە ماڵ و خێزانی تۆیە، تەنانەت منداڵەکانیشیان چەقۆ و مۆبایلیان پێبوو، پێیان دەوتین، کاتێك سەرتان دەبڕن، ئێمە وێنەتان دەگرین".

## تراژیدیای (٤٢)
## بابا شێخ: کە چوومە لای مەسعود بارزانی ریشی گرتمو گریا بۆ حاڵی ئێزیدییەکان

"بابا شێخ" دەسەڵاتی باڵای ئایینی و سەرۆکی جڤاتی روحانی ئێزیدیانە، ئەو بە بنەچە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی یەکێك لە شێخە پیرۆزەکانیان، کە پشتاوپشت ئەم پۆستە گرنگەیان لە باو باپیرانەوە تا ئەمڕۆ بۆ بە جێماوە، ئەو لە شێخانە و لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لە میوان و ئاوارەکان و پەیڕەوانی ئایینەکەی دەکات. بابا شێخ بە بەرگ و ریشە سپییەکەیەوە باس لە هۆش تاریکی داعش و کارنامەی ڕەشی خێڵە عەرەبەکانی دەڤەری شنگال دەکات.
"بابا شێخ" دەڵێت:"ناخۆشترین قۆناغی ژیانی ئێمە ئەم ساتە وەختەیە، ناخۆشترین رەوش و ناخۆشترین فەرمان ئەمەیە، ئێزیدیەکان هەموویان دەربەدەر بوون، گوندەکانیان چۆڵ کران و نەمان، هەموویان ئازاریان چەشت، تا ئێستا چەندین کوشت و بڕ و فەرمان بە سەرماندا دراوە، بەرگریمان لە خۆمان کردووە، بەڵام تا ئێستا نەمان بینیوە بەم شێوە ناجوامێرانەیە ژن و منداڵ و بچوك تەقەیان لێ بکرێت و لە بەرزایی چیاوە بخرێنە خوارەوە و ببرێن و دەستبەسەر بکرێن، لەمە کارەساتبارتر لە مێژوی ئێمەدا ڕووی نەداوە".
"بابا شێخ" دەشڵێت:"کە چووینە لای کاك مەسعودیش ریشی گرتم و گریا، ئەوانەی ئامادە بوون هەموویان گریان، ئەوە کارەساتێکی ئێجگار ناخۆشە".
وتی:"لە دنیادا کەس لەو خێڵە عەرەبانەی هاوسێمان بێ ناموس تر نییە کە متمانەمان پێ کردن و بوون بە داعش و دەستیان بۆ ماڵ و منداڵ و ژن و کچی ئێمە درێژ کرد، هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نیە".
"بابا شێخ" وتی":دەربارەی هاریکاری، لە نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوە مرۆییەکان و کۆشکی سپی و کۆنگرێسی ئەمەریکاوە بگرە تا سەرۆکایەتی هەرێم تەخسیریان نەکردوە، بەڵام بە تەنها کۆمەکی کوردستان بەس نییە، میللەتێك دەربەدەر بووە ٣٠٠ هەزار کەس، ئەمە کارەساتێکی ناخۆش و پاکتاوکردنی بە کۆمەڵە و پێویستە لە ئاستی جیهانیدا بەرەنگاری ببنەوە. خەڵکی کوردستان جوامێرانە هاریکارییان کرد هەر لە زاخۆوە تا سلێمانی، لە خوای گەورەش دەپاڕێینەوە دەرگایەکی خێر بە ڕووی ئەم خەڵکە لێقەوماوەدا بکاتەوە".

"بابا شێخ" وتی:"خەڵکی کوردستان و برایانی ئێمەی موسڵمان، خەڵکێکی بە شەرەف و خەڵکێکی جوامێرن و جێی ستایشن، هەموو کەمایەتیەکانی کاکەیی و مەسیحی و شەبەك و دروز و سابیئەش بە برای خۆمان دەزانین، سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەتانەش دەکەین کە هاریکارییان کردین، ئێمە خەڵکێکی ئاشتی خوازین و زیانمان بۆ کەس نییە، خوازیارین ئەوانی تریش رێز لە ئازادی و دابونەریت و پەرستش و بیروباوەڕی ئاینییمان بگرن، کە ئەمە ئازادییە خودای گەورە بەخشیویەتی بە مرۆڤ و هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە لێمانی زەوت بکات، خوا مەزن و گەورەیە و باوەڕمان بەوەیە کە ڕۆژێك بە پشتیوانی خودا ئەم رەوشە تێپەڕێنین و بکەوینە خێر و خۆشییەوە".

## تراژیدیای (٤٣)
## ئێزیدیەکان: وڵاتمان لێکرا بە دۆزەخ

ئێزیدییەکان لە تاوانێکی بەردەوامدان، ئەوان باس لەوە دەکەن کە لەوەتەی هەن ڕۆژگارێکی وا ڕەش و تاریکیان بە خۆیانەوە نەبینیوە، ئەوان خەمی یەکەمیان هەڵاتنە لەم وڵاتە و پێیان وایە ناوچەکانیان تا ساڵانێکی درێژخایەن دەبێتە گۆڕەپانی جەنگ.

"تەحسین خودێدا" کە سیمای چرچ و لۆچ و سمێڵی تەپو تۆز لێنیشتوی باشترین گوزارشتی لە خەم و نەهامەتی ئێزیدیەکان دەکرد، هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەم دەردە بچن کە ئەمڕۆ تێی کەوتون و بە زۆرەملێ لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵبکەنرێن و دوای چەند ڕۆژ لە ئێش و ئازار و مانەوە لە چیای شنگال، لە تاو زەبر و زەنگی چەکدارەکانی داعش بە خێزانەوە لە شاری دهۆك ئاوارەبن.

ئەو وتی:"ئێمە شەکەت و نەدار و بێ بژێوین، ماڵ و حاڵمان چوو، دەربەدەر کراین، کوژراین، رفێنراین، بە بێ ئەوەی هیچ زیانێکمان بۆ کەسێك هەبوبێت".

ئەو سەر سوڕمانی خۆی بەرامبەر بەو عەرەب و تەنانەت هەندێك لەو کوردانەش دەربڕی کە لە گوندەکانی دەوروبەری شنگالدان و هەڵیانکوتاوەتە سەریان و تاڵانیان کردوون و کوشتوویانن، "خودێدا" وەك ئەوەی نەیەوێت ئەو دیمەنە ناخۆشانەی هەڵاتنی ئێزیدیەکانی بێتەوە بەر چاو، بە دەم سەرهەڵبڕین و چاو نوقاندنەوە وتی:"قسە کردن بێ سودە و ئەوەی رویدا و بینیمان بە قسە ناگێڕدرێتەوە".

بەشێکی دیکە لە ئێزیدیەکان لەوە تێناگەن کە بۆچی تەنانەت لە کونجی ماڵەوەشدا هەڵدەکوتنە سەریان و نیگەرانی خۆیان لە بەرامبەر هەڵکشانی رەوتە ئیسلامییەکان ناشارنەوە.

"خەلیل" کوڕێکی گەنجی ئێزیدییە و خوێندکاری دوا قۆناغی ئامادەییە، کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشی لە بەردایە و ترس و شەو نخۆنی و ماندوویی بە ڕونی لە چاوەکانیدا بەدی دەکرێت، ئەو پێی وایە ئێزیدییەکان لە سەرتاسەری ئەو ناوچانەدا کە ئاکنجین ڕوو بەڕووی توندوتیژی و دەرپەڕاندن بوونەتەوە، نەك هەر لە شنگال، بەڵکو لە تەلکیف و چەندین ناوچەی تریش، لە شێخانیش زۆربەیان لە ترسدا هەڵاتوون و ئێستا ئەو شارۆچکەیە چۆڵەوانییە.

باس لەوە دەکات کە زۆربەیان ڕوویان لە سنووری تورکیا و پشتیان لـە زێدی ڕەسەنی خۆیانە، ئەو وتی:"تازە ناوچەکانمان کرانە گۆڕەپانی شـەڕ، وڵاتمـان لـێ کـرا بـە دۆزەخ و بـە کۆمـەڵ بیـر لـە کـۆچ و بـە جێهێشـتنی ئـەم دۆزەخـە دەکەینەوە کە ناوی عێراقە".

وتیشـی:"نیگەرانین لـەوەی لـە نێـو چـوار چێـوەی وڵات و کلتورێکـداین کـە جیاوازی قبوڵ ناکات و هەمیشە بە چاوی کافرییـەوە سـەیرمان دەکرێت، ئێمـە تاقەتی زۆرمـان گـرت، بـەڵام ئیتر هیوا بڕاو بووین، تاکـەی مـەراق و ئـازار بکێشین؟".

## تراژیدیای (٤٤)
## ژێر پرد و شوێنی حەوانەوە

پردی ئێتیتێ لە شاری دهۆک دەبێتە شوێنی حەوانەوەی(٢٠)ئاوارەی ئێزیدی، لە دوای هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر شنگال ماڵی خۆیان بەجێهێشتووە و بەرەو ئەو ناوچەیە هەڵاتوون.
ئەو خێزانە ئێزیدیانە وەک دراماییەکی تراژیدی ڕۆژانە زۆر بە سەختی ژیانیان بەڕێ دەکەن، زۆربەی کاتەکانیش لە بەر دەنگ و قەرەباڵغی هاتووچۆ ناتوانن بخەون، بەڵام هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ژێر پردە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی پلەی گەرما کە هەندێ جار دەگاتە ٤٥ پلەی سیلیزی لەو ناوچەیە.
یەکێ لە ئاوارە ئێزیدیەکان بە ناوی "حازم ئەزار" گوتی:"بۆ ماوەی مانگێکە لە دەرەوە دەخەوین، لە کاتی هەڵاتنیشمان بۆ چیای شنگال، کوڕێکم کە تەمەنی پازدە ساڵە، لە لایەن چەکدارانی داعشەوە بریندار کراوە و بە هۆی نەبوونی پزیشک و خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناوچەکە، کوڕەکەم گیانی لە دەست داوە".
"گۆزێل خالید"کە خاوەنی(٧)منداڵە ئاماژەی بەوەدا کە بە هێنانی ئاو لە مزگەوتەکان چێشت لێدەنێ و لە لایەکی دیکە بەرپرسیاریەتی منداڵەکانی ئەرکی ئەو زۆر قورستر کردووە".

## تراژیدیای (٤٥)
## دوو منداڵەکە لە نازی دایك و باوکیان دابڕاون

ئـەوەی لـەم راپۆرتـە ڤیدیۆییـەدا دەبینرێـت، بـە تـەواوی دیمەنـە تراژیدیـەکانی چیای شنگال روون دەکاتەوە.
راپۆرتەکــە لــە لایــەن ڕۆژنامەنووســێکی نەمســایی "میخایــل رایمــۆن" ئامــادەکراوە و لــە گــەڵ یــەکێك لــە فڕۆکــە ســەربازییەکان ســەرکەوتووە و قۆناغــەکانی هاوکــاریکردنی خێزانــە ئێزیدیــەکانی تۆمــار کــردووە و دەڵێــت: "دۆخی ئێزیدیەکان زۆر تراژیدییە لـە چیـای شـنگال و کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی پێویستە بێنـە دەنـگ و شـەرمنانە مامەڵـە نەکـەن، بۆ ئـەوەی ئـەم کۆمەڵکوژییە رابگرن".
"ڕایمــۆن"، جــگە لەوەی ڕۆژنامەنووســە، ئەنــدامی ئەنجــومەنی هەرێمــی بورگندلاندە لە نەمسا.
لـە ڤیدیۆکـەدا ئـەوە دەبینرێـت ئـەو کەسـانەی بـە هـەر هـەوڵێك بێـت خۆیـان دەگەیەننـە فڕۆکـە سـەربازییەکە، هەسـت دەکـەن لـە دۆزەخ دەرچـون و بـەرەو بەهەشت دەڕۆن، لەو چوارچێوەیەشدا چەندین خێزان لە یەکتری دابڕاون.
دوو منداڵ کە دایکیان هەوڵیداوە دەربازیان بکات، بەڵام کاتێك دوو منداڵەکـەی خستوەتە ناو فڕۆکەکەوە، فریا نەکەوتووە سەرکەوێت و دوو منداڵەکە لە نازی دایك و باوکیـان دابڕاون، واتـە دایك و باوکیـان لـە دۆزەخـی چیـای شـنگال بـە جێماون و منداڵەکانیان پێش خۆیان لە دۆزەخ دەرباز کرد.

## تراژیدیای (٤٦)
## چوار مانگ مانەوە لە ژێر دەستی داعش دەکات

ئەو ئێزدییانەی لە ناوەراستی مانگی یەکی ٢٠١٥ لە رێی کەرکووکەوە گەڕانەوە کوردستان، باری تەندروستییان جێگیر نییە و یەکێك لە ئازادبووەکان باسی دۆخی ژیانیان دەکات لەو ماوەیەی لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش بوون.

مەیسەر کەمال یەکێك لەو ئێزدییانەی گەڕاوەتەوە کوردستان وتی:" چوار مانگ لە لای داعش گیرابووین، هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکمان پێشکەش نەکراوە و بۆ یەکجاریش خۆمان نەشۆردووە".

هەروەها گوتی:" تووشی نەخۆشی پێست بووم و هەموو جەستەم ئازاری هەیە، ئەگەر لە نەخۆشخانە چارەسەری پێویستمان بۆ نەکرێ، زوو گیان لەدەست دەدەین و ئەگەری ئەوەش هەیە ببینە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی".

د.سەلمان جەمال لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارۆچکەی شێخان لەو بارەوە وتی:" دۆخی ئەو ئێزدییانەی لە ڕۆژانی رابردوو گەڕانەوە وجێگیر نییە و تووشی نەخۆشی دەروونی و نەخۆشی تر بوون، بە هۆی خۆنەشۆردنیش بەشێکیان تووشی نەخۆشی پێست بوون و گومانی ئەوە دەکرێت نەخۆشییەکەش بگوازرێتەوە".

ئاماژەی دا،" پشکنینی ورد بۆ هەموو کەسەکان کراوە و هەریەکێکیان تووشی نەخۆشی بووبێت، چارەسەری بۆ کراوە، ئەگەر پێویستیش بە نەخۆشخانە و دەرمانی زیاتربێ بۆ چارەسەری رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن، بەردەوامیش چاودێرییان دەکەین، تا چارەسەری هەموویان دەکەین هەموو لەو نەخۆشیانەی تووشی بووینە، هەم کێشە دەروونییەکانیش، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە دۆخێکی ئاسایی و دەست بە ژیان بکەنەوە".

## تراژیدیای (٤٧)
## ئێزیدییەکی رزگاربوو: داعش سێ نەوەی بردم و یەکێکیان خۆی کوشت

لە ناوەراستی مانگی یەکی ٢٠١٥ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو هەندێک هاوڵاتی بەتەمەنی ئێزیدیان رەوانەی بازگەی مەکتەب خالید لە کەرکوک کرد و و ئازادیان کردن.
ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، بڵاویکردەوە کە داعش ٣٧٥ پیرەژن و پیرەپیاوی ئازاد کردووە و ٢٠٠ یان گەیشتوونەتە پارێزگای دهۆك، رزگاربووەکانیش باسیان لە نەهامەتییەکانی کاتی دەستگیرکردنیان کردووە و زۆربەشیان تووشی نەخۆشی پێست و بەدخۆراکی بوون.
ڕۆژنامەکە پیرەژنێکی رزگاربووی دەستی داعشی بەناوی "خاتوو ئۆلو" دوواندووە کە تەمەنی ٧٠ ساڵە و رایگەیاندووە کە داعش کچ و ژن و منداڵ و گەنجەکانیان جیاکردووەتەوە و رەوانەی سوریای کردوون و تەنیا کەسانی بەتەمەنیان هێشتووەتەوە، ئاشکراشیکردووە کە ئەو رێکخراوە، هەردوو کچەکەی و منداڵەکانی بردووە.
پیرە پیاوێکی دیکەی تەمەن ٩٠ساڵی ئێزیدی بە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی راگەیاندووە کە داعش (٣) لە نەوەکانی لێ جیاکردووەتەوە کە هەرسێکیان کچ بوون، ئاشکراشیکرد کە یەکێکیان دەمارێکی خۆی بڕیووە و خۆی کوشتووە، دووانەکەی دیکەش داعش بردوونی بۆ سوریا.
سەرکردە ئێزیدییەکانیش بە ڕۆژنامەکەیان راگەیاندووە کە هۆکاری ئازادکردنی ئەو ژمارە پیرەژن و پیرەپیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە داعش توانای دارایی لاواز بووە و چیتر ناتوانێت لای خۆیان بیانهێڵێتەوە.

## تراژیدیای (٤٨)
## ئێزیدییە رزگاربووەکان چۆن چیرۆکی ڕۆژانی ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش دەگێڕنەوە؟

دوای ئەوەی ژمارەیەك خێزانی ئێزیدی کە زیاتر لە ۳۰۰ کەس دەبوون و زۆربەیان ژن و منداڵ و پیاوی بەساڵاچوو بوون. لە دەستی تیرۆریستانی داعش رزگار کران، دوای پشکنینی پزیشکی، لە پردێ-وە بەرەو پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك بەڕێکران.
ژمارەیەك لەو ئێزدیانەی ئازاد کراون، نەهامەتییەکانی خۆیان بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵ گێڕاوەتەوە، پەیامنێری ئەو ئاژانسە لە راپۆرتێکدا دیمەنەکانی هاتنەوەیانی باسکردووەو لە راپۆرتێکدا دەڵێت، ئەوان تا دوای تێپەڕبوونی ٢٤ سەعاتیش بەسەر ئازادکردنیاندا هێشتا باوەڕیان نەبوو لە هەرێمی کوردستانن.
پیاوێکی بەساڵاچوو دەیپرسی «ئێرە کوردستانە؟» هەروەك باوەڕی بەو ئازادییە نەبێت، ئەوان لەو ماوەیەی لای داعش دەستبەسەر بوون برسێتی زۆری بۆ هێنابوون بە جۆرێك ئەو خۆراکەی پێیان بوو زۆربەی دانەوێڵە بوو بۆ ئەوەی پێی بژین و لە برسێتی رزگار بن و زۆربەیان تەنانەت ئەوەشیان لا نەمابوو.

### خەمێکی تر
هەروەها لە نێو ئەو ئێزیدیانەی ئازاد کرابوون، چەند خێزانێك کە منداڵەکانیان دانیشتووی کەمپەکانی هەولێر بوون ئاگادار کرابوونەوە کە بە هانای باوك و دایك و منداڵەکانیانەوە بێن، ئەوان هاتن بەڵام دیسانەوە روخساریان خەمی پێوە بوو، چونکە هێشتا زۆر کەسی تریان لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدا دیلە. دیارە هەندێ کەسیش هەبوون کە هەتا ئەو ماوەیەی رەوانەی دهۆك کران چاوەڕێ بوون کەسێکیان بە هانایانەوە بێت.

### چەندین کەسی تر ماون
دەخیل سەعید نزیکەی ٤٨ کەس لە خێزانەکەی کەوتۆتە دەست داعش، ئەو وتویەتی:"کوڕێکم تەمەنی نۆ ساڵە و لەگەڵ دایك و خوشکێك و هەروەها دوو کچی مامم رزگار بوون. ئێمە سوپاسی خودا دەکەین، بەڵام برینەکانی ئێمە قوڵن تەنها بە ئازادکردنی ئەو ئێزیدیانە سارێژ نابن، بە هەزاران ئێزیدی لەو بارودۆخەدا کوژراون".

هەروا سەمیر کوڕی دخیل کە لەدەست داعش رزگاری بووە دەڵێت:"هەرچەندە من خۆشحاڵ بووم بە بینینی باوکم، بەڵام دیسانەوە لە دڵەوە خەمبارم، چونکە چەندین کەسی دیکەی ئێمە هێشتا لە دەست داعش و چارەنووسیان نادیارە".
خەلەف خدر یەکێکی ترە لەو کەسانەی لەگەڵ خێزانەکەی ماوەیەك لە لای داعش دیل بووە، کوڕەکەی لە هەڵاتنی شنگال رزگار بووە و بۆ پێشوازی باوك و دایکی هاتبوو، ناوبراو باسی چیرۆکی خۆی کردووە و وتویەتی:"داعش کە هێرشی کرد، ئێمە نەمانتوانی دەرباز بین و لە ماڵی خۆمان ماینەوە، پاش چەند سەعاتێك دەرگای ماڵی ئێمەیان شکاندو هاتنەوە ژوورەوە، وتیان لە ماڵ دەرنەچن، نزیکەی یەك مانگ ئێمە لە ماڵ نەهاتینە دەرەوە، بۆ جاری دووەم هاتنە سەر ماڵەکەمان پارە و زێڕ و چەکیان ویست و رۆشتن، بۆ جاری سێیەم کە هاتنەوە کەسێکیان لای ئێمە سەر بڕی و وتیان ئێوە بۆ شوێنێکی تر دەبەین".
ئەو کوردە ئێزیدییە باسی ئەو شوێنەی کردووە کە بردونیان و دەڵێت:"ئەو شوێنە نوێیەی ئێمەیان گواستەوە بە چاوی خۆمان بینیمان ١٢ کەسیان سەر بڕی. ئەوەی ئێمە بینیمان مردن بوو، بە منیان وت سەرت دەبڕین، منیش وەڵامم دایەوە کە ئێمە هەموومان مرۆڤین، من بە تەمەن و باساڵاچووم نەمکوژن، دوایی نەکوژرام".

### هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە

یەکێکی تر لەو دیمەنانەی پەیامنێرەکە بینیویەتی ئەوەیە، گەنجێکی تەمەن ٢٧ ساڵ بە ناوی ناجی دەستی خوشکە کەمئەندامەکەی بە گریانەوە ماچ کردووە کە لەگەڵ دایك و باوکە پیرەکەی زیاتر لە شەش مانگ بوو لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدا بوون.
دایکی ناجی تەمەنی ٧٣ ساڵ لە بارەی هەڵسوکەوتی داعشەوە وتویەتی:"کردارەکانیان زۆر نامرۆڤانە بوو بە برسێتی و تینوویەتی و لە ژێر ترس و تۆقاندنی ئەواندا بووین، ئێستاش من زۆر سوپاسی ئەو هێزە دەکەم کە هێزی ئاسایشی کوردستانن. من لێرە دانیشتووم لەگەڵ ناجی کوڕم، ئەوان پاسەوانی ئێمە دەکەن، تا ئێستاش بڕوا ناکەم ئازاد کراوم، ئێستاش وا هەست دەکەم لە ناکاو دڕندەکانی داعش دێن و لێمان دەدەن و ئیهانەمان دەکەن، من زۆر دەترسم، چونکە زۆر ترساوم".

**لە ژیان بێزار بوون**

هەروەها بەرەکات ملکۆی تەمەن ٦٥ ساڵ بە ڕیشێکی سپییەوە ئازادکراوێکی دەستی داعشە، ئەویش لە بارودۆخی ژیانیان لەو شەش مانگە بێزار بوو، نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمەی گێڕاوەتەوە و وتویەتی:"بەردەوام بیرمان لەوە دەکردەوە کەی گوللەباران دەکرێین، لەگەڵ بینینی هەر تیرۆریستێکدا دوا خولەکی ژیانی خۆمان هەست پێ دەکرد".

کۆچەر سیما عەمی، رزگاربوویەکی ترە و دەڵێت:"سەرەتا ئێمەیان بەرەو موسڵ برد، دواتر رەوانەی تەلەعفەر کراین و پاشانیش بۆ چەند گوند و قەزایەکی ناحیەکە نێردراین. لەو شوێنەوە دیسان ئێمەیان گواستەوە و بەرەو حەویجەیان هێناین و پاش چەند ڕۆژێك مانەوەمان لە حەویجە ئێمەیان هێنایە ئەو سنوورە کە لێوەی هاتینە ناو شاری کەرکوك".

کۆچەر دەڵێت:"کاتێك ئێمەیان هێنایە ئەم سنوورە و چاوم بە ئاڵای کوردستان کەوت، زۆر ترسام، وتم رەنگە لەبەر چاوی پێشمەرگە گوللەبارانمان بکەن و یان لە پشت ئێمەوە هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە، کاتێکیش وتیان بڕۆن هەر دەترسام لە پشتەوە گوللەبارانمان بکەن، نازانم چۆن رزگارمان بوو".

ئێزیدییە رزگاربووەکان شوێنەواری دەروونی خراپی ئەو ڕۆژانەی دەستبەسەر بوون، بەسەر رووخساری هەموویانەوە دیارە، پێشیان وایە ئەستەمە ئەو ڕۆژانە لەبیر بکەن، تەنها دڵخۆشییەکی ئەوان بۆ کەسوکاریان ئەوە بوو کە جارێکی تر بە دیداریان شاد بوونەوە.

## تراژیدیای (٤٩)
## مهدی تەمەن ٩ ساڵان و بەسەرهاتەکانی چیای شنگال

پێش دووساڵ خۆی فێری ئامێری تەمبوور کردبوو، تاکو بتوانێ ئاوازی خۆشی و شادی و هەڵپەرکێ بژەنێت، بەڵام رووداوەکانی شنگال ئاوازەکانی گۆرین برسی و ترس و ناخۆشیەکانی چیای شنگال بووە هەوێنی هەندێك رستە لەگەڵ ئامێرێکی تەمبوور کە دیمەن و دەنگی نیشانەی ئاوارەیی و دەربەدەرین، ئەو تەمەنی تەنها (٨) هەشت ساڵە و کۆمەڵێك منداڵ لە دەوری کۆببوونەوە لە یەکێك لە کەمپەکانی ئاوارەکانی کوردی ئێزیدی، ئەو منداڵێکە و بەڵام ژەنینی ئامێرێکە و دەنگە پڕ حەسرەتەکەی و ئەو شت و وشانەی کە باسی دەکردن، نەك تەنها منداڵانی دەوروبەری بەڵکو هەرکەسێ گوێبیستی بووایە دەکەوتە گریان و خۆی پێ رانەدەگیرا، ئەو منداڵە بەم تەمەنە بەم ژەنینە ئەم وشانەی دەگوت:

من رەزیلیم بینی
من ناخۆشیم بینی
من ئاگری غەریبیم بینی
من هەڵهاتن بۆ چیام بینی
بێ ئاو و نان و بێ خۆراکیم بینی

دواتر دەستی لە لێدانی ئامێرەکە هەڵگرتوو و وتی:"زۆر دەردە سەریمان لە چیا بینی و ئێستا لێرە لەگەڵ ئەم هاورێیانەم دەردە دڵمان دادەرێژین و بە خەڵك و جیهان ئەڵێین ئێمە زوڵممان لێ کراوە".

ئەم منداڵە هەرچەند تەمەن و قەد و باڵای بچوك بوو، منداڵانی تەمەنی ئەو شەرم دەکەن لە بەردەم کامێرا قسە بکەن، بەڵام ئەو بە ژەنینی ئامێرەکە و رستە سەرنج راکێشەکانی و قسە پڕ لە واتاکانی پەیامێکی گەورەی پێ بوو، دووبارە دەستی بە ژەنینی ئامێرەکە کردەوە چەند لاوك و پەیامی بە دەنگە خۆشەکەیەوە دەگوت و وتی:

شنگالی منی دەلال
لە دەستم چوو
کەوتە دەست ئەو داعشانە
فەرمانی (٧٤)ە بە سەری ئێزیدیانە

دەسـپێکی فێربـوون و شـارەزابوونی "مهـدی" بەم ئـامێرە، بـاپیر و مـامێکی هاوکـار و یـارمەتی دەربـوونە، لە کەلاوەیەکـدا ؛مهـدی؛ گـۆرانی خەمنـاك دەژەنێت و ئەم جارەیان وتی:

خانوەکانی پێشومان
هەمووی وێران و خاپور کران
ئێستاش لەم کەلاوەیە
لە نێو خاشاك و مشك و مار داین

لە ناو کەلاوەی باڵەخانەکەدا "مهدی" خەمی خۆی و خانەوادە و ئاوارەکانی تری ئەم کەلاوەی خەڵکـی ئێزیدی بە ڕێگای دەنگی خۆی ژەنینـی ئـامێرەکە پەیڤەکـان دەکـاتە رسـتە و دواتـر بە ئـاوازێکەوە دەڵێـت جـار جـار خـانەوادەی خۆیـان لەگەڵ دەنگـی "مهـدی" (٩) سـاڵان لە یـاد دەکەن و جـار جـاریش برینەکانیـان دەکـولێنێتەوە، تراژیدیاکانی شنگال و چیای شنگالیان دێتەوە یاد.

مامی"مهدی" دەڵێت:"مهدی لە قوتابخـانە پۆلی سـێ بـوو زۆر حەزی لە گۆرانی و ژەنینـی ئەو ئـامێرەیە، پـاش ئەوەی لە چیـای شـنگال چەنـدین غەریبـی و نەبـوونی و نەداری بینـی، لێرە لەم ئـاوارەییە داوای کـرد ئـامێرێکی وەك تەمبوری بـۆ دروسـت بکەین".

نەك بەس خـانەوادەی "مهـدی" بەڵکـو ئاوارەکـانی تـریش بەم شـێوەیە بە دەوری "مهدی" کۆدەبنەوە، ئەویش بەم ئامێرە هەوڵ دەدات برینەکانی سارێژ بکات.

یەکێك لە کچە منداڵەکانی هاوتەمەنی فرمێسکەکانی پێـی رانەدەگیرا و بە بەردەوامـی فرمێسـك لە چـاوانی دەهـاتە خـوار، ئەم دیمەنـەی ئەم منـداڵانە زۆر جەرگ هەژێـن بوو، ئایا ئەم منداڵانە لەم تەمەنە کە هیچ لە شـەڕ و ئـاینی بیرو بـاوەڕ نـازانن، ئەوان گەورەترین قوربانین ئەوان لە جیاتی گەمەکردن و کات بەسەربردن لە پارك و شارە یارییەکان لە کەلاوەیەکدا بەم حەسرەت و گریانەوە کات بەسەر دەبەن، دیسان وتـی:

دایکان و منداڵان فرمێسك لە چاو دەبارێ
ئەوان ڕێگای چیایان گرتەبەر
حەیف بۆ منداڵی پاك و بێگەرد
بوون بە قوربانی ئەم تاوانانە

سەرەڕای ئەم هەموو دەردەسەرییە "مهدی" بـێ ئومێد نەبووە، دەڵێت:"من دەمەوێ بچمەوە شـنگال و بچمە قوتابخـانەکەم و وەك جـاران لەگەڵ هاورێیـانم کـات بەسـەر بەرم".

"مهـدی"و ئـامێرە دەسـتکردەکەی کە بە (تەمبـور) نـاوی دەبـات، بە بـێ نووسـین و تۆمارکردن دیمەنی خەمناك و بەسەرهاتەکانی چیای شنگال دەگێڕێتەوە.

## تراژیدیای (٥٠)
## کوردی ئێزیدی و کریستیانەکان سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شنگال و دەوروبەری بە گەڕانەوەی خاك و کەڕامەت دادەنێن

دوای ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هێزی پێشمەرگە توانی گەمارۆی سەر چیای شنگال بشکێنێت و رەبیعە و زومار و سنوونێ و بەشی هەرە زۆری شاری شنگال لەدەست داعش رزگار کرا؛ کوردی ئێزیدی بە ڕێزەوە دەڕواننە ئەو سەرکەوتنانە و پێیان وایە ئەو دەستکەوتانەی لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە بەدیهات جوانترین، دیاری بوو کە لە ڕۆژانی جەژنی ئێزیدی لە لایەن سەرۆك بارزانی یەوە پێشکەشیان کرا، هەر بۆیە ئێزیدییەکان سوپاسگوزاری خۆیان ئاڕاستەی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە کرد. کریستیانەکانیش هاوشێوەی ئێزیدییەکان دوای ئەوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ستراتیژییەتی شەڕەکەی گۆڕی، چاوەڕوانن لە جەژنی کریسمس و هاتنی یادەکانی سەری ساڵی نوێ ناوچەکانی ئەوانیش لە دەشتی نەینەوا رزگاری بێت، ئەوان لە کەنیسەکان دوعا و نزا دەکەن و لە خودا دەپاڕێنەوە سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی کوردستان بپارێزێت و خودا سەبووری بە کەسوکاری شەهیدانیش بدات.

زەینۆ ئیسماعیل ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ساڵی خەڵکی شنگالە کە بە هۆی هێرشەکانی داعش و قەتلوعامکردنی شنگالیەکان رووی لە شێخان کردووە و لە ناو بینایەکی تەواو نەکراودا، خۆی و خێزانەکەی نیشتەجێن بەمشێوەیە باسی لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە کرد (سەرکەوتنی پێشمەرگە بۆ ئێمە گەڕانەوەی کەرامەت و مافی ئێزیدییەکان و سزادانی ئەو تاوانبارانەیە کە کچ و ئافرەتەکانیان ڕفاندووین، ئێمە بە رزگارکردنی شنگال و سنوونێ زۆر دڵخۆشین هەرچەندە بە هۆی شەهیدبوونی پێشمەرگەوە نەمانتوانی شایی و جەژن بکەین، بەڵام لە ناخماندا بە هۆی ڕزگارکردنی ناوچەکانمانەوە، جەژنەکەمان بوو بە دوو جەژن)هەروەها سەبارەت بە قوربانیەکانی پێشمەرگە و هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بۆ رزگارکردنی تەواوی ناوچەکانی ئێزیدی خەلەف خێرۆ وتی (پاش دوو ڕۆژ لە رزگارکردنی شنگال خۆم پێ رانەگیرا و چوومە چیای شنگال و مەزاری شەرەفەدین، لە نزیکەوە قارەمانێتی پێشمەرگەکانی کوردستانم بینی دەستی یەکە یەکەیان ماچ دەکەم، چوونی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ چیای شنگال و رزگارکردنی زیاتر لە ١١ هەزار هاووڵاتی ئێزیدی مانایەکی زۆر گەورەی لەلای ئێمەی ئێزیدی

هەیە) ئەم هـــاووڵاتییە داوای لە ســـەرۆك بـــارزانی كـــرد بە هاوشـــێوەی نەبەردیەكانی ئازادكردنی دەڤەری شنگال، بەڕێزیان داوا لەو شێخە عەرەبانە بكـات كە خەڵكەكانیـان دەستیان لە قەتڵوعـامكردنی كـوردی ئێزیـدی هەبـووە تـاوەكو بێسەروشـوێنەكانیان بـۆ بگەڕێنـنەوە، سـەبارەت بەقەتڵوعـامكردنی ئێزیـدی و فڕانـدنی كچەكانیـان، كرێـت بـادۆ كە پیـاوێكی كـوردی ئێزیـدی بە تەمەنە، بە دەنگێكـــی بەرزەوە هـــاواری كـــرد و وتـــی:(ئێمە هەمووەمـــان پێشـمەرگەین و بە رزگـاركردنی شـنگال كەرامەتمـان بـۆ گەڕایەوە و داوا لە جەنـــابی بـــارزانی دەكەم لە فڕانـــدنی كـــچ و ژنە كـــوردە ئێزیـــدییەكان و دەســتدرێژیكردنە ســـەر نامووســمان خـــۆش نەبێـت و ئەوانەی دەســتیان لەم قەتڵوعـامەدا هەبـووە سـزا بـدرێن) ئەم هـاووڵاتیە ئێزیـدییە ئەو زانیاریـانەی پشتڕاسـت كـردەوە كە بـاس لە فڕانـدنی ژمـارەیەكی زۆری كـچ و ئافرەتـانی ئێزیدی دەكات لە لایەن چەكدارە توندڕەوە ئیسلامیەكانی عەرەبی سونەوە، لەم رووەوە وتـی:( پـێش ئەوەی لە شـنگال لەسـەر دەسـتی پێشـمەرگە قارەمانەكـان داعــش بشــكێت، ژمـــارەیەكی زۆری كـــچ و ئـــافرەت و منـــداڵی ئێزیـــدی گواسـتراونەتەوە نـاو شـاری موسـڵ و ناحیەكـانی تەلەعـفەر و شـاری رەقەی سوریا، لە نزیكەوە هەواڵمـان بەدەست گەیشتووە كە مـامەڵەی زۆر خـراپ و نامرۆڤانەیان لەگەڵ دەكرێت، ئەوە ئەركی هۆزە عەرەبە سوننەكانە، كە كچ و ژن و منداڵە دیلەكانمان بۆ بگەڕێننەوە).

بەمشێوەیە ژمـارەیەكی زۆری كـوردی ئێزیـدی داوایـان لە سـەرۆك بـارزانی كرد، هەروەكو چۆن شكاندنی داعشی لە دەڤەری شـنگال بە دیـاری بـۆ هێنـان، هەرواش داوا لە هۆزە عەرەبەكان بكات دیلەكانیان لەلای داعش ئازاد بكەن، هەروەهـا ئیسـماعیل سلێمان و فەرمـان حوسێن كە خەڵكـی گونـدی ئەلقەسفنە ئومێدیان خواست گوندەكەیانیش بە هاوشێوەی ناوچەكانی تر رزگار بكرێت و هێزی پێشمەرگە لەو سنوورە دابنرێت.

لە میـانەی بەسـەركردنەوەكەماندا لە شـێخان و نـاحیەی عەنكـاوە سـەردانی كریستیانەكانمان كـرد، كە دوای داگیركردنـی شـاری موسـڵ و ناوچەكانیـان لە دەشتی نەینەوا روویان لە هەرێمی كوردستان كـردووە و ژمـارەیەكی زۆریـان لە نــاحیەی شـێخان و عەنكـاوە نیشـتەجێ بـوون، ئەوان وێـڕای دڵخۆشـییان بەســەركەوتنەكانی پێشـمەرگە لە خـودا دەپـاڕێنەوە ئەو سـەركەوتنانە پیـرۆز بكـات و لە جەژنـی لەدایكبـوونی حەزرەتـی مەسـیح و كریسمس و یادەكـانی سـەری سـاڵی نوێدا، نـوێژ و دوعاشیان بۆ شـەهیدان و قوربانیەكـان كـرد، لەم رووەوە خاتوو لەیلا كە كریستیانێكی خەڵكی موسڵە وتی( ئێمە زۆر دڵخۆشین

بە تێکشکاندنی ئەو درندانە، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ئومێدکی بەخشییە تەواوی پێکهاتەی کریستیانەکان دوای ئەوەی جگە لە کوردستان لە تەواوی شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا لە لایەن گرووپە توندڕەوە تەکفیریەکانەوە دەربەدەر کراین) جۆرج وەردەش پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی کرد و هیوای خواست مەینەتیەکانی کریستیانەکان و تەواوی ئایین و ئاینزاکانی عێراق کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەو کریستیانە پاراستنی کریستیانەکانی لەلایەن سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەوە بە شانازییەکی گەورە وەسف کرد. ژمارەیەکی زۆری کریستیانەکانی ناو بینایەکی تەواونەکراو لە بەرامبەر کەنیسەی عەنکاوە کە بە گرنگیەوە دەیانڕوانیە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و لە دەستپێکی قسەکانیان داوایان لە ڤاتیکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سوپای عێراق کرد، هاوکاری پێشمەرگە بکەن تاوەکو بتوانێت بە هاوشێوەی شنگال ناحیەکانی باشیك و قەرەقوش و تەلکێف و شاری موسڵ رزگار بکەن.

**سەرچاوەکانی بەشی دووەم**

(١) ئاژانس و رادیۆی پەیامنێر
(٢) ماڵپەری خەندان
(٣) ئامادەکردنی داود مراد ختاری وەرگێڕان و داڕشتنەوەی: تەها سلێمان، سایتی جینۆسایدی کورد
(٤) سایتی وار، قەیسەر حسن
(٥) ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، بارزان مزیری
(٦) تۆری میدیایی رووداو، ناسر عەلی
(٧) سوودم لەم دوو سەرچاوانە بینیووە
- ماڵپەری فرات نیوز
- سایتی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، هەرهین محمد
(٨) ماڵپەری باسنیوز.
(٩) تۆری میدیایی رووداو، سالە کوردە
(١٠) وەرگێران و دارشتنەی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، ئا: داود موراد خەتاری، سەرچاوە، بەحزانی نیت.
(١١) تۆری میدیایی رووداو، زنار ئالا
(١٢) جینۆسایدی ئێزدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێران و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری.
(١٣) گرتەیەکی ڤیدیوویی، دارشتنەوەی : ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(١٤) تۆری میدیایی رووداو ، شادیە رەسول
(١٥) تۆری میدیایی رووداو، ئەیوب نسری
(١٦) سوودم وەرگرتووە لە هەر دوو سەرچاوە:
- سایتی وار
- ماڵپەری دەنگی ئەمریکا
(١٧) گرتەیەکی ڤیدیوویی، دارشتنەوەی : ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(١٨) سایتی وار، هەرمان باعەدری
(١٩) تۆری میدیایی رووداو، حامد سلێڤانەیی
(٢٠) تۆری میدیایی رووداو.
(٢١) ماڵپەری ئاوێنە، سەلام خالید بەشداری کردوە لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هەروەها بە پشتیوانی تۆری ڕۆژنامەوانی (الإستقصائی) عێراقی (نیریج) ئامادە کراوە، ڕاپۆرتی: سامان نوح
(٢٢) ئا: داود مراد خەتاری، و: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، ماڵپەری بحزانی نێت
(٢٣) ئا: داود مراد خەتاری، و: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، ماڵپەری بحزانی نێت
(٢٤) ئا: تەها سلێمان، ماڵپەری جینۆسایدی کورد
(٢٥) ئا: تەها سلێمان، ماڵپەری جینۆسایدی کورد
(٢٦) ئا: تەها سلێمان، ماڵپەری جینۆسایدی کورد
(٢٧) تۆری میدیایی رووداو، روژان ئەبوبکر
(٢٨) گرتەیەکی ڤیدیوویی، خیرو علی حکو، دارشتنەوەی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

(٢٩) گرتەیەکی ڤیدیوویی، خیرو علی حکو، دارشتنەوەی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(٣٠) گرتەیەکی ڤیدیوویی، خیرو علی حکو، دارشتنەوەی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(٣١) ماڵپەری رادیوی نەوا
(٣٢) گرتەیەکی ڤیدیوویی، خیرو علی حکو، دارشتنەوەی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(٣٣) گرتەیەکی ڤیدیوویی، خیرو علی حکو، دارشتنەوەی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(٣٤) سایتی گۆڤاری گوڵان
(٣٥) ئا: داود مراد خەتاری،و: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، سەرچاوە ماڵپەری بحزانی نێت
(٣٦) سایتی (ونلتقی) خزر دوملی، و: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(٣٧) لە چەندین سایت و ماڵپەر وەک هەواڵ بڵاوکرایەوە
(٣٨) سایتی گوڤاری گوڵان
(٣٩) ئا:داود موراد خەتاری، و: تەها سلێمان، سەرچاوە بحزانی نێت و جینۆسایدی کورد.
(٤٠) تۆری میدیایی رووداو
(٤١) ماڵپەری ئاوێنەنیوز
(٤٢) ماڵپەری خەندان و سایتی ئاوینە نیوز
(٤٣) سایتی ئاوێنەنیوز
(٤٤) ئاژانسی ئانادۆڵ
(٤٥) گرتەیەکی ڤیدیویی، دارشتنەوەی: رێبوار رەمەزان بارزانی
(٤٦) ماڵپەری وشە، ماکوان عیزەت
(٤٧) ماڵپەری خەندان
(٤٨) سایتی کوردستانی نوێ
(٤٩) تۆری میدیایی رووداو، ئەیوب نسری
(٥٠) سایتی گۆڤاری گوڵان

# تراژیدیای جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە چاوی وێنەکاندا

**بیری ئەفلام کارتۆنی "تۆم و جیری" دەکەم**



**منداڵانی جیهان بە هانامانەوە وەرن**



**ئێمەی منداڵ گوناحمان چی بوو؟!!**

## من تینوومە و ئاوم دەوێ



## بیری هاورێکانم دەکەم



## کوا دایکم؟!

## کوردانی ئێزیدی و جینۆسایدی سەدەی بیست و یەکەم



تەنیا ئەمانەوێ بژین و هیچی تر نا



لاشەمان بە هۆی تیشکی خۆرەوە سوتاوە

**بۆنی لاشە بێ خاوەنەکان دەهات**



**لاشە لە سەر لاشە کەوتبوو**



**منداڵە بچوکەکان بە دوای دایکیان ڕایان دەکرد و دەگریان**

## کوا باوکمان؟



مندالّەکان قوربانی دەستی کردەوە تیرۆرستییەکانی داعش



ئەوانەی دەمردن دەمان خستنە ژێر تاشە بەردەکان

**لە ڕێی خوا کەسێك یارمەتیمان بدات**



**بە جەستە زیندووین بەڵام و دڵ دەرونمان شکاوە**



**خۆشیمان بۆ بگەڕێننەوە**

## هەندێك ڕۆژ هیچمان نەبوو بیخۆین



## له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان



## كوا هاوسەر و هەرسێ منداڵەكانم

**دەنگی تەقە لە دوورەوە هات و ئیتر نەگەڕانەوە**



**لە چاوەڕوانی هاوسەرەکەمدام**



**بەو پیرییە بە هۆی ترسی ئەو دڕندانە ڕێگای چیامان گرتە بەر**

# چارەنووسی خوێندنم



سالّی ئاینده له کوێ دەخوێنم؟!




زۆر برسیمان بوو

**هەرگیز تاوان و دڕندەیی وامان نەبینیووە**



**لاشەکانیان بوون بە خۆراکی سەگە هارو برسیەکانی سەر شەقام**



**کۆمەڵێك دز و جەردەن لە ژێر پەردەی ئاینی ئیسلام ئەم کارانە دەکەن**

**منداڵێکی ئاوارە دوای گەیشتنی بۆ سەر پردەکە بە گرنژینەوە وتی:"من (٤) گڵاس ئاوم خواردەوە".**



**پیاوی مردوو، لە ناو گۆمی ئاو فڕێ درابوون**



**پیاوەکانیان سەربڕی و ژن و منداڵەکانیش رفێندران**

**بوکەکەم بە سێ کچەوە دەستگیر کراوە و رفێندراوە**



**کچ و ژنەکانمان لە بازاری تایبەتدا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت**



**لە پێش چاوم هاوسەر و باوك و براکانم ڕەمی کران**

**خۆزگە لە پایسکل سواردەبوومەوە**



**من دەمەوێ یاری بکەم بەڵام شوێنمان نیە**



**هەڵاتن لە ترسی مەرگێکی ڕاستەقینە**

**شیرمان نەبوو بیدەینە منداڵەکانمان**



**ئەوان بێ هەست و سۆزن، ئافرەتان دەکەن بە کۆیلە**



**پیاوە ڕیش درێژ و جل و بەرگ ڕەشەکان هاتن**

## کوا ژیانمان؟



**هەموو شتێکمان لەدەستدا**



**بەرەو ژیان، بەڵام چ ژیانێک؟!**

**پێڵاو و جل و بەرگمان نەبوو**



**دەمویست ڕابکەم بەڵام پیلاوەکانم دڕا بوون**





**بە پێخواسی ڕێگامان گرتەبەر**



نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)

## نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).
•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.

•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزگاربوانی پڕۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: ڕێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- ریکەوتی لە دایکبوون:** ١٩٨٢/٧/٢٤

**٣- شوێنی لە دایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە :** بەکالۆریۆس

**٥- دەرچووی:** کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا :**

- **بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).**
- **سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)**
- **نووسەر**
- **توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).**

٧- **باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەل خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

٨- **موبایل: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١**

٩- **بواری داهێنان و پسپۆری و کارە خۆبەخشییەکان:**

- **شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.**
- **خاوەن ( ١٦ ) شازدە کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٩) نۆ کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بلاّوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.**
- **دوو کتێب لەم شازدە کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان) دەخوێندرێت.**
- **خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەلگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین ولاّتی تر نووسراون.**
- **خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.**
- **خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مروڤایەتیەکان.**

- سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە داگادی باڵای تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و رێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحاڵ مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی( دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم

هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هوڵانەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی ڕۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.

- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) کە پێکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پرۆژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەڵایەتی.
- وەك بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

بە دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و ڕێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).

- هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایـەکانی کوردسـتان و رێکخـراو و سـەنتەرەکان و هاوڵاتیـان و کەسـوکاری قوربانیـان ئەنجامـداوە بـە تایبـەت لـە یـاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لـە چـەندین پێشانگای جوراو و جـوری تایبـەت بـەم بـوارە. هـەروەها بـۆ چـەندین رێکخـراو کـارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.

## پەرتووکە چاپکراوەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروبەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆڕەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چرو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە

خودەگرێت، باكگراوندێكی سیاسی و كەلتوری و كۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.
لە هەمانكاتدا توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێكی ڕاپرسی لە نێو كەسوكاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالكراوەكان كە (١٠٠) كەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشكۆی ئەم كتێبەش كۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ كراون.

## كتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەكان، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠١٠
توێژینەوەیەكی تیۆری و پراكتیكی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێكهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆكی ئەم كتێبە/ توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە نێو كەسوكاری بارزانیە جینۆسایدكراوەكان لە سەرانسەری كوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەكان لێی جینۆسایدكراون و بەجێماوی بارزانیەكان تیایدا نیشتەجێن، كە (١٢٥) كەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر كەسوكاریان بە شێوەیەكی ئەكادیمی كراوە، ڕەهەندە كۆمەڵایەتی و دەروونیەكانیان نیشاندراون، كۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم كتێبەدا چۆنیەتی دەستگیركردن و قۆناغەكانی ئەنفالكردنی گەلی كورد لە كوردە فەیلیەكان و بارزانییەكان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و كیمیاباران و ... هتد روونكراونەتەوە، قۆناغەكانی جینۆسایدكرنی بارزانییەكان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، كۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێكی پێشەكی ئەم كتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی كۆمەڵكوژكران هەموویان خەڵكی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حكومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو كارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەكانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریكی كرێكاری و كاركردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
هەروەها بەشێكە لە نامەی بەكالۆریۆس پێشكەش بە زانكۆی سەلاحەددین كۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی كۆمەڵناسی كراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حكیم...

## كتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدكردنی بارزانیەكان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێككەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەكی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردكاری و دیكۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێكهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆكی ئەم كتێبە/ توێژینەوەیەكی مێژوویی دیكۆمێنتاری بەراوردكارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەكان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەكان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانكردن و ڕاگواستن و بۆردوومانكردن و جینۆسایدكردنی بارزانیەكان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم كارەساتانەی بەسەر بارزانیەكاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردكراون لە گەڵ ئەم ڕێكەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاكو كۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاكانی سەدەی بیستەم، كە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەكان داڕێژراون. جگە لەمانەش كۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەكان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ كراون...

لە بەشێكی یەكێك لە پێشەكییەكانی ئەم كتێبەدا هاتووە:

بۆردوومانكردن، سوتاندن، بەمینكردن، لەناوبردن، كۆشتنی بە كۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدكردن، كیمیاباران، وێرانكردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حكوومەتە یەك لە دوا یەكەكانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەكان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەكرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیكردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵكردن و بە كۆمەڵ كوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان كەڕ و لاڵ و كوێر و كەم ئەقل و پیر و نەخۆش و كەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سكپڕ ...هتد، بوو.

## كتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١

توێژینەوەیەكی مێژوویی و دیكۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێكهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆكی ئەم كتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەكات واتە شۆڕشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەكان و ئەفسەرە كوردەكان لە دامەزراندنی كۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم كۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالكریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیكۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر كراوە لە دووتوی ئەم كتێبەدا...

لە بەشێكی پێشەكی ئەم كتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەیەدا كەسایەتی و ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەكەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیكی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتكردنیان لە بوارەكانی تری ژیاندا باسكراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەكانی جەنگدا، كە چون بە پێنوسەكەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەكەی كردووە، خەیروڵڵا عەبدولكەریم، خۆشی و

ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەداریکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتۆگۆیەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خودای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبدالله) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش

هاوکاتە بە ساڵرۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرینەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدۆستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.
جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میوانانداین بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.
ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.
جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەڕە پێکهاتووە
ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەرەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەرێن...
ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی وڵاتانی دراوسێ نێژروان..

ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمرۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و وڵات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.
هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حاڵەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتوی دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خۆێن مژینی خەڵکی بێ گۆناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەورووپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:

١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.

٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.

٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.

٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ

ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کرین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی رفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی رزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.

ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.
رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئیزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە راکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قیزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ
ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێیکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ درندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی

بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

## کتێبی دووازدەهەم

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧
توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.
ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەڵغان تا دوا دڵۆپی خوێن مەردانە دژ بە دوژمن جەنگان.
دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.
ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و بەربەردەوامی هاوڵاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پێشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆزەخانەیماڵەوەم)، کە لە ماڵەکەمدا لە کتێخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.
کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.
ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەمووومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خوێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨

توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکوژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و داروودەستەکەی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کلێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری روویدا، رزگاربوان لە زاری خویانەوە چێرۆکەکانیان گێراوەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ

رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەوروبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تاڵاندەکرێن. ئەو جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی

دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.

لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەوروپا، ئەمرۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.

چەتەکانی داعش، ئێستاش بەڕێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەوەنە، ئاسووری- سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی

**ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.**


ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی
سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان
بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
٢٠٠٩
خانەوادەکەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ لە بناری چیای شیرین گوندی بازێ سەر بەدەڤەری بارزان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق.
باوکی لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینوسایدکراوە، ئەوکات تەمەنی توێژەر کەمتر لە ساڵێک بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئۆردوگای زۆرەملێی قودس (قوشتەپە) لە دایکبووە تەمەنی منداڵی بێ باوک وەک کوره تاقانەی ماڵەوە بەسەر بردووە، تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەرۆژە سەختەکانی ژیان بەردەوام بووە لەخوێندن، لە زانکۆی سەلاحەددین – کۆلیژی ئەدەبیات – بەشی کۆمەڵناسی بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بەدەست هێناوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان. ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی تری لە ژێر چاپە سەبارەت بە جینوسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا.
بەرهەمێکی تری دەستنووسی لە ژێر دەستدایە بەناوی(ونبوونی یادگارییەکان لە بیاباندا).


-Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya
(quds-quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê sallêda bûye rîveberê
rêveberayetîya karubarê şehîdan û
enfalkiryêt barzan
-Rehendên civakîyên sîyaseta
veguhastina barzanîyan bo başûrê êraqê
li serdemê be'syan da yêke ji berhemên bilavkiryêt wî.
Barova jinavbirina barzanîyan
Vekolîneka tîyorî û piraktîkî û dîrokî û sosyolojîye
Rêbwar remezan ebdulla
2010 Çapa Yêkê
باروڤی لە ناوبردنی بارزانییەکان
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
چاپی یەکەم
2010


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Rêbwar remezan ebdulla
چاپی یەکەم
Çapa yêkê


لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار نەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
هەولێر – ٢٠١١



شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
رێبوار رەمەزان عەبدوڵڵا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، تەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆرستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاگواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گوللە و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخۆد قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەڵکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بە تێکەڵاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو؟!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر دوشەکێك و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، کەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بڵێن ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتە نین.
دایك هەیە بووەتە دووگیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە، هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی؟
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆڵەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون!!
ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێوبانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەڵێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە
یاخۆد نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -




شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
رێبوار رەمەزان عەبدوڵڵا
2013
بەرگی دووەم
چاپی یەکەم
Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha
zoremilêya (Quds-Quştepe)
li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê
rêveberayetîya karubarên
şehîdan û enfalkiryêt barzan
2


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعيه للبارزانيين
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
2015
چاپی یەکەم
III
3


جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی بارزانیەکان
جینۆسایدی باوکان
2016
چاپی یەکەم
2016


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
كتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
15


ن
رێبوار رەمەزان بارزانی
2018

.